بسم اللـــــــــه الرحمن الرحيم

ب ناڤێ خـــــــــودای کاروەجێ..

# یانەی کوردایەتی

(یەکبوونی نەتەوەیی کورد نیشانەی سەرکەفتنە)

ئامادەکردن: بەختیار حەمەجان حەمە عبدالقادر (ب مام حەمید)

2711 کوردی، 1432 کۆچی، 2011 زاینی...

باشوری کوردستان–شارەزوور..،

| | |
|---|---|
| ناو | یاتەی کوردایەتی |
| ئامادەکردن | بەختیار مام حەمید |
| بابەت | بیری نەتەوەیی |
| دیزاین و بەرگ | دابان عوسمان |
| تایپ | ب مام حەمید |
| ژ.سپاردن | |

# ناسنامەی پەرتوك

## بەركولّی هێڤاران ..

بیرکردنەوە لە بەرهەم هێنانی هەر تشتەك و لە نێویدا بەرهەمهێنانی(کۆپەڕ=پەرتوك=کتاو=نووسراو)ێك،کارێکی فرە ئاسانە،وەلیٚ خودی بەرهەم هێنانەکە بەو جۆرە نیەو ئەوەندە ئاسان نیە تا گوێی لێبخەوێنێت،هەر بۆیە بۆ بەرهەم هێنان یان جێوەجێکردنی هەر پرۆژەیەك پێویستە مرۆڤ بیرو دەم و دەست بکاتە یەك،ئەگەر مرۆڤ بە وردی چەمکی (ئاسان و گران) ڕاڤە بکات و بە جۆریٚ تر لە دۆخەکە بڕوانێت،وە لقەکانی ئاسان یان گران بە تەواوی بناسێتەوە ئەو کات کارێك بە ناوی گران بوونی نامێنێت،لە هەندیٚ کاتدا ناسینی ڕاستینەی گران،ناسینی ئاسانیچە،بەم جۆرە بێگومان دەبێ لە بوونی (بەرهەم) لە توانای ڕاڤەی چەمکەکانی بەرهەمخوازو بەرهەمگەرەکدا،تاکی کورد هەرکات و هەردەم خاوەنی پرۆژەگەلی زۆرەو خاوەنی بەرهەمی کەمە،ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە تاکی کورد بە پرۆژەیەك و دووان و سیانەوە ناوەستێت و باشیش دەزانێت کە توانای بەرهەم هێنانی لە یەك پرۆژەدا وەستاوە،کاتێك پەرتوکی یەکەمم بەرهەم هات و لە چاپ دەرچوو (سپاسی خودا)م کردو دلّنیا بووم لەوەی کە بەرهەمێك لە سەد پرۆژە خاسترە،پەرتوکێك لە هەزار بیرۆکە باشترە،بەلّام ئەمەش لەسەر باشی و خراپی بەرهەمەکەو پەرتوکەکە ڕاوەستاوە،لە بری ئەوەی بیر لە سەد پرۆژە بکەمەوە و هیچیان وە کار نەخەم، بیرم لە یەك پرۆژە (بەرهەم هێنانی پەرتوکی دووەم) کردەوە،بۆیە بە یارمەتی خودای مەزن، دەستم بە گردکردنەوەی بابەتەکانم کردو هەولّمدا لە دووتوێی پەرتوکێکدا لە چاپیان بدەم،ئەم بابەتانەی کە لەم

کتاوەدا هاتون، فرەیان لە گۆڤارو ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بونەسەوە،زۆربەیان گوزارە لە بیری نەتەوەیی کوردانەو ئاریشەی ڕەوای کوردو پرسی ئەو میللەتە لە هەر پێنج پارچەی کوردستان دەکەن،ئەم بابەتێلە سەرەڕای بڵاڤبوونەوەیان لە بڵاوکراوەکاندا، بە پێویستم زانی لەم پەرتوکەدا گردیان بکەمەوەو وەك پەرتوکێك بە ناوی بکەم،ان شالله دیسان بە هیوای کەڵك و سود بۆ هەموو کوردێك لە کوردستانی گەورەو جیهاندا،.

## تێبینی:.

بەرکوڵ بەو برە خواردنە دەوترێت کە بەر لە کوڵانی خوارنەکە بە گەرمی و تەواو نەکوڵاوی دەخورێت،وە بەرکوڵی خواردنی ئێواران لە کۆندا لای کوردان فرە خۆش بووەو هەموو چێشتێك بە تایبەت ئێواران (هێڤاران) بەرکوڵەکەی تام و چێژ کراوە،بۆیە ئەزیچ ئەم ناونیشانەم دانا !،

# چەوا ئەم ناومە هەڵوژارد؟،

**((لێرەدا نەمگەرەکە بەم نووسینە، خۆم هەڵنێم و بێژم وام کردوەو وا دەکەم، نەخێر تەنیا گەرەکمە بێژم ئەم کارە ئەوەجە(پێویستی) یەکی نەتەوەیی و زووانەوانیی کوردییەو پێویستە پەی پاراستنی زووانەکەمان هەر کات و هەر دەم یاتەمان لای وێت!))**

هەمیشە پێم خۆش بووە ئەگەر بتوانم لە نووسینەکانمدا هەموو زاراوەکانی زووانی کوردی بە کار ببەم و لە کاری نووسینمدا کەڵکیان لێوەرگرم بەو هیوایەی ئەمە بوێتە نەریتێکی ڕۆژنامەوانیی کوردیی و هۆکارێکیش بێت بۆ پتر لێك حاڵیبوونی کەسێلی قسەکەر وە زاراڤە جیاجیاکانی زمانی کوردی،وەلێ ڕەنگە فرە جار ئەم حەزو ئارەزووەم لە بەر چەند هۆیەکی ناوخۆیی سەری نەگرتوێت و بوبێتە خۆڵەکەوەی ناو کوانو،ڕەنگە لای فرەیەك ژ خەڵکی گوایە خاوەن زووان فەرمی، نووسین وە شێوەزارەیل هۆرامی،ئێزەدی،زازایی،قامیشلۆیی،گەرمیانی،شارەزووری،پشدەری،هەولێری،بادین (بەهدین)ی،زەنگەنەیی، لوڕی و کەڵهوڕی،کەرکوکی،کرماشانی،موکریانی،ئەوبەریی،و هتد..شورەیی یان نەزانین بێت،یان وە گوزارەی (ئەمە لە ڕای زووانی یەکگرتوی کوردی لای داوە) باسی بکرێت،لە دەمێکدا هەموو ئەو شێوەگۆو بنزارانەی کە لە بانۆ باسکریاگن لە شێوەزاری بە ناو (سۆرانی) کەڤنترو لە مێژینەترن،ئەمەیچ هەر وا بە هەوانتەو گاڵتەجاڕیی نا،بەڵکو بە سەدان بەڵگەی باوەڕپێکراو،بە سەدان پیشتگیریی

زووانەوانیی و مێژوویی،لە دۆخێکدا کە فرەشێوەگۆیی لە ئارادا بوێت دەتوانین بێژین زووانی ڕەها لای کەس نیە هەر وەك هەقیقەتی ڕەهایش لای کەس نیە وە تەنیا،بۆیە پێتڤی کاری تۆخ یان وەك خۆیان یەژن (جدی) بۆ ئەم بابەتە بکرێت و شێوەگۆی (سۆرانی) نەکرێتە زووانی فەرمیی میللەتێك،یان ئەگەر بشکرێت کەڵك لە شێوەزارەکانی دیکەی زووانی کوردییش وەربگیرێت، وە هەر حاڵ باسی مە،باسێ ترە نەك زووان و زاراوەکانی و توێژینەوە لێیان،ئەو دۆخی سەرکێشیمە وە ناو بنزارەیەل کوردیدا وای کرد بوو کە لە منە بە دوای تاکە پەڕەیەکی زووانەوانیچدا بێ هیوا نەوم!،سەرەتا پەرتوکە فەرهەنگی ئێریەن ڤەچی ڕێزدار م.ئەمین هۆرامانییم دیت لە کتاوخانەیەك و فرە سەرنجی کێش کردم پەی خۆی و ناچار کەوتمە منەی ئەوان ئاسایی کەوتمە گەڕان بۆی و سەرەنجام دەسم خست و زۆرێك لە ئاواتەکانی ئەزی هاوردە دی،ئەو فەرهەنگە هەرچەندە بزورگوار م.ئەمین هۆرامانی دەبێژێت بەراورد کاریی نیە،وەلێ دەتوانین بێژین بەرواردکارییەکی فرە وردو جوان و ڕێك و پێکە لە نێوان زووانەکانی (ئاریایی،کوردیی ئێستا،ئاڤێستا،فارسی،پارسی،فەهلەوی یان پەهلەوی،بەلوچی،هندی،ئەرمەنی،ئەفگانی،ئوردوی پاکستانی و هتد..) وە دەیچتوانین بلێین ئەمە خەرمانێکی فرە وە بەرەکەتی زووانەوانی و واژەناسیی کوردیەو وەکی ژێدەرێکی فرە وە کەڵکیش دەناسرێت،سەرتان نەیەشێنم لە تەك ئەم فەرهەنگەدا،بۆ کەڵوەرگرتن لە واژەو بێژەی کوردی و کەڤن و واتادار تواشای پەرتوك (کۆپەڕ)ەکانی (فەرهەنگی فارسی—کوردیی بابان،ڕیزدار شوکروڵڵای بابان،.مێژووی جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا،ڕیزدار مامۆستا م.ئەمین هۆرامانی،.زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا،د.ڕەفیق شوانی،.کوردو سەربەخۆیی زمان،هێژا مامۆستا مامۆستا هەژار موکریانی،.سەردەمی زمانی کوردی

و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی،د.کوردستان موکریانی،.وشانێکی کوردی لە دەرەوەی فەرهەنگەکاندا،جلیل محمەد خانەقینی،.

فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان،ڕێزدار بێهزاد خۆشحاڵی،وەرگێڕانی مستەفا غەفوور،.گۆرانستان،مامۆستا هادی ڕەشید بەهمەنی،.فەرهەنگی مەردۆخیی کوردی—فارسی—عەرەبی،زانای پایەبەرز جەنابی موحەمەد مەردۆخی کوردستانی،.سانسکریتی سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی،مامۆستای هێژا حەکیم مەلا ساڵح،.فەرهەنگی ئاری کوردی—کوردی:عەرەبی،ڕێزدار صابر گردعازەبانی،.فەرهەنگ ماد کوردی بە فارسی،مامۆستای پایە بڵند صدیق صەفیزادە—بۆرەکەیی—،.فەرهەنگی ڕیژگە کوردی—کوردی—فارسی،ڕیزدار ئەمین گەردیگلانی،.زاراوی هەمەچەشنە،ئەنجومەنی کۆڕی زانیاریی کوردو لیژنەکانی و د.ئاوڕەحمانی حاجی مارف،.هەندێك زانیاریی گشتی لە بارەی زمانەوە،شاسوار هەرشەمی،.)م،دەکردو بە بەردەوامی خوێندنەوەم لۆیان هەبوو،وە تەقەلام دەکرد کە لە نووسینێلما وە کاریان بێرم لە واژەکانیان سود ببەم،وە لە ڕاستیشدا مرۆ فرە جار ئەوەجەی وەم پەرتوکێلە دەکەوێت،فەرهەنگی باش و پەرتوکی باشی دیکە هەن و فرەن،وەلێ ئەز دەستم لێیان گیر نەدەبوو،بەڵام ئەوانەی کە باسم کرد زۆر باش و بە کەڵك و زانیاری بەخشن،با ئێستایچ بێمە سەر باسی ناوی پەرتوکەکەی خۆم،(یانەی کوردایەتی=بیر یان هۆشی کوردایەتی)،سەرەتا بڕیارم دا ناوی بنێم (وێچنەی نەتەوەیی=بێژنگی نەتەوەیی) و ئەمەم لە فەرهەنگۆکی پەرتوکی گۆرانستانی هادی ڕەشید بەهمەنی بە ناونیشانی واژەیەکی (گۆرانەکان) وەرگرت،پاشان پەشیمان بوومەوەو بیرم کردەوە بە خاتر زاراوەی هۆرامییە وەشەویستەکا ناوی بنێم (ویرستانی من=بیرستانی من) و ئەمەم بە ناوێکی خاس و جوان زانی،بەڵام لە تەك ناوەخنی بابەتەکاندا پێك نەدەهات،بۆیە لێی

پاشگەزبوومەوە،دواتر لە ژێر کاریگەریی ئاڤێستای ئەشوو زەردەشت و زاراوەی (ڕەوچە=ڕۆژ)ی فەرهەنگەکەی ڕێزدار م.ئەمین هۆرامانی دا،ناوی (ڕەوچەی کوردان=ڕۆژی کوردان)م،بە گونجاو زانی و هەستم بە زووانپارێزییش دەکرد لەو ناوەدا،دواتر بیرم لە ناوی (دەستووری گەل) کردەوە،ئەم زاراوەی دەستووره هەرچەندە زاراوەیەکی کوردیی سەردەمی زەردەشتەو تەواو کوردیەو شاسوار هەرشەمی لە پەرتوکەکەیدا ڕاڤەیەکی جوانی بۆ کردوە،بەڵام وە تەواوی خەڵکی لێی حاڵی نابن،بۆیە بڕیارمدا ئەو ناوەش دانەنێم،پاشان گەڕیامۆ بۆ کن فەرهەنگە پڕ بەرەکەتەکەی مامۆستای هێژا م.ئەمین هۆرامانی و زاراوەی (یاتە=بیر=هۆش=یاد)م لێ سود کرد، ناوی (یاتەی کوردایەتی=بیری کوردایەتی)م بە گونجاو زانی بۆ ئەم پەرتوکە،ئەم زاراوەی (یاتە=بیر=ویر)ە،زاراوەیەکی ئاڤێستاییەو لە ڕەسەندا دەکاتەوە کوردی، هیوای تێگەیشتنی گرد کوردانی خۆشەویست و سودمەند بوونیان لەم بەرهەمە گچکەی بەندە..

**وەرچاڤڕوونی**:زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لەم پەرتوکەدا دامناون لە (گۆڤاری قەندیل–سلێمانی،.گۆڤاری هاودەم–هەولێر،.گۆڤاری نێوەند–سلێمانی،.گۆڤاری چرا–دوزخورماتو،.ڕۆژنامەی چەتر–سلێمانی،.گۆڤاری دۆز–کەرکوك،.گۆڤاری k21–هەولێر،گۆڤاری گیرفان–کەلار،.گۆڤاری تاك–سلێمانی،.گۆڤاری بێژان–عەربەت،.گۆڤاری زمانەوانی–هەولێر،.گۆڤاری ڕاڤە–هەولێر،.گۆڤاری ململانێ–هەولێر،.گۆڤاری ڕووان–عەربەت،ڕۆژنامەی ڕیبازی ئازادی–سلێمانی.گۆڤاری بەڵگە–هەولێر،.گۆڤاری ڕۆژی وڵات–کەرکوك،.) هەروەها ماڵپەڕە کوردیەکانی

(کوردستان نێت،ڕوناکی،جودی نیوز،ستاندەر،پەچەدەکە،کلاوڕۆژنە،دەنگی سەربەخۆ،دەنگەکان،چەترپرێس،ئەمڕۆ،کۆنگرەی نیشتمانی،ئیسلام پۆست،.)بلاڤ بوونەتەوە،سپاس بۆ ئەو بلاوکراوانەی ناوم بردن..

# چارەسەریی کێشەی کورد تەنیا یەکێتیی نەتەوەییە ! ! ،

**((تاکە چارەسەرو هۆکاری بە ئارمانجگەیشتنی گەلی کورد تەنها یەکێتی نەتەوەیی و یەکهەلوێستی و هاوبیریی هێزو پارت و حزبە کوردیەکانە))**

گەلی ئێمە ئێستا لە نێوان پێنج تاشە بەرددا نیە(پێنج دەولەتی داگیرکاری کوردستان تورکیا،سوریا،ئێران،ئێراق،ئەرمەنستان) بەلکو لە نێوان پەنجا تاشە بەرددایە..هەر دەولەتێك،هەر هێزێك،هەر "وەحش و دڕندەیەك" بۆ بەرژەوەندیە گلاوەکانی خۆی کەلك لە یەکێتی نەبوون و پارچەپارچەیی کورد وەر دەگرێت،دەولەتانی دژە یەکی وەك(ماست و پلایس) لە هەمبەر لە ناوبردنی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردو (پ ك ك،پژاك،حدکا،پ ی د،پ ی ك س) و داگیرکردنەوەی هەرێمی ئازادی باشوری کوردستان،دەولەتی وا لەسەر پەکخستنی تێکۆشانی گەلی کورد لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆ دەبنەوەو بڕیاری لە ناوبردنی کورد دەدەن مرۆڤ سەری دەسوڕمێ!،ئەم دەولەتانە ئەگەر لە یاریی وەرزشییشدا بەر یەك بکەون دەبنە پرسیاری سەیر؟!! بۆ نمونە ئامریکاو ئێران،ئیسرائیل و سوریا،بەلجیکاو تورکیا،ئیسرائیل و ئێران،بەرازیل و ئێران و تورکیاو هەزار سەمەرەی دیکەی سەر مێزی قڕکردنی سیاسیی کورد!،گەلی ئێمە لە باشور نیمچە

ئازادیەکی هەیە حکومەت و پەرلەمان و هێزی چەکدارو ئەمانەی هەیە،بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هیوای سەرکەوتنی شەڕی ئێران و تورکیای لێبکرێت،ئەوە گومانی نیە کە هێزی حکومەتی و پەرلەمانی و سەربازی باشور شەڕی تورکیاو ئێرانی پێناکرێت،پاشان گەلی ئێمە لە باکور ڕێکخراوەو خاوەنی چەندان سەرهەڵدانی جەسورانەیەو تێکۆشانی مەدەنیانە بووەتە کاری ڕۆژانەی گەلمان لە باکور،ئەمەش دیسان هیوای تەواوی سەربەخۆیی یان بە وئارمانجگەشتنی لێناکرێت ،باشە بۆ؟! چونکە وەك (ڕێبەر ئاپۆ) ئاماژەی پێدەکات دەوڵەتی تورکیا لە پێناوی مانەوەی خۆیدا کۆکوژیی مەزن دەخولقێنێت،هەروەها دەوڵەت بۆ بۆ کپکردنەوەی بە ناو دۆخی نائارامی ناوخۆی وەڵات و بە تیرۆریست ناساندنی خەباتڤانان هەوڵی کۆکردنەوەی پشتگیریی ناوچەیی و جیهانیی داوە وە تا ڕادەیەك بۆی پێش چووە،لە یادمان نەچێت دەوڵەت بۆ هێنانەدی مەرامە گڵاوەکانی دەستپارێزی لە سڤیل وپیرو منداڵ و نەخۆش ناکات و "شەلم کوێرم ناپارێزم" دەکەوێتە وێزەی گیانی تێکۆشانی گەل و بە ستەم کپی دەکاتەوە..،هەروەها گەلمان لە ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەك بوونێکی گەورەی هەیە بە تایبەت لە ڕووی فەرهەنگی و سیاسیەوە و هەروەها سەرهەڵدانی نهێنی بوونی هەیە لەو پارچە،ئەمەژی دیسان نابێتە هێنانەدی هیوای ئازادی و سەربەخۆیی،ئەمەیان بۆ؟!، ئاخر چونکە دەوڵەتی ئێران گوێناداتە لە داردانی مرۆڤی کوردو ئاساییە بە لایەوە لە یەك کاتدا چەندان مرۆی کورد لەسەر پەتی سێدارەی بە تێگەشتنی هەڵەی خۆی تەمبێ بکات! ،ئەو خەریکە گەلمان لە فەرهەنگ و کولتورو زمانی دایك دوور دەخاتەوە بە تایبەت لە کرماشان و ئورامیەو خۆی و سەلماس،دەوڵەت خەریکە شارەکانی سنەو مەریوان و بۆکان وهتد...میلیتاریزە بکات و کوردان لە بەرگی بەکرێگیراویی هەڵژەنێت،لەمانەش ترسناکتر ئێران دەتوانێت کۆکوژیی کورد بکات بێ گوێدانە یاسا

نێودەوڵەتیەکان..،گەلی ئێمە لە باکوری ڕۆژهەڵات سەردەمانێك بوونی سیاسی و فەرهەنگییان هەبوو وەلێ ئێستا لە سایەی دەستی حکومەتی ڕەشی ئەرمەنستاندا بوونی گەلمان لەو پارچە زۆر کزو لاوازە،ئەمەش بێ هیوایەکی دیکەمان!،خەڵکی کورد لە ڕۆژئاڤای وەڵات تێدەکۆشن،وریاو وشیارن،سەرهەڵدان دەکەن و پارتی باش و خەباتکاریش بوونی هەیە،بەڵام ئەمەش دیسان هیوایەکی گەورەی لێ ناکرێت،باشە ئەمە بۆ؟! چونکە دەوڵەتی سوریا خاوەنی هێزێکی دیکتاتۆری سەتمگەری داگیرکاری عەربیستە،و دەتوانێت چەندان کۆکوژیی وەك و منداڵکوژییەکەی شاری ئامودای ساڵی 1960 کە تێیدا نزیکەی شەش سەد منداڵی کورد بە هۆی سوتاندنی سینەمایەکەوە بوونە قوربانی و 293 منداڵ شەهید بوون،دەوڵەتی سوریاش بۆ بنەبڕکردنی تێکۆشانی ئازادیخوانەی گەلی ئێمە لە ڕۆژئاڤا ئامادەیە دەگەڵ هەرکەس و لایەن ودەوڵەتێك هاوپەیمانی و ئیتیفاقیە بکات بێ گوێدانە چۆنایەتی ئەو لایەنە...،ئەز بە گۆتنی ئەو ووتانەی سەرەوە خودا نەخواستە نامەوێت بێهیوایی و ڕەشبینیم لە ئاست تێکۆشانی گەل دەر ببڕم،نەخێر بە پێچەوانەوە من دەمێك کە سەرهەڵدانی نەورۆزیانەی باکور لە دەڤەرەکانی گەڤەرو ئامەد و سیرت و ئەسکەندەرونەو هەروەها سەرهەڵدانی قامیشلۆو ڕەقاو پاشان مانگرتنی سەرتاسەریی ڕۆژهەڵات وپاشانیش خەباتکاریی گەریلاو ڕێکخستنە مەزنەکانی ئەورووپاو تێکۆشانی پێشەنگانەی ژنی کوردو لاوی کورد دەبینم لە خۆشیاندا خەریکم گەشکە دەکەم و تەنانەت لە خۆشیدا لە بری پێکەنین گریانم دێت.هەروەها سوپاسی خودا دەکەم لەسەر هۆشیاری گەلی بێ کەسەکەم...نەخێر من بێ هیوا نیم لە تێکۆشانی گەل...بەرخودانی گەل...هەوڵ و تەقەلای گەل...،بەڵام گەرەکمە بڵێم هاویشتنی "پێنج تیر بۆ یەك ئارمانج ئەگەری پێکانی پترە لە هاویشتنی یەك تیر"، دەمەوێت بێژم یەکخستنی خەباتی نەتەوایەتی کورد

لە باکورەوە بۆ ڕۆژئاڤاو لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشورو پاش لەوانیشەوە بۆ باکوری ڕۆژهەڵات دەبێتە گەرەنتی سەرکەوتنی تێکۆشانی گەل و بە وێستگە گەشتنی شەمەندۆفێری خەباتی چەندان ساڵەی گەلی کورد،با حزب و پارتە کوردیەکانمان هەزار ڕێیان هەبێت وەلێ یەك "ئارمانج"،سەدان پەیڕەوو پرۆگرام و ئەساسنامە با هەبن با فکری تایبەت بە پارتی و حزب هەبن،بەڵام لەسەر کێشەی کورد با هەموو یەك بین و بگەینە ئەو بڕوایەی کە یەکێتی نەتەوەیی زامنی بەدیهاتنی سەربەخۆیی و بە ئاواتگەشتنی گەلە بێکەسە چەوساوەکەمانە!،ئێمەی کورد زۆر ڕێگەمان ئەزموون و تاقی کردوەتەوە بێ بەرهەم ماوین،دە با یەکێتی و یەکبوونییش ئەزموون بکەین!،با ئیتر دڵنیاو خاترجەم بین لەوەی کو ئێمەی کورد کەس کەسمان نیە تەنها یەکێتی نێوان خۆمان و چیا سەربڵندەکانی وەڵات نەبێت..،دژایەتی تورکیا بۆ باکور نیەو بەس...دژایەتی ئێراق بۆ باشور نیەو بەس...دژایەتی سوریا بۆ ڕۆژئاڤا نیەو بەس...دژایەتی ئێران بۆ ڕۆژهەڵات نیەو بەس...دژایەتی ئەرمەنستان بۆ باکوری ڕۆژهەڵات نیەو بەس...بەڵکو دژایەتی (هەموو) ئەمانە بۆ (هەموو) کوردە..،هەر کەس کۆسپ بێت لە بەردەم یەکێتی نەتەوەیی ئەوە خیانەتی دینی و ئەخلاقی و ئینجا نەتەوەیی کردوە..دەی بەسە با ئیتر یەك بین ودەست لە ناو دەست ژن،لاو،پیاو،لادێی،شاری،خوێندەوار،نەخوێندەوار،مامۆستای دینی،کۆمۆنیست و هەموو چین و توێژەکان پێکەوە تێبکۆشین .....،

ئەی کوردینە.،

گشت چینەکان...............

بێجیاوازی هەموو بۆچوون و بیرەکان.،

تکا دەکەم تو خودا وەرن با **(جەم)** بین..،

با یەکێتیمان کۆك بکەین!،

با بەم جۆرە دوژمن لە وەڵات دەربکەین.،

گرنگ نیە زۆر یان کەم بین..،

ئەوەی گەلەك گرنگە ئەوەیە کە زوو جەم بین..،

بژی یەکێتی و تەبایی گەل..بڕوخێ دووبەرەکی و لەتلەتی گەل..،

# یەکێتیی نەتەوەیی بۆ کورد، ڕۆژی ڕزگاریی و سەرکەفتنە!،

((کوردینە،ئێوە بە خودا سوێند دەدەم چیدی دوژمنایەتی یەکتر مەکەن،یەك بگرن و یەکێتی بپارێزن،لە بەرامبەر دوژمن بەرخودان بکەن و خۆتان مەفرۆشن..پێشەوا قازی موحەمەد))

یەکێتیی و یەکبوونی گەلانی جیهان و بە تایبەت گەلە چەوساوەو بندەست و داگیرکراوەکان پێویستییەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ و هەر کاتیی و هەمیشەییە!،بەرهەم و تام و چێژی یەکبوونیی نەتەوەیی لە گەلێکی ستەمکارو سەردەست و داگیرکارەوە دەگۆڕێت بۆ گەلێکی ژێردەست و داگیرکراو.،هەروەك چۆن لەشساخی لە کاتی نەخۆشیدا هەست بە گرنگیەکەی دەکرێت ئاوهاش یەکێتیی نەتەوەیی لە کاتی پەرتەوازەیی و ئاوارەیی و چەوساوەییدا هەست بە گرنگیی و پێویستیەکەی دەکرێت..!،گەلی کورد پێویستە ئەزموون لە ئازاری

لەتلەتی و پەرتەوازەیی وەر بگرێت دەست بەجێ بڕواتە قۆناخی بەرجەستەکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و (یەکبوون و یەکگرتویی) شەرەفمەندانە ڕاگەیەنێت و دۆستایەتی میللی بە جێ بکات و پێشی بخات و هەنگاوی گرنگ بنێت بۆ بە دەوڵەتبوونی هەموو پارچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی گەورە و ئاواکردنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بۆ کورد لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەو کوردە ئاوارەکانی جیهان،بە ئەرکی دووەم دوای بەرجەستەکردنی خودی یەکێتیی نەوەیی بزانێت،

## خواستی یەکێتی نەتەوەیی لای کورد..

ئەگەر بە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کوردو بە کورتی تەماشای قۆناخەکانی بکەین..دەبینین خواستی یەکێتی و یەکبوون لای کورد هەمیشە بوونی هەبووە،بەڵام کەسگەلی ئاژاوەچی و هەلپەرست و بەکرێگیراو بە دۆستایەتی داگیرکارانی کوردستان ئەم خواستەیان بن پا کردوەو ڕێگەیان بە ڕووان و سەوزبوونی چەکەرەی یەکێتیی نەتەوایەتی بۆ ئەم میللەتە داماوە نەداوە،زۆر دوو نەڕۆین لە ساڵانی 1915-1932 یەکێتییەکی زۆر جوان و بە ڕوومەت بوونی هەبووە،بۆ وێنە لە یەك ماوەدا لە باکور شۆڕێك بوونی هەبوو بە ڕابەرایەتی شێخ سەعیدی پیران،لە باشوور تێکۆشان و شۆڕش هەبوو بە سەرپەرشتی مەلیك مەحموودی قارەمان،لە ڕۆژهەڵات شۆڕێکی بوێرانەو نەتەوەییانە لە ئارادا بوو بە سەرکردایەتی تێکۆشەر سمکۆی شکاك،لە ڕۆژئاڤا کەڵە شاعیرو هۆزانڤانی نەتەوەیی کورد مامۆستا جگەرخوێن لە ڕێکخستن و تێکۆشانی میللیدا بوو وە هەوڵی دەدا شۆڕشەیلی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژئاڤاش ساز بدات،لە باکوری ڕۆژهەڵات و قەفقازیا شۆڕشی مەزنی نەتەوەیی مەدەنی بوونی هەبوو کە دواتر کۆماری کوردستانی سووری لێبەرهەم هات،لە هەمووی گرنگتر دروستبوونی (جڤاتا

ولاتیَ کوردا) کۆمەڵەی خۆیبوون،،1927-1946،بوو کە ئەندامی زۆربەی پارچەکانی کوردستانی گەورەی لە خۆ گرتبوو،بەلام وەکو پێشتر ووتم بێگانەپەرستی و بەکرێگیراویی دوژمن ئەم خواستە مەزن و گرنگەی ژێر پیَ خست.،ئێستا ئاسۆی ڕوونی یەکێتیی نەتەوەیی کورد لە باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری (ئامەد)ە،وەك دیتمان ژنانی کورد لەویَ بۆ یەکەم جار هەموو پێکەوە کۆنفرانسیان بەست، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان،لە ڕۆژئاڤاو ڕۆژهەلات و باشوریش ئەم ئامانجە بوونی هەیە بەلام تا ئێستا بە یەك نەکراوەو ڕێك نەخراوە لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا،بەو هیوایەی هەموو حزب و ڕێکخراوو لایەن و سەرکردەو تاکەکانی کۆمەلگای کوردەواری دەست بە خەبات بکەن بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کوردو یەکڕیزی هەموو هێزەکانی کوردستان و دروستکردنی ئابووری هاوبەش،هێزی هاوبەش،فشاری هاوبەش،زانستی هاوبەش و پێکەوەژیانی هاوبەش و بڕیاری هاوبەشی کوردانە،(قسەکردن بە زووانی کوردی لە ولاتدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ چوون بەرەو یەکیبوونی نەتەوەیی و وەلامێکیشە بۆ ستەم و جەوری داگیرکەرانی کوردستان)

ئەم یەکێتییە بە چەن قۆناخێك دەشێت ئاوا بکرێت و پێشبخرێت و سودی لیَ ببینرێت.ئەویش چوار قۆناخە..

### قۆناخی بیرکردنەوە لە یەکێتی نەتەوەیی 1،

ئەم قۆناخە سەرەتایی دارِشتنی یەکێتیی نەتەوەییە لە بیرو هزرداو بە کاراکردنی ئەم قۆناخە زامنی هاتنی قۆناخی دواترو پێشکەوتنی بیری یەکێتیی نەتەوەیی دەدات،مرۆڤ پێویستە بیر لە ستەمی داگیرکاران بکاتەوەو هزری خۆی چالاك بکات بە لێکدانەوەی ئەم پرسیارانە،بۆ دەبێت منی کورد بکوژرێم؟!من کە ژنی کوردم بۆ

زیندان دەکرێم؟! مرۆڤەکانی دیکەی جیهان بە ئازادی دێن و دەچن و پێشکەوتن بەرجەستە دەکەن ئەی منی نەوەی کورد بۆ وام لێدەکەن؟!تاوانم چییە؟ چیم کردەوە؟!ئایا شایەنی ئەم چەوساندنەوەم؟!ئەگەر باپیرانم خراپ بوون کە دڵنیام نەبوون،بەڵام من خراپیم چیە؟،بۆ تورك و فارس و عەرەب و ئەرمەن خاکی ئێمەیان داگیر کردوە؟!،بۆ گەلان خاوەنی دەوڵەتن و ئێمە نەك دەوڵەتمان نیە بەڵکو ڕۆڵەکانمان زیندانی دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوە لەسەر خواستی بە دەوڵەتبوون؟!بۆچی وورده ئاشتیخوازەکانی جیهان خەڵات دەکرێن،بەڵام سەرکردەکانی ئێمە لەدار دەدرێن و دەکوژرێن و زیندانی دەکرێن نمونەی (پێشەوا قازی موحەمەد،سمکۆی شکاك،شێخ سەعیدی پیران،د.قاسملۆو د.شەرەفکەندی،د.موحەمەد مەعشوق خەزنەوی،مەزڵوم دۆغان،عبدالسلام بارزانی،ڕێبەر عبدالله ئۆجەلان،)؟!، ،دوای پێشکخستن و چالاککردنی ئەم پرسیارانە لە هزرو مێشکی خوددا قۆناخی سەرەتایی واتە (چەکەرەو چرۆ) ی بیری یەکێتی نەوەیی چێ دەبێت و بەم جۆرەو دوای لێکدانەوەیەکی هزریانەی خۆ بە خۆ،قۆناخی یەکەم و چەکەرەی ئەم بیرە دێتە ئاراوە..

## قۆناخی هەوڵدان و بەرنامەڕێژیی بۆ یەکێتی نەتەوەیی 2،

کاتێك مرۆڤ بە ڕاستی بۆی ڕوون بوەوە کە بۆ دەبێت کێشەی کورد بەم جۆرە بێت و بۆ دەبێت کە ئێمە یەك گەلین یەك خەبات و یەك شۆڕشی سیاسی و مەدەنیمان نەبێت؟!پاشان قۆناخی دووەم و قۆناخی کارکردن و هەوڵدان و بەرنامەو ڕێکخستن دێتە ئاراوە،کە ئەویش بە بانگەوازو نووسین و کۆڕو سیمینارو ناساندن و پێناسەی یەکێتیی نەوەیی،پێشدەکەوێت ..بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە کامڵ و پڕو بە بەرنامە بێت پێویستە داوا لە هەموو لایەن و کەس و حزب و ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی و عەلمانی و چەپی کوردی بکرێت بە بێ جیاوازی..،دەبێت کەسگەلی باش و وریاو بە

تواناو بە هیمەت دەستنیشان بکرێن بۆ ڕێکخستنی حزب،ڕێکخراو،کەسەکان،بۆ کاملّکردنی ئەم قۆناخەو هەنگاوهەلگرتن بۆ قۆناخی دوواترو دەست کردن بە ئاواکردنی بەرنامەگەلی ڕێك و پێك بۆ بەرە ئارمانج بردنی بابەتی یەکێتیی نەتەوەیی،

## قۆناخی هەنگاونان بۆ یەکێتی نەتەوەیی 3،

ئەم قۆناخە دەتوانیت ناویشی بنێین (قۆناخی دەرکەوتنی نیشانەی سەرکەوتن بەرەو ئاواکردنی یەکێتیی نەتەوەیی) چونکە هەنگاو نان بۆ بەرجەستەکردنی قۆناخی سێیەم خۆی دەبینێتەوە لە کۆبوونەوەی لایەنەکانی کوردی و کۆڕو سیمیناری هاوبەشی حزبە کوردیەکان و هەروەها بەرنامەدانان بۆ ئاواکردن و سازکردنی بەرنامەیەکی ڕێك و چڕو پڕ بۆ کۆبوونەوەی هەموو بیرو ئایدۆلۆژیا جوداکانی ناو کۆمەلّگای کوردی و دروستکردنی ڕێکخراوی هەمەلایەنەی هەمە ئایدۆلۆژی بۆ ژنان،لاوان،سیاسیەکان و پیاوانی دینی و تەواوی چینەکانی جڤاکی کوردەواری بۆ بیرو بۆچوون و ڕاگۆڕینەوە لەسەر چۆنێتی بە ئەنجامگەیاندن و کاملّکردنی پرۆسەی یەکێتیی نەتەوەیی و نزیکبوونەوە لە ڕاستیی گرنگیەکانی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ گەلێکی بندەستی چەوساوەی وەکو کورد.،

## قۆناخی کۆتایی و کاملّبوونی یەکێتیی نەتەوەیی 4،

ئەم قۆناخە دەتوانرێت بە قۆناخی بەرجەستبوونی یەکێتیی نەتەوەیی و ئاواکردنی ڕاستەقینەی یەکبوونی گەلیش ناو ببرێت..بە یارمەتی خودای مەزن ، دوای تەواوکردنی پێداویستیەکانی قۆناخی هەنگاونان و کارکردنی ژدییانە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو قۆناخەی کە بە کاملّبوونی ڕێخۆشکەرە بۆ چوونە ناو قۆناخی بەرجەستەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی،ئەو کات مرۆڤ هەست دەکات ئەوەی لەم کاتەدا پێویستە هێنانە ئارای یەکێتیی و یەکبوونی میللەتە و دروستکردنی

ئەنجومەنی نەتەوەیی لە هەموو پێکهاتەکانی گەل دەبێتە پێویستیەکی بنەڕەتی و گەل لە کاتی مومارەسکردنی یەکێتیی نەتەوەییدا هەست بە سەرکەوتن و ئاسودەیی و واتاکانی ژیان دەکات ، بە مەرجێك ئەم یەکێتییە لە لایەن گەلەوە پێشبخرێت و گەشەی پێبدرێت و پەروەردەی هەمیشەی بۆ بەرەوپێشبردن و برەودان بە لایەنە گرنگەکانی یەکێتییەکە بە جێ بکرێت و ناوەندو سەنتەرو ڕێکخراوی تایبەت بە فراوانکردنی یەکێتییەکە ئاوا بکرێت،هەروەها ڕاگەیاندن تی ڤی و گۆڤارو ڕۆژنامە و ماڵپەڕی تایبەت بە پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی هەبن و بە بەردەوامی و بێ وچان لە چالاکیدا بن و سەرکەوتن و شکشتی یەکێتییەکە دیاری بکەن و چارەی گونجاوی کوردانەی بۆ دابنێن و تێکدەرانی ئەم یەکێتییەش بە توندی سزا بدرێن!،..

**ئەنجام و سەرکەوتنەکانی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد،**

لە کاتی دروستبوون و ئاوابوونی یەکێتیی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کورد،بە دەستهێنانی ئارمانجەکانی گەل دەبنە داخوازیی و داواکاریی هەمووان و خەباتی گەریلاو پێشمەرگەو ژن و پیاوو لاوان و باکورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤاو باشورو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی چینەکانی دیکە دەبنە یەك و بە یەك هاوار داوا دەکرێت،بەرخودانی باکور،سەرهەڵدانی ڕۆژئاڤا،خۆڕاگریی ڕۆژهەڵات،خەباتی مەدەنیانەی باشور،تێکۆشانی گەریلاو سیاسەتمەدارانی کورد پێکەوە پێش دەخرێن و دەست لە ناو دەست دەوترێت (کوردستان..کوردستان) ، پاشان ئەوەی چێندراوە بەرهەمەکەی دروێنە دەکرێت و بەرهەمیش کە (سەربەخۆیی،ڕزگاری،ئازادی،ژیان،دادپەروەریە) بێجیاوازی و زۆر بە دادوەرانە دابەشی سەر تاکەکانی جڤاکی کوردەواری دەکرێت و هەمووان لە ژێر سایەی چەتری مەزنی یەکێتی نەتەوەیی کورددا دەحەوێنەوەو هەست بە تامو چێژی ژیان

و هەواو خاك و ئاو و مرۆڤایەتی و ئازادی و تەبایی و پێکەوەیی میللی دەکەن! ،ئەو کات ئێش و ئازاری (ئامەد) و (کەرکوك) و (قامیشلۆ) و (مەهاباد) و (ئەریڤان) و (لاچین) و (کوردڤان) و (کوەیتا) و هتد..دەبنە یەك ئازارو پێکەوە هاوار دەکەن و یەك پزیشکیش چارەو دەرمانیان دەکات کە ئەویش ئەنجومەنی یەکێتیی نەتەوەیی کورد (eynk)ە،ئەو کات (سوریا ) بۆ چەوساندنەوەی (کورد) ێك،تورکیا بۆ شێواندنی تەرمی گەریلاو زیندانی کردنی ژنە (کورد) ێك،ئێران بۆ لە سێدارەدانی ئازادی و شیرینی (کورد) ێك،ئێراق بۆ کودەتای پەرلەمانی لەسەر (کورد) ێك و دزینی کەرکوکێك،ئەرمەنستان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ( کورد) ێك،دەبێت لە 60 بۆ 65 ملیۆن کورد هۆشیاری بکەن و بزانن کە کوشتن و چەوساندنەوەی کوردێك واتە چەوساندنەوەی تەواوی کوردان لە کوردستانی گەورەو سوکایەتی کردن بە یەکێتیی نەتەوەیی کورد و ئەمەش کارەساتی مرۆی دەقەومێنێت بۆیە لە حاڵەتی یەکێتیی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کورددا چەوساندنەوەو زوڵم و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر ئاستەمە و گران دەبێت..چونکە لە فرە کۆنەوە پێشینەی کوردان وتوویانە (شکاندن و چەماندنەوەی یەك شوڵ دار زۆر ئاسانە،وەلێ شکاندن و چەماندنەوەی پێنج دار مەحاڵەو ئەستەمە) هەروەها ووتراوە (یەك پەنجە بۆ مستیلە جوانە،بەڵام کە بوو بە پێنج بۆ بەرگری گونجاوە) بە ئاکامگەیاندن و تەواو کردنی قۆناخەکانی یەکێتیی نەتەوەیی، زامنی پاراستنی زمان،ناسنامە،کەسایەتی،فەرهەنگ،مێژوو،جل و بەرگ،داب و نەریت ،دەستکەوتەکانی خەباتی گەلی کوردە،.

# ڕەنگی تلیاك لە (کرماشان) ڕۆژهەڵات ،ڕەنگێك خەریکە ڕەنگی جوانیی کوردەواریی کاڵ دەکاتەوە ! ،

(دەوڵەتی ئێرانی زدە کورد،لە حاستی کورد، هەرکەی گەرەکی بێت. حەرام تەحلیل و حەڵاڵ تەحریم دەکات) مەلایەکی کوردی کرماشانی..

دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان،بە هەر شێوەیەك جا شیاو یان نەشیاو بێت کە بیانەوێت و لە بەرژەوەندی واندا بێت...،کار دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ سڕینەوەی گەلی کوردو داڕنینی کورد لە خاکەی...ئیتر بە لەشفرۆشی،مادەی بەنگەمەنی و هۆشبەر،میلیتاریزە کردن،بە پولخوازکردن،بێکاری و هەژارخستن،و هەزار شێوەی

دیکەی قێزەون بێت یان بە ڕاستەوخۆ بە ناوی تیرۆریستەوە لە رداردان و کوشتن و زیندانی کردن بێت،گەلی کورد لە هەر پێنج پارچەی کوردستان تا کۆتا توانای هەوڵی خۆپاراستنی لەم سڕینەوانە نەتەوەییانەداوە...باسی من باس و پێناسەی ئەو هۆکارو فاکتەرانە نیە بە گشتی بەڵکو گەرەکمە زۆر بە کورتی باسی مادەی بەنگەمەنی(کراك و تلیاك و شیشەو هێرۆین)و بە تایبەت تلیاك بکەم..دەوڵەتی ئێرانی مافخۆری تلیاکپەروەر یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سستکردنی کوردانی ڕۆژهەڵات (تلیاك)ە،ئەو لەویٚ گەل تلیاکیست دەکات و وا لەگەل دەکات بیر لە دایك و باوك و ژن ومندالٚ نەکاتەوە چ جای (گەل و خاك و ئازادی و کوردو کوردستان)،کەسێك بە ناوی (ج) لە کرماشان پێی ووتم (چا دەخوازیت یان تلیاك؟!،هەردوکیان وەك یەك بە دەست دێن!)..وەرن بڕوانن دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی ئێران تەنها بۆ (نەسل کوشی..ڕەتەوەکوژی) کوردان،حەرامترینی حەرامەکان کە (تلیاك)ە، بۆ خەڵك ئاسان و بێکێشە دەکات بە جۆرێك کە لە حەلاڵترینی حەلاڵەکان کە (قورئان)ە،ساناتر وە دەست دەخرێت و نرخیشی زۆر لەخوارەوەیە و هەر کەس بخوازێت تەنها بە (5000) تمەن کە لە باشوری کوردستان نرخی 3 کاتژمێر (ئینتەرنێت–تۆڕڤەچوون)کردنە،وە دەستی دەخات..لای پارکی شیرین لە ناوەندی شاری کرماشان کەسێکی ئالوودەبوو بە تلیاکم چاو پێکەوت کە زۆر بە زەلیلی و داماوی و کزۆڵەییەوە بۆ (پول و پارە ) دەستی بلٚند دو پاشان پان دەکردەوە،بە خاتری ئەوەی لیباس و جلەکانی کوردی بوون زوو خۆم پێگەیاندو لێم پرسی ووتم (بچەای کجایی هستی؟!،مندالٚی کوێیت؟!) زۆر بە خاوی و بە منگنی و بە خەستەو شەکەتییەوە وتی (کرمانشاهی هستم!کرماشانیم) منیش وتم (کورد هستی یا فارس یا ئازری؟کوردیت یان فارس یا ئازەری؟ ) بە گاڵتەجاڕییەو لەگەلٚ لاربوونەوەدا وتی (کورد هستم..فقد توفری

نداره..واسه من تلیاك همه چیزه!وتن،مادر،پدر،زن و بچه،دین و دنیا و کردستان است.کوردم..بەڵام جیاوازی نیە..سەبارەت بە من تلیاك هەموو شتە،نیشتمانە،دایکە،باوکە،ژن و منداڵە،دین و دنیاو کوردستانە!)لە کاتەدا پیاوێکی ڕیشسپی فۆتە بەسەر هاتوو وتی (تۆ لە تلیاکی ناکەی چیتە لەتەك ئەم بێچارە کە گیرۆدەی داوی دەوڵەتە)پاشان وەك شتێك کەمێك ڕاوەستاو ڕەنگە بیری لە بەکارهێنانی ووشەی دەوڵەت کردبێتەوە!،من ووتم قوربان دوو پرسیارم لێ کرد،ڕووی گەشایەوەو وتی (تۆ کوردی مەریوانیت؟!) وتم (نا کوردی ئێراقم )ووتی کوردانی مەریوان کوردی ڕەسەن و خاپەروەرن و پاشان ووتی (من مەلایەکی کوردم و سونەم،دەوڵەتی ئاخوندەکان هەر شتێك پێویست بێت دەیکات بۆ ژێردەستکردنی کوردان و بەلوچەکان،لێرە تلیاك کێشان بووتە مۆدیل و زۆربەی خانوادەکان خەریکی دەبن هەر تلیاك کێشێك حسی قەومی و خزمی و خانوادەیی نامێنێت و دەوڵەتی بە ناو فەقێش ئومێدەواری ئەوەن..لە مەناتقی کوردستاناتدا خوسوسەن (کرماشان و ئیلام) دەوڵەت بێکاریەکی فرەی بڵاوکردوەوتەوەو خەڵك لە بەر بێ پولی پەنا بەر شتهای خراپ و قێزەون دەبەن..دەوڵەت ئەوەندە موشکڵ بۆ مەردمی کورد شروع دەکات،مەردم لەبەر بێچارەی و کەمدەستی پەنا بەر تلیاك و موخەدەرات دەبات!،جاران کۆمەڵەو دیموکرات تەئسیری فرەیان بوو لەسەر تەوقیفی جینایەتی دەوڵەت لەسەر کورد..ئەلعان بوونی (پژاك) لە کۆی داڵاهۆ بۆ هێمە زۆر باش و خوبە..دەوڵەت لە ترسی پێشمەرگەی (پژاك) هیچ دەمێ سەرحاڵ و ئاسودە نیە!براکەم دەوڵەتی ئێران هەرکەی بخوازێت تەحەڵاڵ تەحریم و حەرام تەحلیل دەکات ) مەخابن من کارم هەبوو ،ئەویش بە هەمان شێوە کاتێك خوداحافیزی کردو ڕۆشت وتم حاجی ئاغا ئیسمی شەریفتان؟! ووتی (پێشینەکان کوتویانە ناو موهیم نیە ناوەڕۆك موهیمە)،ئای چەندە خوازیار بووم لە خزمەت ئەو

مەلا نەتەوەییەدا گویٚ بۆ ووتە جوان بە نرخەکانی بگرم..لە بیمارستانی ئیمام ڕەزا لەتەك چەند کەسێك گفتوگۆم کردو داوای کتابێکم لەسەر تلیاك کرد،ئەوان ووتیان جگە لەوەی کتابێك لەسەر تلیاك نیە وەلیٚ ئەگەر هەشبێت لە بەرژەوەندی دەوڵەتەو بۆ خۆشەویستکردنی تلیاکە نەك قێزەون کردنی،چونکە دەوڵەت پێی وایە ئەگەر دۆخی کوردستان خسوسەن کرماشان بەم نەوعە بڕوات ئەوا مودەیە تر شەڕی فارس و کورد دەبێتە شەڕی (تلیاك و کورد) هەروەها ئەوان ووتیان ئێستا دەوڵەت کار دەکات بۆ ئەوەی لانی کەم یەك لەسەر سێی کرماشان تلیاکی بکات و شعوری ئینسانی مەردم بخاتە ژێر سفرەوەو کورد بەرەو هەڵدێر ببات..کەسێك پێی ووتم (چۆن لە ناو کورداندا بە کسێکی فشەکار دەوترێت خۆ کێوی داڵاهۆت نەگرتوە،ئاواش لە ناو فارسە ئیتڵاعاتەکاندا دەوترێت خۆ کوردو بەلوچێکت فێرە تلیاك نەکردوە؟!) ..خوێنەری دەلال تلیاك هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ سەر گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەت و کرماشان بە تایبەتتر!،تلیاك هەڕەشەیە بۆ سەر ئەخلاقی پاك و جوانی کوردەواری..ئەگەر کوردان یەك دەست و یەك بیرو بیٚ جیاوازی ژن و پیاو و چەپ و ڕاست، بەربەستێك بۆ هێرشی تلیاك (ئەنفالی سپی) دروست نەکەین گەلەکەمان دووچاری مەترسییەکی گەورەی نەتەوەیی دەبێتەوە و ئەگەری نەمانی تەواوی هەستی نەتەوەیٍی لیٚ دەکرێت!،وەرن با بیرێك بکەینەوەو بپرسین دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بۆ ئەوەندە سوورن لەسەر کپکردنەوەی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد؟!باشە ئێمە بۆ ئەوان وەك چی واین؟!،وەرن با هەموومان ڕێگە بگرین لە تەجاوزی نائەخلاقی و نائینسانی تورکە کەمالی و ئەردۆگانیەکان کە لەسەر منداڵانی کورد پەیڕەوی دەکەن..وەرن بە گژ تلیاك و مادەی هۆشبەردا بچینەوەو لەتەك ڕۆژهەڵاتیەکان وەکو جاران ببینەوە یەك نەتەوە!،وەرن بە بە دەنگ و خۆپیشاندان و واژۆ خڕکردن و نوسین ومانگرتن ڕێگە

نەدەین چی تر دەوڵەتی نەفرەتی سوریا هێرشی ناشەرەفی و نا ئەخلاقی بکەنە سەر دایکانان و خوشکانمان لە ڕۆژئاڤای کوردستان..دە وەرن با هیوا لە قەندیل،دەست لە ناو دەست،دڵ لای خودا،خەباتی نەتەوەیی کوردانە دەست پێبکەین و وڵاتی کوردەواری ئازادو سەربەخۆو خودموختار بکەین..تف لە تلیاك و ئەخلاقی تورکان و شەرەفی بێشەرەفیانەی عەرەبی سوری و هەڵوێستی داگیرکارانی کوردستان..

تێبینی:ئەو کەسانەی ووتەکانم هێناون لە بەر ڕەوشی ئاسایش ناوم نەبردوون!،

# ماردینەکەی بێریڤان شاری ئێمە نیە!..،

((ئەو ماردینەی ئەڤین و ئارامۆو بێریڤان باسی دەکەن یان ماردینەکەی ئێمە نیە، یان ئەگەر ئەو بێت شێوێندراوەو بەدنیشانکراوە..))

خوێنەری دەلال تکایە بە ویژدانەوە بیخوێنەوەو بڕیار بدە....ماوەیەکە کەناڵێکی بە بۆچوونی من فەرمیی حکومەتی تورکیا بە نێوی کەناڵ 4 لە باشور کوردستان کراوەتەوەو هاو خەباتی (trt6)ی دۆستیان کەوتونەتە وێزەی کورد..کوردستان..ئەخلاق..کۆمەڵایەتی..،ئەم کەناڵە بە ناوکوردیە ناوی کەناڵ

چوارە،گوایە ژنانئاسایی گوێی شەیتان کەڕ بێت ئەم (چوارە ئینگلیزیە سوورە،کە هێندەی لە سوورییەکەی ئاڵای تورك دەچێت نیو هێندە لە سوورایی خوێنی شەهیدانی کورد ناچێت!) بە خاتری خوێنی شەهیدان و چوار پارچەی کوردستانەو پارچەکەی ئەرمەنستانیش بۆ کەناڵێکی تر ئەگەر خودا ناردی دانراوە !..لە ڕاستیدا ئەمە وەکو مرۆڤێکە بە قاتێکی کوردی و تەسبیحێکی قەزوان و (یەك) جووت کڵاشی هۆرامی و جەمەدانیەکی کوردیەوە بەرچاو بکەوێت، کەچی داماوە کوردی نازانێت و لە کۆمپانیای (ئومەمی موتەحیدە..کورە ببورن عادلی موتەحیدە) کارمەندەو لە یاریشدا یان هاندەری تورکیا یان ئیسرائیلەو جەمەدانیەکەشی ڕێك و پێك سورێکی جوانەو ئاڵای تورکیای موعاسرە!،ئەم کەناڵ (چارە،چوارە) بە ڕای من دەبا یان ناو بنرایە کەناڵ (یەك)،یان ناوبنرایە کەناڵ (حەوت)،بۆ ئەوەی کەناڵ یەك،چونکە تورکیا یەك میلەت یەك زمان یەك خاکە ئەمانیش هەر سەر بەو یەکەن ئیتر بۆ گەشتونەتە چوار؟!،بۆ ئەوەی حەوتەکەش..ئاخر تەڕەتور..ببەخشن تەڕەتە6 هەیە ئیتر ئەمانیش پێویستە حەوت بن نەك چوار!،هیوادارم من بە هەڵەدا چووبم و پێچەوانەکەی ڕاست بێت...خوێنەری بەڕێز ڕەنگە لە من باشتر ئاگادار بێت..هەر ئەم کەناڵ 4 (trt4)ەی لای سەرەوە باسمان کرد ماوەیەکە خەریکی گەرمکردنەوەی خواردنێکی بەسەرچووی دژەکوردی بێ کاریگەر کراوە،ئەویش درامای (بیریڤانە) کە دادە سبیلجانی خۆیان ڕۆڵی سەرەکی ڕسواکردنی کوردو بەدنیشاندانی کۆمەڵگای باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری ماردین (مێردین) ی تێدا دەبینێت!،لەم شاری ماردینەی کەناڵ چواردا مرۆڤ کوشتن وەك نیسکافە خواردنەوە وایە..ئافرەت دزین و یاخیبوونی دژە یەك هەر فرە ئاسانە!،پارەپەرستی و خێڵگەرایی و دواکەوتویی هەر باس ناکرێت کە لە شاری ماردینی کەناڵ چواردا چەند زۆرو بەر بڵاو تەشەنەی سەندوە!،سەرتان نەیەشێنم

هەرچی شتی باش بێت لە شارەکەی دراما گەرمکراوەکەی کەناڵ چوارو پورە بێریڤان و دادە ئەڤین و کاك ئارامۆدا بەدی ناکرێت و هەست دەکەیت نەك تەنها ئەم شاری ماردینە بەڵکو شارەکانی ئامەد،باتمان،قارس،هەکاری،ئەسکەندەرونە،دێرسیم،بەکاری ژیان نایەن و شەڕو ئاژاوەیان تێدایە وەك ئەوەی بێریڤانەکەی کەناڵ چوار ووتی!!،لای بینەری خەڵەفاوی داماوی کوردستانیش (لەگەڵ ڕێزم) ئەم بێریڤانە خۆشترین و بە تامترین درامای تورکیی بە کوردی کراوە!،خۆ خوێنەری کورد ئاگای لەوە نیە کە ئەم دراما خۆشەی کەناڵ چوار هەر لە ئەنکارا(پێتەختی تورکستان) وە تا گەشتوەتە هەولێر (پێتەختی باشوری کوردستان) سیاسەتی پیسکردن و ناشیرین کردنی کۆمەڵگای کوردی پەروەردە کردوەو پڕۆڤەی کردوە!،بینەری کورد نازانێت ئەوەی لە دوژمنەوە پێشبخرێت تەنها خراپەو بەدکاریە،باشە وای دانێ کەناڵ چوار وەزیفەو کاری خۆیەسی و بۆ خزمەتی تورکیای کەمالیی دەکات و کەلێنێك لە بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی کاك کەمال ئەتا تورك پڕ دەکاتەوە ،ئەی کەناڵەکانی تر خۆ ئەوانیش (چوار) نین ئەی بۆ بێ دەنگ و سەنگن و نقەی لێ ناکەن؟!،جارێك لاوێکی ماردینی پێی ووتم ماردین گەلەك خۆشەو ئەهلەکەی گەلەك بە هەست و نەستن و گەلەك ژی هشیارن لی بێریڤان خەاراب کرد!،ئاخر خۆ دەبێت بینەرانی بەڕێزو خۆشەویستی کەرکوك و سلێمانی و هەلێرو دهۆك بزانن ئەمڕۆ ناشیرینکردن لە ماردینە سبەی لە ئەوانە!،کێ لە ئێمە پێی خۆشە گاڵتەو گەپ بە شارەکەی بکەن و شارەکەی قێزەون و دواکەوتوانە نیشان بدەن؟!هەرکەس بۆخۆی..ئاگرەسورە لە خۆم دوورە،دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوە با با نەیبات!،.ئەی باشە بۆ قبوڵی بکەین گاڵتە بە کوردستانی گەورە بکرێت؟! لە لایەك مورادو لە لایەك ئەرز تیبە و لە لایەك بێریڤان،لە لایەك بە گەریلاکانی (pkk) دەوترێت تیرۆریست و مرۆڤکوژ،لە

لایەك بە کورد دەوترێت دواکەوتوو،لە لایەك بە شارە کوردیەکان دەوترێت پڕ کێشەو ئاریشەو سەرئێشەهێنەر!، دەی عەرەب و فارس و تورك و ئەرمەن.. کاممان تیرۆریستین خوا ڕووتان ڕەش کات؟ ئێوە خاکی ئێمەتان داگیرکردوەو مندالّ و ژن و لاومان بە ناهەق دەکوژن و بە مرۆڤمان نازانن ..ئێمە بەرگری ڕوا دەکەین کاممان تیرۆریستین؟!،باشە ئێمە دەسەلاّتی (mbc) مان نیەو لێمانەوە دوورە تا شتێك لە دژیان بکەین..ئەی کەنالّ چوارەکەی لای خۆمان ئەوەی هەولێر چی؟!،وای دانێنن ڕۆژێك بیّ ئاو یان شەوێك بیّ کارەبا بووین دەی با خۆپیشاندان بکەین..بابە ئەمەش نا، بەلاّم با تەنها (تەماشا) ی ئەو جۆرە درامایانە نەکەین ،خۆ کەس بە تەماشا نەبووە بە پاشا..لەم ماوەدا کۆمەلّێك دەزگاو ڕێکراوی گەرمیان بلاّوکراوەیەکیان بلاًوکردوە بە ناوی (نا بۆ درامای ئەرز تیبە،بەلّیّ بۆ داخستنی) بەڕاستی زۆر خۆشحالّ بووم کە کەسگەلێك لە ئێمە هەنە هەست بە ترسناکیی درامای تورکی لە سەر نەوەکانی کورد دەکەن و هەست بە خەمی سوکایەتی کرد بە گەلەکەیان دەکەن!،خوێنەری ئازیزو دەلال.. ئەو شارەی کە ئەڤین و ئارامۆو بێریڤان باسی دەکەن گوایە شاری ماردینی باکوری کوردستانە ..یان ماردینەکەی ئێمە نیە یان ئەگەر ئەو بێت شێوێندراوەو سیناریۆیەکی درۆینەی بۆ نوسراوە..

## ئازادی و ئالّتون،لە بالّندەیەکەوە بۆ گەلەك..

### (با هەموو شتەکان بخەینە حزمەت بەدەستهێنانی ئازادی)

پیاوێك هەبوو فرە دەولّەمەندو پارەدارو دەسڕۆ بوو،ژنێکی فرە جوان و ڕێك و پێکی هەبوو، ژنەکە ڕۆژێك داوا لە هاوسەرەکەی دەکات و دەیەژێت پیاوەکە ئەز لە مالّەوە تەنیام گەلێ بێتاقەتم و حەز دەکەم هاوڕێیەکەم هەبێت و لەتەکیدا خۆم

مژوڵ بکەم،بۆیە داوات لێدەکەم برۆیتە ڕاو و باڵندەیەکی جوانم ئەگەر بولبول بێت زۆر باشە بۆ ڕاوکەیت،بۆ ئەوەی تەنیایم بێزارم نەکات،پیاوەکەش دەستبەجێ باشەی لۆ دەکات و دەیەژێت بە چاوان هەر ئەورۆ دەڕۆمە چیاو کارێکت بۆ دەکەم،دەڕواتە چیایەکی تەواو سوتاوو بێدارو بێ درەخت و زۆر ناخۆش لە ڕووی سروشتییەوە،بەهەر دۆخ و حاڵێك کابرا باڵندەیەك کە بولبول دەبێت ڕاو دەکات و دەیهێنێتە ماڵەوە،دواتر ماڵۆکە(قەفەز)ێکی لە ئاڵتون بۆ چێ دەکەن و زۆر جوان دەیڕازێننەوە،زۆر خۆشیان دەوێت،بە تایبەت ژنەکە هەمیشە لە تەکیدا وازیی دەکات و خۆشترین دان و دانەوێڵەی بۆ ڕۆ دەکات و هەر ڕۆژیش جێگەی پاك و خاوێن دەکاتەوەو هەر کاتیش بچنە دەرەوە لەتەك خۆیاندا دەیبەن،زۆر بە باشی و هەموو هەفتەیەك کەسی تایبەت دەهێنن بۆ شتن و پاککردنەوەی،بە هەر حاڵ دەیکەنە ئەندامێکی خێزانەکەیان،بەڵام ئەندامێکی (نائازاد!)،بە تەواوی ژیانی ئەو بولبولە خۆش و پڕسەرفرازیی دەکەن بەڵام لە ناو ماڵۆکەدا،ساڵ هات و ساڵ چوو،ڕۆژێك ژنەکە لە بێزاری و بێتاقەتیی بولبولکە نیگەران بوو،بۆیە لە تەك بولبولی نائازددا کەوتە ئاخاوتن و وتی (هاوڕێم ئەم ژیانەت پێ چۆنە؟ئایا ژینی ناو چیا سوتاوە بێدارەکە تۆشی نەسوتاندبوو؟لێرە تەنانەت ماڵۆکەکەشت لە ئاڵتونە،ئایا لەم دۆخەدا ژیانت زۆر خۆش نیە؟،هاوڕێم بەڕاست لەو شوێنە ناخۆشە چۆن ژینت دەگوزەراند؟،لەو چیادا ڕۆژانە زۆربەی کاتت تەرخان دەکرد بۆ پەیداکردنی خواردن و دان،وەلێ لەیرە زۆر بە ئاسانی دانت دەست دەکەوێت و سەرماو گەرماشت هەمووی ڕێك و پێکە،بەڕاستی پێمبێژە بۆ خۆشحاڵ و دڵخۆش نیت؟بۆ کەیف ناکەیت؟بۆ شاد نیت؟،بۆ ناخوێنیت و بۆ گۆرانی ناچڕیت؟) بولبولیش زۆر بە ڕاشکاوی و زۆر بە زاڵیی وتی (هاوڕێی زیندانم!،من هەژاری و بێ دانی و چیای سوتاوو زەلکاوی ڕەش و داری ڕەق و تەق لەتەك ئازادیدا،ناگۆڕمەوە بە ماڵۆکەی

ئاڵتون و دانی خۆش و قەسرو کۆشکی پڕ خۆشیی و ئاوی بەردەوام و جێگای هەمیشەخاوێن و سەرماو گەرمای ڕێك و پێك ) دوای ئەم هەڵوێستە فرە نرخدارەی باڵندەکە،ژنی ماڵەکە زۆر بە دڵفراوانیەوە باڵندەکەی ئازادو سەرفراز کرد،باڵندەکە لە دوا وتەیدا وتی (من بۆ ئازادی ئامادەبووم بمرم،ئازادی شایستەی خەباتە)

خوێنەری دەلال لەم چیرۆکە کورتەدا زۆر شت خۆیان نیشان دەدەن و پێویست بە شرۆڤە و باس ناکات،وەلێ لە کۆتاییدا دەبێژم ئەی گەلی کوردی بێدەوڵەت و نائازاد،ئەی ئەو گەلەی خاکەکەت داگیرکراوەو کراوەتە پێنج بەش،با هەمووتان یان با هەمووومان پێکەوە لەم باڵندەوە فێر بین و وانە وەرگرین و خاك و گەل و نیشتمان و ئازادیمان نەفرۆشین بە پارەو کۆشك و تەلارو ئاڵتون،با ئازادی بکەینە سەرەکیترین ئارمانجمان و بێووچان و پێکڤەڕا کاری بۆ بکەین،با لە بری ئەوەی بۆ پارەو نان و کۆشك خۆمان بە کۆیلەی داگیرکەرانی کوردستان بکەین،پارەو نان و کۆشك و ژیانیشمان بخەینە خزمەت بە دەسهێنانی ئازادی و ئازادیی گەلی کورد لە هەر پێنج پارچەی کوردستان بکەینە دروشم و بێجیاوازیی لە نێوان باکورو باشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤای کوردستان خەبات بکەین بۆ ئازادیی نەتەوەیی،با کەڵك لە هەڵوێستی ئەو باڵندە وەرگرین و ژینمان بکەینە قوربانی ئازادی،بە یارمەتی خوداو بە هیوای هێزی گەل بەرەو ئازادی یەکجارەکی بۆ گەلەکەمان..

## کاراکردنی هێزی گەل و سودەکانی بۆ کورد،.

((چالاککردن و ڕێکخستنی هێزی گەل، نیشانەی هەڵاتنی خۆری ئازادییە))

چالاککردن و کاراکردنی هێزی گەل کەی دروست دەبێت؟ئەم کاراکردنە چۆن دروست دەبێت؟،سودەکانی کاراکردنی هێزی گەل چین؟،کاراکردن و ڕێکخستن و بە یەککردنی هێزی گەل بۆ کورد تا چەند گرنگە؟!،هێزی گەل بە تەواوی مانا هێزی جەماوەرییە و دەتوانین لە پێشخستنی چەمکی هێزی گەل و کاراکردنی هێزی گەلدا ئازادیی و مافداری گەل بە ڕاست و دروست ببینین..یەکێك لە ئاریشە بنەڕەتیەکانی هەر (دەوڵەت،پارت،سازی،گروپ و تاقم)ێك لە جیهاندا بە جەماوەریی نەبوونە،پرسیارێك لێروە سەر هەڵدەدات،ئەویش ئەڤەیە ئایا دەرخستن و پێشخستن و سەرخستنی (هێزی گەل) واتای سەرکەوتن و تۆکمەیی بوونی لایەنی پێشخەری ئەو چەمکەیە؟!ئایا ئەو لایەنەی هەوڵ بۆ ئاواکردنی کارایی هێزی گەل دەکات بۆ سەرکەوتنی هزرەکەیەتی؟.،ڕەنگە وەڵامی (بەڵێ) بۆ وەها پرسیارێك نابەجێ نەبێت و دروست بێت..چونکە بە جەماوەریی بوون و بە خەڵکی بوون ئەگەر هەموو ئاریشەو ئاڵۆزیەکان چارەو بنەبڕ نەکات، ئەوا بێگومان لە سەدا نەوەتی 90٪ ئاریشەکان چارە دەکات، ئیتر ئاریشەی نەتەوەیی یان چینایەتی یا دینی یا کۆمەڵایەتی بێت..ئێستاش زۆر بە کورتی لەو بابەتەو چەمکی کارایی هێزی گەل و سودەکانی بۆ گەلان و بە تایبەت بۆ گەلی بندەستی مافخورای کورد دەدوێین..انشالله بە هێڤیی ئاوابوونی کارایی (هێزی گەل heziy gel) بۆ مبللەتی کوردو بە ئاکامگەیشتنی هەوڵ و تەقەلاکانی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردو ڕزگاربوونی تەواوی گەلە بندەستەکانی وەك (هندیە سورەکان،فەلەستین،باسك،تامیل،بەلوچ،ئەمازیخ،ڕەشپێستەکانی ئێراق)

- **کارایی هێزی گەل کەی دروست دەبێت؟!..**

لە کاتی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چەوسانەوەی چینایەتی و لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی جیهانی پەیوەند بە گرد نەتەوەکانەوەو تەنانەت لە کاتی چەوسانەوەی

ڕەگەزایەتی بە نمونە چەوسانەوەی (ژن)، هێزی گەل بە ڕێکخستن و پێشخستن دروست دەبێت..ئایا ژنان، لاوان، پیاوان، کۆیلەکان، سەرمایەداران و هتد...،بە تەنها لە کاتی جەمبوونیاندا بە هێزی گەل ئەژمار دەکرێن؟،یان دەتوانن ببنە نوێنەری هێزی گەل؟!، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت کەمێك ڕاوەستین و پاشان بێژین بەڵێ، هەر یەك لەو چینانە لە کاتی چەوسانەوەیان لە لایەن هێزێکی ستەمگەر یان داگیرکار یان سەر دەستەوە تا ئاستێك ڕەوایە لە جەمبوون و هاوخەباتبوونیاندا ناوی (هێزی گەل)یان لێبنرێت..وەلێ لەمە زۆر گرنگتر کۆبوونەوەی تەواوی ئەم چینانەیە لە ئەنجومەنێکدا و ئەو کات بەڕاستی وبە جۆرێکی چالاکانە دەبنە(هێزی گەل)..لە کاتێکدا مرۆڤەگەلێك بە یەك نیشتمان و یەك زووان و یەك کلتور کە ڕاستیەکەی دەکاتە (نەتەوە–میللەت) لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بەگشتی بواری (چەوساندنەوەی نەتەوەیی) دەکات، دەچەوسێنرێنەوە ..ئەو کات لە ئەنجامی هەستکردن بە چەوسانەوەی گشتی و بینەوەی خود لەو چوارچێوەیەدا، تاکەکانی کۆمەڵگا(گەل) هەنگاو بەرەو ئاواکردنی هێزی گەل دەنێنێن،یان هەندێك جار بە ئاوایەکی خۆکاریانە (ئۆتۆماتیکی) خۆیان لە ڕیزی هێزی گەلدا دەبیننەوەو هێزی گەل بە شێوەیەکی کارا دروست دەبێت،پاشان پێویستە ئەم هێزەی گەل پەروەردەو فراوان بکرێت و باش و باشتر بکرێت بۆ ئەوەی پەرش و پەرتەوازە نەبێت .،

- **کارایی هێزی گەل چۆن دروست دەبێت؟..**

هێزی گەل لە ڕاستیدا لە هەموو میللەتێکدا بوونی هەیە، چونکە هێز لە ناخی هەموو تاکێکدا چەکەرە دەکات بەڵام کێ پەروەردەی دەکات و گەورەی دەکات و دەیخاتە خزمەتی هاونیشتمانایەوە؟! لێرەدا دەتوانین بێژین هێزی گەل چۆن چالاك و ئاکتیو دەبێت و دەکرێت؟!، ڕۆشنبیرکردنی تاك لە کۆمەڵگادا بۆ هەر لایەن و

بوارێك دەتوانین سودی لێوەرگرین،بۆ ڕێکخستن و بە یەککردنی هێزە پەرتەوازەکانی گەل و کۆکردنەوەی لە ژێر یەك ئاڵادا سود لە ڕۆشنبیریی تاك یان تاکی ڕۆشنبیر وەردەگیرێت،پێویستە تاکەکان حاڵی بکرێن بۆ هێزی گەل گرنگە؟چی پێبکەین؟دەبێت بە بڵاوکراوە(دووروەشان و ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان) و هەر جۆرە ڕاگەیاندێك و بە کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار (تاك) وشیار بکرێتەوە لە مافەکانی خۆی و تێبگەیەنرێت کە دەبێت چ بکات و لە چی خۆی بەدوور بکات،تاك فێر بکرێت کە چۆن فێر بکات.،تاکی وریای خاوەن (نەخێر) دروست بکرێت و بە تەوری ئازادی (بەڵێ) کانی ملکەچیی تاك،بشکێنرێت!،لە لایەن لێژنەی شارازەو دڵسۆزەوە کار بکرێت بۆ ئاشتەوایی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە کێشە کۆمەڵایەتی و تایفیەکانی گەل.،پارت و ڕێکخراوەکان و دەستەو گروپ و ئەنجومەن و هەرێم و دەڤەرو گەڕەك و شارو لادێکان بە بەردەوامی کۆببنەوەو گفتوگۆ بکەن و ڕاوبۆچوون ئاڵوگۆڕ بکەن.پێویستە لە ناو تاکەکانی کۆمەڵدا دروشمەکانی (من یەکم بە تۆوە دووم،هێز لە یەکێتیدایە،بێدەنگکردنی کەسێك ئاسانە بەڵام بێدەنگکردنی هەزار کەس مەحاڵە،چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت،مەرگی تۆ مەرگی منە،دەستەجەمی بە بێ خەمی و هتد..) وەك ئەوەی ئێستا لە خۆپیشاندانەکانی باکوری وەڵاتدا هەیە، بە شێوەیەکی ڕوون و ڕێك و پێك پێشبخرێت و کاری لەسەر بکرێت،لەم ڕەوشەدا دەتوانین (یەکێتی نەتەوەیی،یەکبوونی گەل،یەکڕایی تاك) بەدی بکەین.،

- **سودەکانی کارایی هێزی گەل..**

بە کارخستن و چالاککردنی هێزی گەل بۆ هەر میللەتێك سودی زۆرەو سودەکان لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دی جیاوازن.،لەوانە ،دەوڵەتانی داگیرکارو چەوسێنەرو سەرمایەدار و ئیمپریالیزم و سەرکوتگەر لە بەرامبەر هێزی زۆرینەی جەماوەردا واتە

(هێزی گەل) چانسی سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئارمانجە پیسەکانیان کەم دەبێتەوەو هێزی ستەمگەریان لە بەرامبەر هێزی هەقخوازی گەل چۆك دادەن.،هێزی جەماوەریی مافپەروەری بێ چەکی گەل، ترسێنەری هێزی چەکداری دەوڵەتگەرایە،دەوڵەتانی داگیرکارو مەبەستپیس دەمێ کو دەبینن دژبەرەکانیان واتە ئازادیخوازەکان، یەك و دوو سێ و کەمن و هەموو لە ناو یەکدا خەریکی خۆکوژی و جەنگی ناوخۆیین و پارەپەرست و شایەنی ئاگاهی نین، هەر زوو لە ناویان دەبەن و دەیانکوژن رۆژەڤی کوشتنیشیان گوم دەکەن و رێرەوی دەسەڵاتیان بە ستەم درێژ دەکەنەوە.،،بەڵام کاتێك ئەم یەك و دوو و کەمە بە پێشخستنی چەمکی (هێزی گەل،چارەی گەلە)پتر دەکرێت و دەبێتە هەزار و پاشان دەبێتە هێزی لە بن نەهاتوی جەماوەر و یەکێتی ڕاستەقینە پێشدەخرێت و بەرژەوەندیە کەسییەکان پشتگوێ دەخرێت،ئەو کات دەوڵەتانیش لە ناوبردنی ئەو هێزەیان بۆ دەبێتە خەون و ناتوانن هێزێکی تۆکمەیی نەتەوەیی یان جەماوەریی لە نێو ببەن، پاشان سەرهەڵدانی گەل بە ئاوایەکی (دەستەجەمی) بەر پا دەبێت و پاشان ئازادی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، واتە دەتوانین کار کردن بۆ رێکخستنی هێزی گەل بە کار کردن بۆ ئازادی ناو زەند بکەین و هێزی گەل و ئازادی بە تەواکاری یەکدی بزانین،یەکێکی تر لە سودەکانی هێزی گەل،یەکێتیی نەتەوەیەو هەر چەند هەموو لایەنەکانی ئاواکردنی هێزی گەل بۆ کورد گرنگە بەڵام ئەمەیان واتە یەکێتیی نەتەوەیی زۆر گرنگەو دەبێت کورد بە تەواوی تواناوە کاری بۆ بکات و هەر رێگاو رێبازێك پێویست بکات بۆی بیگرێتەبەر،دەبێت دروشمی (ژیانی ئازاد،یان ئازادی یان مردن،ئیتر بەسە) بێنێتە سەر زارو گۆی بکات و جێبەجێی بکات.،لە یادمان نەچێت یەکێکی تر لە سودە باشەکانی کارایی هێزی گەل دوای سەرکەوتنی خەبات و شۆرشی هێزی گەلە، ئەویش بە دەستهێنانی دەسەڵات و

حکومەت و پەرلەمانە، لەم کاتەدا دەسەڵات وەکو شێوە باوەکەی نابێتە موڵکی یەك پارت و دوو پارت و ئەم لایەن و ئەو لایەن بەڵکو ڕاستەوخۆ دەبێتە موڵکی گەل و گەل خۆی فەرمانداریی خۆی دەکات و بڕیار لە مافی چارەی خۆی دەدات..

- ڕێکخستنی هێزی گەل بۆ کورد تا چەند گرنگە؟!،

ڕێکخستنی هێزو هەڵوێست و بیرو خەباتی گەل بۆ میللەتی کورد لە دوای نان و ئاو گرنگترین بە نرخترین تشتە!،بۆ ڕاستی ئەمە پێویستە سەیرێکی دیرۆکی لەتلەتی و پارچەپاریی گەلمالن و کوشتن و بڕینی دوژمنان و بەسەردا تێپەڕینیان بکەین،دەبێت ئەزموون لەساڵانێك وەرگرین لە هەر پێنج پارچەی کوردستان قڕ دەکراین و دەکوژراین بێ ئەوەی کەس ئاگای لە کەس بێت و کەسیش هاوهەڵوێستی هاومیللەتەکەی خۆی نەبوو،دەبێت بزانین کاراکردنی هێزی گەل لە ڕووی بیرو بەرنامەو ئابووری و سەربازی و خەباتەوە زۆر گرنگەو بەرهەمەکەی ئازادیی نەتەوەیی دەبێت!،هەر یەك لە ئێمەی (تاك) کەمێك لە هێزو هەڵوێستمان لایە،لە تەك یەکخستنی ئەم هێزە کەمانەدا (هێزی کۆمەڵگا،هێزی گەل) بەرهەم دێت،بە نمونەیەك ئەمە فراوان دەکەین (ئەگەر یەك دڵۆپ ئاو لە وەرزی هاویندا و بە ناو بیابانێکی زۆر گەورەدا بکرێت،بە چ یاسایەك چاوەڕوانی مانەوەی ئەو تەنها دڵۆپە ئاوە دەکرێت؟!،وەلێ ئەگەر دەریایەك لە دڵۆپە ئاو بە بیاباندا بکرێت ئەو کات هەموو بیابان تەڕ دەکات و ڕادەماڵێت و دووریش نیە کارەساتی سروشتی بێنێتە ئاراوە) بۆ کورد ئەم نمونە زۆر گرنگەو دەبێت بیری لێبکەینەوە،پێویستە هەموو تاکێکی کورد لە ماڵەکەی خۆیداو لە سەر تابلۆیەکی ئاشکرا،هەم وەك پێشنیارو هەم وەك فەرمان بۆ داگیرکاران و مافخۆرانی گەل، بنووسێت ((ئەز کوردم ناسنامەی نەتەوەیی سەربەخۆم هەیە،دەیپارێزم،دەبێت بمناسن)) نووسینێکی لەم جۆرەو پتەوکردنی هێزی فەرهەنگیی گەل دەبێتە مایەی هێنانەکایەی سیستەمی

ئاكتیوكردنی هێزی گەل و سیستەمی پاراستنی ناسنامەی خۆیەتی.،پاراستنی ناسنامەی خۆیی لە لایەن گەلەوە ئەگەر هەموو تاكەكان پێڕەوی بكەن دیسان دەبێتەوە كاراكردنی (هێزی گەل) و چقڵی چاوی دوژمنانی كورد.،بە یەككردنی هێزی گەلی كورد لەسەر بنەمای نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادیەكان و ڕێكخستنی ئەنجومەنی پارچەكانی (باكور،باشور،ڕۆژهەڵات،ڕۆژئاڤا،باكوری ڕۆژهەڵات ) ی كوردستان و هەر لایەك كە كوردی لێیە،لە هەر كارێك و لە هەر سیاسەتێك بۆ میللەتی كورد پێویستتر و گرنگترەو هەنگاوێكە بۆ سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی كورد، دەبێت هەموو تاكێك بە پێی ئەركی خۆی كاری بۆ بكات و هێزی گەل و یەكێتیی گەل بەرهەم بێت!،(ئەو ڕەنجەی كە گەل سەرچاوەكەی بێت..بەرهەمەكەشی هەر لۆ گەل دەبێت..)

## قەندیلی كورد..ناوەندێك بۆ ژیانی ڕاستەقینە..،

((شەڕم ناوێت شۆڕش دەکەم لە قەندیل..ئەڤ پەیامە دەگەیەنەم جیل وە جیل))

زنجیرە چیای قەندیل (دۆستی کەرکوك،ئامەد،مەهاباد،قامیشلۆ،لاچین،ئەریڤان) لای زۆربەی گەلی کورد ناوێکی خۆشەویست و ناسراوەو دەکەوێتە نێوان سنورەکانی باکور–ڕۆژهەڵات–باشوری کوردستانی مەزنەوە..ئەم چیایانە بە درێژای سەدەکانی ڕابووردو وە ئێستاشی پێوەبێت لانکەی پاراستنی ڕۆڵەکانی کورد و شۆڕشگەی میلەتێکی چەوساوەی مافخواز بووەو تەنانەت لەتەك ناوهاتنی قەندیلدا ناسنامەو پاراستن و شۆڕشی کوردان وە بیر دێتەوە..هەمیشە کوردان بۆ خەبات و ماف و تەنانەت خۆپاراستنی ئاشتیانە پەنایان بردوەتە بەر کێوەکانی (قەندیل،زاگرۆس،تۆرۆس،قەرەداخ،دالاهۆ،جودی و هتد..) بۆ ئەمەش بەڵگەی روونی شوێنهەوارو مێژووی بوونی هەیەو بە لێکۆڵینەوەو کنەو شارۆی دڵسۆزانەو زانستیانەی شارەزایانی بواری ئارکۆلۆژیا (شوێنەوارناسی) ڕاستی و دروستی ئەم ووتەمان جوان تر بۆ  بە دیار دەکەوێت و ڕەنگیشە بگەینە بنەمایەکی بڕواپێکەری بەڵگەدار بۆ ڕاستیی ئەوەی کە دەوترێت (کوردستان لانکەی شارستانیەت و مرۆڤی سەرەتاییە)،.ئەو کات دەتوانرێت شتی دیکەی شاراوە لە سەر مرۆڤگەلی سەدەکانی کۆن بدۆزرێتەوە..ڕەنگە ئەمە ئێستا مەحاڵ بێت و گەلێکی بێکەسی وەکو کورد لە سەرقاڵیی بۆ بابەتگەلی دیکەی وەکو (سەربەخۆیی،ئازادی،مافی ژیان،پاراستنی زمان و کلتور و چەند شتێکی تر) ئەم بەرنامە نەخاتە چوارچێوەی هەگبەی کارنامەی ئامانجەکانیەوە...

قەندیل و شارستانیەت...

دەمێك دەگوترێت کوردستان لانکەی سەرهەڵدانەوەی مرۆڤایەتیە یان بە جۆرێتر کوردستان لانکەی پاراستنی ڕاستیەکانی دیرۆکی و شارستانیەت و ژیاریە،.ئەگەر ڕاستیی ئەم دێرە ڕوون بێتەوە کە دڵیام لە (جودی،ئامەد،ئۆرفا،زاگرۆس،هەزارمێرد،شانەدەر،چەرمووی گەرمیان،سەردەشت و کرماشان،هەورامان و بێتواتەو قزقاپان و ئەفرین و هتد..) ڕوون دەبێتەوە،ئەو کاتە پارێزەری مرۆڤەکانی وڵاتی چیا (کورداخ،کوردۆئین،کوردستان) و قەندیل ڕاستەوخۆ دەبنە پارێزەری ڕاستیەکانی شارستانیەت و ژیانی سەرەتایی تەواوی مرۆڤەکان، چونکە ڕۆڵەکانی گەلی کورد (گەریلاو پێشمەرگە) لە قەندیلدا خۆ دەپارێزن و خەبات و بەرخودان دەکەن و پەرە بە پێشکەفتنی کۆمەڵایەتی و ڕەسەنایەتی مرۆی دەدەن و قەندلیش ئەوان دەپارێزێت کەواتە هەڵەمان نەوتوە ئەگەر بێژین (قەندیل پارێزەری شارستانیەت و مێژووی کۆنی جیهانە)،لە قەندیل ڕێز لە هەموو دین و مەزەب و بیرو ڕێبازو نەریتەکان دەنرێت ئەمەش بۆ خۆی ڕێخۆشکردنە بۆ گەشتنە ئەنجامی (نادیاریەکانی مرۆڤی کۆن و دین و هزرە کۆنەکان) و هاندەریشە بۆ شانازی کردن بە ڕەگەکانی ناو دیرۆکەوە،بۆ؟! چونکە کاتێك ڕێز لە هەر دینێك و فەلسەفەیەك و هزرێکی دێرین دەگیرێت ئەوە مانای ئەوە نیە کە (کۆنەپەرستی یان کۆنپارێزی) پێشدەخرێت،نەخێر بەڵکو ئەوە پاراستنی ئەزموونی باپیرانمان و مرۆڤە دێرینەکانە کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕەگی دیرۆك و پێشینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە.،ئەمە نەك بۆ دووبارەکردنەوەو دەستکردنەوە بە ژیانی سەرەتایی بەڵکو وەکو (ئەزموون و پەندو مێژوو)و بەس!،یان نا... ڕەنگە بتوانین زۆر کات وەك لە نووسراوەکانی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)دا زۆر بە تێرو تەسەلی بە دی دەکرێت، سود لە ژیانی دۆستانەو دەسەڵاتی سۆزداریانەو ئاشتیانەی ژن و فەرمانداریی دایك و سیستەمی موختاریەتی گەل (گەلمیریی)

وپێشکەوتنی زانستیانە دێرین ببینین و وەك ئەزموونی سودبەخشی هەنوکەییانە بە کاریان ببەین..،

## قەندیل و ئافراندن...

ئافراندن و ئاواکردن و بەدیهێنان یان پەروەردەکردن، ڕەنگە لای هەندێك ئەم چوار وشە لە یەك جودا بن بەڵام ئەمەیان کێشە نیەو گرنگ بۆ ئێمە خودی چەمکی (ئافراندن) واتە دروستکردن و پەروەردەکردنە،چونکە مرۆڤ بە باشی پەروەردە بکرێت و پەرە بەو پەروەردە بدرێت واتە بە جۆرێکی چاك و نویٚ ئاواکراوەو بە دیهێنراوە لە ڕووی ڕۆحییەوە.،ئافراندن زۆر گرنگە بۆ پێشخستن یان پێشکەوتن ئیتر لە بواری (دینی،مافەکانی مرۆڤ،نەتەوەیی،ئابووری،سیاسی،زانستی،کۆمەڵایەتی،زمانەوانی و فەرهەنگی یان هەر بوارێکی دیکە بێت)، لە قەندیل ڕاستی چەمکی ئافراندن بە شێوەیەکی ڕوون و واتادار ڕاڤەو شرۆڤەکراوەو سەرکەوتنەکان و بەرهەمەکانی ئەم چەمکە لە هەرێمی پاراستنی مەدیا (قەندیل) ڕەنگی داوەتەوە..لە قەندیل ئافراندنی ئافراندن هەیە!.ئەمە کەمێك بگرە زۆرێك ئاڵۆزە چونکە ڕەنگە سەیر بێت بوترێت ڕاستی ڕاستی یان هەوڵدان بۆ هەوڵدان..بەڵام ئێمە دەتوانین ئاسانتر ئەمە ڕوون بکەینەوە لە ئاڵۆزیی حاڵیبوون ڕزگارمان بێت بۆ نمونە (تێگەیشتنی تێگەیشتن) لە ڕاستیدا مرۆڤ بەر لەوەی بیر بکاتەوە کە لە شتێك تێبگات و بگاتە ئەنجامی باشحاڵیبوون،پێویستە جاریٚ بزانێت خودی تێگەیشتن چیە؟ بۆ لەمە تێبگات؟کەی و چۆن تێدەگات؟واتای ڕاستەقینەی تێگەیشتن چیە؟!لە کاتی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن چ شتێك یان چ کەش و هەوایەك پێویستە بۆ هەوڵدەر؟! وەڵامی ئەم پرسیارانە دەستبەجیٚ واتای تێگەیشتن لە خودی تێگەیشتن دەدات بە

دەستەوە،ئەمەیە واتای ئافراندنی ئافراندن.،لە قەندیل ڕیشاڵەکانی ئافراندن شیدەکرێتەوەو پاشان کار دەکرێت بۆ ئافراندنی بیری ئازادی،هەستی نەتەوەیی،هزری سەربەخۆیی،و چەندین شتی دیکە.. کاتێك مرۆڤ لە قەندیل دەبێت زۆر بە باشی دەتوانێت لە واتاکانی ئافراندن تێبگات و پاشان ئافراندن بکات و دواجار ئەو ئافراندنە بخاتە چوارچێوەی بەرجەستەکردن و خزمەتی گەلەوە بە بێ جیاوازی لە نێوان ژن،پیاو،پیر،لاو،سپی و ڕەش و تەواوی چینەکان.. ئافراندنی باش لە کاتی جێبەجێکردنیدا تەواو ویستراوو خوازراو دەبێت، بۆ ئەمە دەتوانین نمونەی ئافراندنی بیری گەریلایەتی و هزری بەرخودانی دەستەجەمیی و زۆر خوازراویی لە لایەن گەلەوە بێنینەوە ..لە یادمان نەچێت قەندیل ئافرێنەری بیری ڕاستی نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەری و خۆسەریی کوردانەیە..ئافرێنەری بەرخودانی شارشتانیانەی وەکو خۆپیشاندان،دەنگدان،بایکۆتی دەنگدان،خەباتی نوسین و ڕۆژنامەگەری،کاری ڕێکخراوەیی و چەند بابەتی دیکەیە..،

## قەندیل و ئازادی...

ئازادی، ڕەنگە یان بە دڵنیاییەوە باشترین دەستکەوت بێت بۆ مرۆڤەکان کاتێك خەباتی بۆ دەکەن و بە دەستی دێنن..هیچ کات و هیچ بونەوەرێك ڕقی لە ئازادی نابێتەوە بە تایبەتی ئەو دەمەی چەوساندنەوەو دیلی و ژێردەستەیی پێشبخرێت و ئەو بونەوەرە چەوساندنەوەی چەشتبێت!،لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لە بەر مومارەسکردن و بەردەوامبوونی ئازادی،ئازادی تام و چێژو سەرکەوتنەکانی خۆی لە دەستداوە یان ڕوونتر بێژین ئازادی لە زۆر وڵاتدا لە بەر بە هەڵە سود لێوەرگرتنی و بردنی بە ئاقاری زۆر بێماناادا پێشناخرێت و وەك گۆمی مەنگ بۆن و ڕەنگی ڕەسەنی خۆی لە دەستداوەو ووتەی (ئازادی بێ تام بووە) پشتڕاست

دەکاتەوە..بەڵام لە قەندیل چونکە تێگەشتنی ڕاسەتەقینە هەیە بۆ ئازادی ڕاستەقینەو هەردەم لە پێشڤەچووندایەو کاری ڕاست و دروستی بۆ دەکرێت و بە شێوەیەکی ئەخلاقیانەی مرۆڤانە سودی لێ دەبینرێت،بۆیە تا بێت و سات لە دوای سات (گەریلا) یان هەرکەسێکی خاوەنی هەمان هزری ئازادیخوازانە بە دوای واتاکانی ئازادیدا وێڵەو ئازادی هەر ڕۆژ خۆشەویستتر دەبێت،وە لە قەندیل ئازادی بەو بەرگە جوانەی (خودای تاك و ئافرێنەری ئازادی) بە مرۆڤەکانی ڕەوا بینیوە، هەڵسوکەوتی لە تەك دەکرێت و دەکرێتە کاڵای باڵای گەریلای کچ و کوڕ بێ جیاوازی.،وە دەکرێتە ئاڵای سەر سەری هەموو مرۆڤەکان و هەر مرۆڤێك و تەنانەت هەر ئافرێندراوێکی (خودا) هەست بە ئازادیی تەواو دەکات بێ ئەوەی لێی وەڕس بێت..ڕەنگە نمونەمان نەوێت بەڵام خۆ ئەگەر هەبێت باشترەو خزمەتی ووتەکان دەکات (لە قەندیل،مرۆڤ ئیتر گەریلا بێت یان نا..کورد بێت یان نا..کچ بێت یان کوڕ..گەورە بێت یان منداڵ..ئازادە لەوەی دەیڵێت و لەوەی دەیکات) مرۆڤ لەوێ هەست بە جوانیە تێکڕاوەکانی ئازادی دەکات .ڕەنگە لێرەدا دەست بەجێ پرسیارە سەد بارەکە بێتە ئاراوە کە دەڵێت هاوسەرگیریی بۆ لە قەندیل و لە ناو گەریلادا قەدەغەیە،ڕەنگە پرسیارێکی زۆر ناماقوڵیش نەبێت چونکە پرسیار نەکرێت وەڵام لە دایك نابێت،.منیش زۆر درێژی ناکەمەوەو بە کورتی دەبێژم (مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنی گەورە پێویستە لە سەرکەوتنی بچوك چاو پۆشی بکات،بۆ ئازادیش بە هەمان شێوەیەو پێویستە بۆ بە دەسهێنانی ئازادیی گەلێك لە هەندێك لە ئازادیە کەسیەکان چاو پۆشی بکرێت و مرۆڤ لەتەك ئەو دۆخە خۆی ڕابێنێت،زۆر کات پێویستە مرۆڤ بۆ ئازادی زیندان ببینێت و بۆ ئەوی ئازادی بێتە کایەوە لە مێژوودا هەزاران کەس لە زیندانەکاندا مردن،ئەی ئەمە بۆ ؟دەتوانین بەمە بڵێین هەڵەو قەدەغەکردنی ئازادی؟نەخێر، چونکە وەك وتم لە پێناوی (باشترو

باشترین) دەبێت (باش) پشتگوێ بخرێت و کار بۆ باشترو باشترین بکرێت..لێرەوە ڕاستی ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت چۆن؟ کاتێك هاوسەرگیریی ئازاد بکرێت و ببێتە کۆسپی بەردەم ئازادیی گەل ئەوە دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و خودپەرەستی،ئەمەش تەواو نیشنانمان دەدات کە ئەو قەدەغە بە جێیەو بۆ لە ناو بردنی قەدەغەیەکی گەورەترە کە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەسەر زمانی دایك و کلتورو خەبات و ژیان و خوێندن و هەر جوڵەیەکی نەتەوەیی، گورد پەیڕەوی دەکەن،ئایا سوتانی دارێك باشترە یان دارستانێك؟!ئایا مردنی مرۆڤێك باشترە یان سەدان هەزار مرۆڤ؟،)..

## قەندیل و ڕەسەنایەتی مرۆڤ...

لە قەندیل (ژن،پیاو یان ڕوونتر بێژم مرۆڤ) وەك ڕاستیەنەی ڕەسەنایەتی خۆیان دەبینرێن و هەر هەمان ئەو کەسایەتیانەن کە خودا دروستی کردون بە یەکسانی،ئازادی،تەواوکاری یەکدی..بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە بیری مرۆڤەکانی دیکەدا دروست بووە بۆ نمونە (پیاو وەك دێوەزمەی دەسەڵات و چەوساندنەوەو ژن وەك کۆیلەو ژێردەستەو خزمەتکار!تواشا دەکرێت)،زهنیەتی تۆ کێیت؟تۆ ناتوانیت؟تۆ لە ژێر فەرمانی مندایت..زهنیەتگەلێکن کە لە هزری تاکی قەندیلدا بوونیان نیەو کار بۆ نەهێشتنی تەواوەکیان دەکرێت..لەم کاتەدا مرۆڤ ڕەسەن دەبێتەوەو بە هەموو تواناو بێتواناییەکانیەوە دواجار دەبێتەوە (مرۆڤ) ئەمەش زۆر گرنگە، ئەگەر بێت و ئەم سیستەمە بە جێبکرێت و کار بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤ بکرێت بۆ ئەسڵی خۆی،ئەو دەم نە تەنها کێشەی گەلی کوردو گەلە بێ دەوڵەتەکان بەڵکو تەواوی کێشە سیاسی و ئابووری و سنووریەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چارە دەبێت و مرۆڤایەتی لە دەست ڕق و قین و جەنگ و کاولکاری و کوشتن ڕزگاری

دەبێت،هەروەها لە دەمی بە ڕەسەن بوونی مرۆ ڤ و کۆمەڵگادا وەك ڕێزدار ڕێبەر (ئاپۆ) نیشانەی دەکات گەل و کۆمەڵگا پێویستیان بە دەوڵەت و حکومەت نیەو خۆیان کارگەلی خۆیان لە ڕێگەی ئەنجومەنی خۆسەرەوە ڕای و مەیسەر دەکەن و پاشان بیرۆکەی (کاری دەستەجەمی=دەسەوا=هەروەزی=گەلەکاریی=کۆفرمانی) کە باشترین سیستەمی تەباییە و لە کۆندا مرۆڤایەتی و بە تایبەت گەلی کورد پەیڕەویان کردوەو سودیان لێ دیوە، جێبەجێ دەکرێت..کەواتە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی مرۆڤ واتادار کردنی چەمکی مرۆڤێتی و ئاشتی و ئاڤاکردنی کەش و هەوایەکی ئاشتیخوازانەیە کە تێیدا بێ جیاوازی مرۆڤەکان لە خۆ دەگرێت،نەك تەها چەمکی مرۆڤ بەڵکو چەمکەکانی وەك زانست،دین،سروشت،لە کاتی ڕەسەن بوونیاندا کۆمەڵگا جوان و ئاسودە دەکەن..بۆ وێنە (ئەسڵی زانست بۆ پاراستن و پێشخستنی مرۆڤەو ئەمە دەکات بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی ،بەڵام لە کاتی پێشخستنی زانستێکی ناڕەسەنەدا، چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و لیزەرو سەدان شتی دیکەی قێزەون لە دایك بوو.، دین.. ئەسڵەکەی واتە ئەوەی خودای تاك ناردویەتی بۆ ڕزگاری و ئاشتی و ئازادیەو هەموو پەیامبەران لەسەر مژاری ئاشتی ڕاوەستاون و تەنانەت دوایین دین کە ئیسلامەو پەیامبەرەکەی موحەمەدە، واتاکەی (ئاشتی) یەو زەردەشت و عیسامەسیح و ئیبراهیم و نوح و زەکەریاو موساو ئەیوب و یوسفیش تا مردن هەر بانگەوازی ئاشتییان کردو دەیانفەرموو زەوی بۆ هەموو مرۆڤەکانە بێجیاوازی ..بەڵام لە کاتی بە جێکردنی پێچەوانەکەیدا کوشتن و جەنگ و لادینی ئەوتۆ بەرهەم هات مرۆڤ بڕوا ناکات.،سروشت لە ڕاستیدا بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاژەڵەکانە بەڵام لە بەر ئەوەی ڕاستینەکەی ونکرا سروشت بووە شەڕگەو دوکەڵخانەی بیری ناڕەسەنی مرۆڤەکان..) دوو دڵ نین لەوەی ڕاستینەو ڕەسەنی مرۆڤ ئاشتیخوازە،لەم دۆخەدا پرسیارێکی وەك (ئەگەر ڕەسەن و

سروشتی مرۆڤ ئاشتیخوازە بۆ جەنگی نێوان هابیل و قابیل قەوما؟!یان بۆ پەروەردەی ئاشتیخوازانە پێشنەخرا؟!بۆ جەنگەگەلی گەورە لە مێژوودا دروست بوون؟!) دێتە پێشەوە،بەڵام ئێمەش پرسیارێك دێنینە پێش (ئەی بۆ لە سروشتی باوکی هابیل و قابیل نەڕوانین کە ئاشتیخوازانە بوو؟! ئاخر خۆ ڕەگ و ڕیشەکە هابیل و قابیل نین بەڵکو (ئادەمە) ئیتر بۆ تاوانی شەرەنگێزیی کوڕەکان بدرێتە پاڵ باوك؟،)لە کاتێکدا سەرچاوەکە کە (دایك وباوکە) ئاشتیخواز بن ئیتر واتایەك بۆ لاوەکیەکان کە نەوەکانن نامێنێتەوە..بۆیە بۆمان هەیە بێژین مرۆڤ بە سروشت ئاشتیخوازەو ئازادی دەوێت،لە قەندیل کار بۆ پێشخستنی ئەم چەمکە دەکرێت و انشالله سەرکەوتوو دەبێت..بە جۆرێکی دیکە دەتوانێن بڵێین ڕەسەنایەتی مرۆڤ یان سەرەتایەتی مرۆڤ (منالێتیە) و خودی مرۆڤ پاکێکی وەك منداڵە،منداڵیش زۆر پاکە و درۆو دزی و شەڕو کوشتن و نائەخلاقی و ستەم و لە هەمووشی گرنگتر بە ئازادی لە دایك دەبێت و بە منداڵی ئازادیخوازە!،بەڵام دواتر ناپاکەکان فێری ستەم و داگیرکاری و دزی و دۆرو هەزار شتی دیکەی دەکەن..لێرەدا دەر دەکەوێت ئەگەر (مرۆڤ) جوان پەروەردە بکرێت و ڕەسەنایەتیەکەی بپارێزرێت ئەوە مرۆڤێکی باش و پاك دەبێت و کۆمەڵگاش لە دەستی سودمەند دەبن،بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەو کات پێچەوانەی باش و پاك دەر دەچێت،لە ڕەسەنایەتی منالێتیدا، کچ هەست بە کچێتی ناکات،کوڕ نازانێت کوڕە،دەوڵەندی و هەژاری و ڕەشی و سپی و شێتی و ساخی بوونیان نیە!،ئەمەیە کۆمەڵگای سەرکەوتووی ئاسودەگیی ڕەسەنایەتی مرۆڤ، کە لە قەندیل کاری بۆ دەکرێت و هەوڵ دەدرێت هەر جۆرێکیان ئیتر ڕەسەنایەتی مێژووی بێت یان ڕەسەنایەتی منداڵێتی بێت، جێبەجێبکرێت..

**قەندیل و سروشت...**

((قەندیل کوێستانی دڵگیری وڵات..هەر هەتاکو ئاب دەڵدەتان ئەدات.. شەهید مەلا عەلی ))

سروشتی جوان و دڵگیری کوردستان بە گشتی و قەندیل بە تایبەتی زۆر ئەستەمە باسبکرێت و بهێنرێتە سەر کاغەز،بەس تەنها ئەو کەسەی قەندیلی کوردی ئاوا کردوە کە خودای تاکە دەتوانێت بە تەواوی پەسنی قەندیل و جوانیەکانی سروشتەکەی بکات! ،ئەویَ واتە قەندیل دنیایەکە، یان ڕوونتر بێژین پێشانگایەکە لە جوانی و گولَ و دارو ئاسك و خۆشەویستی و بولبول و مەندیل و پەپولەو شۆڕش و ئاواز و بەفرو چۆم و پالَ و یالَ و گردو بەردو سەدان شتی دیکە، کە دەتوانین بیَ ڕاوەستان بلێین (لۆپەسنی جوانی قەندیل و مەندیلی..هەستم مەستە و دلَم بوەسە دیلی)،مەندیلی سەر لوتکە بەرزەکان و خوڕەی ئاوی تێکەڵەی بەور و سەوزایی فەرشەکەی و باڵابەرزیی دارەکانی و گۆرانی کوردانەی بولبولەکانی وڵاتی قەندیل، مرۆڤ مەست و حەیران دەکەن و نەك خواستی گەشت بۆ ئەویَ دێتە بوون بەڵکو خواستی مانەوەو نیشتەجیَ بوون ئاوا دەبێت..قەندیلی کورد کەش و هەوایەکی هێندە خۆش و دلڕفێنی هەیە تا ئاستی بڕوا نەکردن دەڕوات،.هەر سات لە قەندیل تاڤگەکانی خودایی گۆرانی دەچڕن و هۆرەی زەردەشتیانە دەیەژن،گولەکان و پەپولە ژیندۆستەکان دیلان دەکەن و هەڵدەپەڕن،لوتکە گەردنبەرزو سەرکەشەکان پاسەوانیی ئەو زەماوەندە بڕ خۆشییە دەکەن،گەریلاش وەك هەمیشە ئاوێزانی ئەو کەش و هەوا بێوێنەیەن..

# چەمکی سادەیی و سادەیی گەریلای کورد..

(سادەیی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو پێویستە لە بان یەخبەنانی فێڵ و تەڵەکە وازیی سەرکەوتن و ئاکامداریی بکات)

سادەیی و ساکاریی یان (خاکێتی) و خۆ بەکەمزانین لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە،لای تەواوی مرۆڤایەتی و بە تایبەت گەلی کورد خۆشەویستەو پێغەمبەران و زانیان و فەیلەسوفان و بیرمەندان و شۆڕشگێڕان و هتد...زۆر بە تۆخی کاریان لەسەر بەرجەستەکردنی شێوازەکانی سادەیی کردوەو لای زۆربەی مرۆڤایەتی بە هۆکاری سەرکەوتن لە قەڵەم دراوە..چەمکی سادەیی زۆر واتاو مانای جوان و نهێنیدار لە خۆ دەگرێت،ڕەنگە مرۆڤ پەی بە زۆریان نەبردبێت،لای زۆربەی زانایان و بە تایبەت فەیلەسوفان (سادەیی) لوتکەی ڕاستینەی مرۆڤایەتییەو مرۆڤی سادە واتە مرۆڤی کامڵ و ڕێك و پێك،دۆخی سادەیی مرۆڤ وەشتەرین (خۆشترین) دۆخی ژیانە،بە جۆرێ تر سادەیی بە نیشانەی بە دەستهێنانی زانست و هزری پاك و هۆشیاریش لە قەڵەم دراوە، (ئەو مرۆڤی سادەیە واتە سەرکەوتووە) ئەمە تەنها وتە نیە بەڵکو ڕاستییە،ڕەنگە لە وەها دۆخێکدا ئەگەر بێژین (سادەیی یەکسانە بە خەبات و جوانی و پاکی و ڕاستی و پێکەوەییەکانی ژیان و واتایەکی ڕوونیشە بۆ یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان) زۆر هەڵەمان نەوت بێت و زیادەش نیە ئەگەر لەسەر ڕاستینەی چەمکی سادەیی داوای لێکۆڵینەوەی زۆر مەزنی جیهانی بکەین..دەتوانین ڕوونتر

(سادەیی) بە پرسێکی ئەخلاقی و ڕەوشەنبیریی و هەتا هەرە گرنگی کۆمەڵایەتی و جڤاکیی بناسین و بەو جۆرە کاری لەسەر بکەین و هەوڵ ناساندنی ئەم بابەتە گرنگە بدەین لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و مێژوویيدا،

## سادەیی لای میللەتی کورد..

(ڕۆڵەکەم سێ ئامۆژگاریت دەکەم و جوان گوێ ڕادێرە و لە ژیانی ڕۆژانەتدا زۆر بە شانازییەوە وە کاری ببە،یەکەم سادە بە،دووەم ساکار بە،سێیەم خاکی بە) ئەمە وتەو پەندو ئامۆژگاریی دالکێکی کوردە ئەڕای ڕۆڵەکەی و بە سێ ئامۆژگاریی وریای دەکاتەوە کە (سادەیی و ساکاریی و خاکێتییە) و لای کورد ئەم سێ زاراوە هەر یەك مانایان هەیەو سەرەنجام دەکاتەوە بێفیزیی و خۆ بەزل نەزانین.،ئەز بۆ پەسن یان پێناسەی ئەو پەندو ئامۆژگارییەی سەرەوە کە دایکە کوردێك بۆ ڕۆڵەکەی دەکات وشەیەکی وەکو (داهێنانی ئاکاریی) بە ڕەوا دەزانم، پێویستیشە شارەزایانی بواری چەمکی سادەیی لەسەر ئەو ئامۆژگارییە ڕاوەستن و توێژینەوەی گەورەی کۆمەڵایەتیی لە بارەیەوە بکەن،وە دەبێت کوردان خۆشیان بزانن کامەیە ڕاستینەی سادەیی و لە کوێ و کەی و چۆن بە کاری ببەین؟،سادەیی لای گەلی کورد هەندێ جار لە بەرامبەر فێڵ و تەڵەکەو دڵپیسیی دوژمنانیدا توشی ئاریشەی نەتەوەیی و سیاسیی فرە گەورە بووە،دەبێت لە بەرامبەر ئەو جۆرە سادەییەدا وتەکانی وەك (با سادەییمان نەبێتە گێلی و بێ ئاگاییمان،با سادە بین وەلێ بۆ دوژمن نا!،سادەیی تا ئەو جێگەیە باشە کە کاری خۆی بکات) پێشبخەین و زۆر بە تۆخی کاری لەسەر بکەین،تاکی کورد هەر بە سروشت و ڕەسەن سادەو خاکییە،وەلێ دەوروبەرو باش و خراپ ئەو سروشتە ڕەسەنە مرۆڤایەتیە وەردەگێڕن بە شتگەلی بێ ماناو بڕواپێنەکراو،بۆیە گرنگە بۆ ئێمەی کورد تەواوی بەها مرۆڤییەکان کە زۆربەیان زادەی نیشتمانەکەی خۆمانن لە وێچنە (بێژنگ) ی

نەتەوەیی بدەین و بیانخەینە خزمەتی گەلەوە،بۆ هۆشیاریی و مافدۆستیی کوردان نەك بۆ ڕەگەزپەرستی و خۆویستی،

## سادەیی و گەریلای کورد..

(لە قەندیل،یان پاکتر بێژم لە فێرگەی ڕاستینەکانی ژیانی قەندیل، فێری ڕاستیی وانەیەلی ژیان دەبیت و هەوڵ بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکان لە نێویاندا سادەیی دەدەیت،بەمەش یەکسانیی مرۆوایەتی پێشدەکەوێت و بە ئاکام دەگات)

گەریلاو سادەیی هێندە توند ئاوێزانیی یەکدی بوون زۆر ئاستەمە لە یەك بکرێنەوە،ئەگەر تەواو بێژین گەریلا یەکسانە بە سادەیی ڕەنگە ڕەخنەمان نەیەتە سەرو توشی ڕووبەڕووبوونەوەی (زیادەی وتووە) نەبین،کاتێك مرۆڤ دەڕواتە قوتابخانە مرۆڤایەتییەکەی قەندیل و مامۆستا مرۆڤایەتییەکان دیدار دەکات و هەڵسوکەوتی گەریلاو سەرکردەو بەرپرسی گەریلا چاو دەکات، ئیتر دوو دڵ نیە لەوەی کە گەریلا هێندە سادەن لوتکەی جوانی و بە ئەخلاقی و مرۆڤێتیان تێدایە،لەوێ زۆر ئاستەمە سەرکردەو گەریلای ئاسایی لە یەك جیابکەیتەوە،چونکە یەك جل،یەك ڕەنگ،یەك هەڵسوکەوت،تەنانەت یەك شێوەڕۆیشتن لە ناو گەریلادا بەرجەستەیە،هەر ئەم یەکرەنگیی و وێکچوونە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەیشدا بوونێکی دیارو بە ناوی هەبوو تا ئەو شوێنەی لە کاتی بینینیاندا خەڵکی نەیدەزانی چۆن پێشمەرگەو فەرماندەکان بناسێتەوە!،(ئەز–من) چوومە قەندیل و هەرێمی پاراستنی مەدیا (hpm) و چوومە خزمەتی هەستی پاك و کوردانەو مرۆڤانەی کچ و کوڕە گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (hpg) لەوێ دنیایەك لە جوانی و سادەیی و یەکسانی بەدی دەکرێت،نەمدەتوانی فەرماندەکان بناسمەوە بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان دەچوونە لایان و داوای وادەی دیداریان لێ دەکردن بەم جۆرە دوو هەڤاڵی فەرماندەم دیتەوەو بە بێ هیچ پاسەوان و بە جلێکی بگرە

لە گەریلاکان کۆنترەوە دەسوڕانەوە،لە تەك یەکێك لەو فەرماندانەوە ڕاوەستام و گفتو گۆمان دەکرد لەو کاتەدا ژنێك بۆ چا خواردنەوە بانگی کردین و ئێمەش چووین،کە چایەکانمان درایە دەست ژنەکە وەك شتیٚ بۆ شتیٚ دەگەڕا،دواتر زانیمان بۆ پێخۆر (کەوچك) دەگەڕێت،ئەو هەڤاڵە دەست بەجیٚ سەیری ئەملاولای خۆی کردو چیلکە دارێکی شکاندو وەکو پێخۆری چا بە کاری هێناو چایەکەی منیشی پیٚ تێکدا،ژنەکە سەرسام بوو وتی بەڕێز بۆ واتکرد ڕەنگە ئەو چیلکە میکرۆبی پێوەبێت؟،ئەو هەڤاڵەش وتی، دایکی من کەی سروشتی پاك میکرۆبی هەیە،ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بهێلّین؟ئێمە لە سروشتین و دەچینەوە سروشت،ئیتر بۆ لەتەك شتەکانی ناو سروشت ناتەبا بین،هەرچی لە سروشتدایە پاکەو خاوێنە،بەڕاستی هەلّوێستی ئەو هەڤاڵە مایەی هەلّوەستە بوو!،یان ڕاستتر بێژم ئەو هەلّوێستە هوەیدا (ئاشکرا)کردنی کلیلی یەکسانییە ژ ناڤ خودی سادەیی و سروشتپەروەریدا،ئەم هەلّوێستە فرە بەنرخە لە باکورو لای سیاسەتمەداران و چالاکڤانانیش کاری پێدەکرێت و لە چالاکیی و بەرخودانەکاندا مرۆڤ ناتوانێت پلەدارو بێپلە بناسێتەوەو ئەندام پەڕلەمان و کرێکارو سەرۆك حزب و چایچی هەر هەموو وەکو تاکێکی کوردو لەوەش گرنگتر وەکو مرۆڤێك خەبات دەکەن و پێکەڤە تێدەکۆشن.،گەریلا هێندە سادەو خاکیین مرۆڤ لە بینینیان تێر نابێت و خوازیارە هەردەم و هەر ڕۆژ ژیان لەتەك گەریلا بکات،ئەوان واتە هەوالّانی سەری چیا،هەموو بە یەك دەنگ و یەك بەرگی خاکیی و سادەوەو ئامێتەی سروشت ئاوازی ئازادی و مرۆڤبوون بۆ گەل و شاخ و سروشتی وەلّات دەچڕن،سادەییەکی خودادادیی و فرە ڕێك و حەوێنەر لای گەریلاو هەڤالّان بەرجەستە دەکرێت، بە جۆرێك مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت و هەست دەکات ئێرە بەشێکی تایبەتە لە جیهان و ژیان لێرە وەکو خۆی و زۆر بە پاکی ماوەتەوە،ڕەسانەیەتیی ژیان لە

(سادەیی،تەبایی،ئاشتیخوازیی،ڕاستگۆیی،یەکسانیی،بە ئەخلاقی،خاکپەوەری،ڕێزگرتن،) دا بە دی دەکرێت و ئەمانەش بە زیادەوە لای گەریلا و لە قەندیل بوونیان هەیە!،

## تاك و خاك و سەربەخۆیی!

(نیشتمانی سەربەخۆ تەنیا بە تاکی سەربەخۆ ئاوا دەکرێت)

میللەتی کورد،ئەو گەلەیە کەتاك (فەرد)ەکانی 60 میلۆن پترەو یەکێك لە کۆنترین گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یان ڕاستتر بێژم هەر خۆی کۆنترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو خاکەکەی (کوردستان) هەندێك بە یەکەم لانکە(بێشکە،دایەنگە)ی مرۆڤایەتی و هەندێکیش بە دووەم لانکەی مرۆڤایەتیی دەناسێنن لەسەردەمی

زریانی مەزنی نوح(نوھ)،ھەر ئەم گەلە خاوەنی مرۆڤە ژیرە سەرەتاییەکان و خاوەنی کشتوکاڵ و گەلمیریی و سیستەمی دەستەجەمی (ھەرەوەزی) و یەکسانی و پێشەنگایەتی ژنە بە نوێنەرایەتی و ڕابەرایەتی (دایك) واتە دایکسالاری..ھەروەھا بە گەواھی و شایەتی شوینەوارەکان ھەر ئەم گەلی کوردە خاوەنی دیرۆکیترین و کەونترین شارە لە ڕووی ژیاری و شارستانیەتەوە کە ئەویش بازێڕی (ئاربیل،ئار+بیل،ھەولێر)ە،پاشان خودانی لە مێژینەترین ئاواز (ئاڤان)ە کە (ھۆرە،هوورە،ھۆرا) یە بەڵام بۆ ئەمە بە نەگبەتی و کلۆڵی کوردو سوتان و دزرانی ھەموو سەرچاوەکان لە لایەن داگیرکەرانەوە، کەمترین بەڵگەو سەلمێنەر ھەیە،لەتەك ھەموو ئەمانەشدا ئەم گەلە بیٚ پێگەیە خاوەنی ڕوونترین و کۆنترین پەیامی ئاشتییە ھەر لە نوح(کوڕدە=کوڕی دەیەم) و ئیبراھیم(ئەبرھام،ئەپرام) و زەردەشت (زەردە+ئەشت)ەوە (س.خ) بگرە تا ئێستاش ئەم پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە بەردەوامە،کەچی تا ئێستاش ئەم گەلە خاوەن دیرۆکە خاوەنی پێگە یا ن سەربەخۆیی نیە،ئەم گەلە چەند جارێك لە لایەن زلهێزانی جیھانەوە داگیرکراوەو دابەشکراوەو خاکەکەی کاول و وێرانکراوە،بەڵام دواترینیان لە ساڵی 1921بوو کە دابەشکرا بەسەر 3 دەوڵەتی ئێراق،ئێران،تورکیاداو دواتریش بەشی ڕۆژئاوا کە لە ژێردەستی فەرەنسادا بوو درایە سوریا،دوای ئەمەش بەشێکی کەوتە ژێر دەستی ئەرمەنسان و ئازەربایجان بەم جۆرەش کوردستان، دابەشەکراوە بەسەر (6) دەوڵەتی داگیرکاردا ئەوانیش (تورکیا،سوریا،ئێراق،ئێران،ئەرمەنستان،ئازەربایجان)ن،ئەمە جگە لە پەرتبوون و ئاوارەبوون بۆ وڵاتانی (سودان،میسر،ئیسرائیل،فەلەستین،پاکستان،ئەفگانستان،ئوردون،گورجستان،لیبیا ،ڕووسیا و ھتد..) لە زۆر سەردەم و ھەر جارەو لە پارچەیەکی کوردستانی مەزن

باسی بابەتی سەربەخۆیی سنووروو نیشتمان و پێگەی نەتەوەیی کراوە،کۆشش و هەوڵەیلی زۆر هەبووە بۆ سەربەخۆیی،سەرهەڵدان و شۆڕشی کوردانە بێوچان بەردەوامیی هەبووە بۆ سەربەخۆیی،لە هەر گەلێك پتر قوربانیی دراوە،خەباتی فەرهەنگیی و ناسنامەیی هەبووە، وەلێ تا ئێستا(نها،هەنوکە) بە شێوازێکی دروست و تەواو یان ڕێك و پێك و پڕ(کامڵ) ئەم پرس و دۆزە یان ئەم باسە نەگەشتوەتە بنبەست و ئەنجامگیر نەبووە واتە سەربەخۆیی زووان،ناسنامە،فەرهەنگ،سنوور،نیشتمان تەواو نەهاتوەتە دی!،ئەوەی دەبێت بۆی بڕوانین لە باشوری کوردستان هەرچەندە تا ئاستێك وابەستەی ئێراقە بەڵام نیمچە ئازادییەك هەیەو شایەنی لەسەر ڕاوەستان و گفتوگۆیە،وەلێ هێمانێکە(هێشتا) دەنگ و ڕەنگی سەربەخۆیی لەم پارچەش نابیسترێت و نابینرێت،.

لەم ماوەدا جارێکی تر باسی بابەتی سەربەخۆیی کوردستانی مەزن و بە تایبەت (باشور) هاتەوە ڕۆژەڤ و کەموکورتو لەملاو ئەولا لەسەری دەبێژرێت،دەنوسرێت،قسەدەکرێت،تا ئاستێکی کەم لە ڕۆژەڤدایە،ئەمە شتێکی زۆر باشەو هیواو هومێدێکە بۆ وشیاریی و ئاگاهی نەتەوەیی کوردانە،بەڵام ئێمە لێرەدا باسی شتێك یان بابەتێك دەکەین کە بەراستی پێویستە هەموو هێزە کوردییەکان و هەموو سازی و ڕێکخراوەکانی کوردستانی مەزن پێش بیر(ویر)کردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان بیر لەمە بکەنەوەو بەرنامەی ئامانجدارو ئەنجامگیری بۆ دانێن، ئامادەکاریی بۆ بکەن و کاری لەسەر بکەن،دەتوانین وەك پێشینەترین هەنگاوی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی نیشتمان ئەژماری بکەین،ئەویش (سەربەخۆیی یان سەربەستی یان ئازادیی تاکی کوردە) سەبەخۆیی بە تەواوی مانا واتە ڕزگاربوون لە گشت کۆت و بەندەکان و لەسەر پێی خۆڕاوەستان،بەجێهێشتنی

هەموو جۆرە کۆیلایەتییەکانی مرۆڤکردە،سەبەخۆیی بە واتای خۆدەربازکردن لە گرد وەهم و شەڕەکانی دەسەڵاتی تاکسالاری،سەربەخۆیی بە واتای سالارکردنی تاك لە خودی خۆداو بە ناوەندکردنی ئەقڵ و بیر لە کارو کردەوەدا.

ئەگەر ئەم کارە(کارکردن بۆ سەربەخۆکردنی تاك،یان سەربەخۆبوونی تاکی کورد) بە بەرنامەو پەروەردەی نەتەوەیی و بە شێوازی دروست لە کوردستان بە گشتی و لە باشور بە تایبەت بە ڕێوە ببرێت،ئەگەر تاك ئاشنا بکرێت بە چەمکی سەربەخۆیی،بێگومان بەرو بەرهەمێکی فرە باشی لە کەسانی کامڵ و پێگەیشتوو،وریاو نەتەوەپەروەرو سەربەخۆخوازو فەرهەنگپارێزی لێ حاسڵ دەبێت و دواتر زۆر بە ئاسانی و خۆ بەخۆ ئەو تاکە سەربەخۆیە بیر لە سەربەخۆیی کۆمەڵگاو پاشان سەربەخۆیی وەڵات دەکاتەوە،ئەو دەمە وەڵات (کوردستان) سەربەخۆ دەبێت،

چونکە ئەکەر تاکی کورد فێری سەربەخۆیی بکرێت و لە دۆزو پرسە سەرەکییەکانی خۆی وەکو تاك ئاگادار بکرێت و فامدار بکرێت،هەروەها هەموو بابەتە هەنوکەیی،داهاتوویی،بنەڕەتیی نەتەوەکەی بە شێوازی پەروەردەو هەر لە ماڵ و باخچەی ساوایان و خوێندنگە تا کۆتایی تەمەنی بۆ شیبکرێتەوەو لە کۆی بابەتەکە پوختەیەك بکرێتە بەری،دیسان ئەو کات وەڵات بێ ئەوەی ئێمە هەست بکەین سەربەخۆ و ڕزگارو سەربەست بووە،ئەگەر تاکی کورد دابماڵرێ لە ئالودەبوونی وابەستەیی بۆ مۆدێل،سێکس،وەرزش،خواردن،پارە،ئۆتۆبێل،خەوتن،تی ڤی و هتد..ئەگەر تاك ڕزگاربکرێت لە بەکرێگیراویی بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو داگیرکارانی کوردستان و فێری وڵاتپارێزیی و خۆسەریی بکرێت،ئەو کات کوردستان سەربەخۆ بووەو تاکەکانیشی ئیدی بێجگە لە هەڵگری ناسنامەی (کورد،کوردستانی) شتێکی تر نین،ئەو وەختە تاکی ئێمە شانازیی بە خاکی کوردی، زووانی کوردی،ناسنامەی

کوردی،فەرهەنگی کوردی،بەرگی کوردی،مێژووی کوردی،داب و نەریتی کوردی،فەلسەفەی کوردی،جوگرافیای کوردی،ڕاستینەی کوردییەوە دەکات،دەبێت و پێویستە تاکی کۆمەڵگای کورد لە ژێر کاریگەریی بێگانە دەربهێندرێت و پاشان باسی سەربەخۆیی لۆ بکرێت،

ئەگەر بێتۆ ئەو بەرنامانەی ئاماژەمان پێدا جێبەجێ نەکرێت و ڕاستەوخۆو بێ ئامادەکاریی باسی سەربەخۆیی وەڵات و دیاریکردنی سنوور بکرێت،دواجار ڕەنگە کارەساتی ناوخۆیی و نەخوازراوی لێبکەوێتەوە،ڕەنگە تاکە ناسەربەخۆکانی کۆمەڵگا بە جۆرێك لە جۆرەکان ببنە داردەست یان بەکرێگیراوی داگیرکەران،چونکە وەڵات سەربەخۆیە لە کاتێکدایە زۆربەی تاکەکان یان سەربەخۆ نین یان لە واتای سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی تێنەگەیشتون،وەڵات سەربەخۆ بێت و ناوەخنی وەڵات یان کاکڵی وەڵات کە تاکەکانە سەربەخۆ نەبن چ واتایەکی هەس؟ئەگەر تاکەکانی کورد لە ڕاستینەی سەربەخۆیی تێنەگەن ئەوا لە یەکێتیی نەتەوەییش تێناگەن،کەڵەکەبوونی تاکی ناسەربەخۆ وەڵات دووچاری قەیرانی سیاسی،ئابوری،کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی و ژینگەیی و هەتا حوکمڕانیی دەکات، هیچ هەنگاوێکی باش وەپێش ناچێت،

هەر بۆیە زۆر پێویستە کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی خێراو پێشکەوتوو پەروەردە بکرێن لەسەر چۆنێتیی سەربەخۆبوون و هەروەها لەتەك ئەوەشدا چۆنێتیی پێشخستنی سەربەخۆیی و گەشەپێکردنی و فراوانکردنی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە،دەبێت خوێندنگەی نەتەوەیی و پەروەردەی پێشبخرێن،لەم بوارەدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو پێویستە بە ڕوونی لەسەر چەمکی (سەربەخۆیی تاك) و (سەربەخۆیی خاك) ڕاوەستن،هەڵوەستە بکەن،قسەو گفتوگۆ بکەن،تەوەری فراوانی لەسەر پێشکەشبکەن،کەسەیلی شارەزاو

بە توانا بدوێنن لەو بارەوە،دەبێت لە یادمان نەچێت کە خودی تاك خۆشی جێگەیەکی دیارو بەرچاوی لەم باسەدا هەیە،ئەویش گەڕان و وردبوونەوەو شرۆڤەو لێکدانەوەی باس و بابەتەکانی پەیوەند بە سەربەخۆییەوەیە،.

ماوەتەوە بێژم ئەم بابەتەو باسە زۆر لەمە پترو پڕتر هەڵدەگرێت و پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و بە ڕەچاوکردنی دۆخی نیشتمان و هەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی کورد لەسەری بنوسرێت و زۆر بە جدی و دڵسۆزییەوە لەسەری ڕاوەستین یان گرنگیی پێبدەین،بەڵام ئەوەی لای ئەز گرنگە هوروژاندن و تەقاندنەوەی بابەتەکەو گەیاندنی پەیامەکەیە، ئەویش ئەوەیە (سەربەخۆبوون و چاوکردنەوەی تاکی کورد،لە پێش سەربەخۆبوونی خاکی کوردەوەیە) واتە بەر لەوەی کوردستانمان سەربەخۆ بکەین یان هەنگاو بۆ سەربەخۆبوونی بنێین با خۆمان سەربەخۆو بەکاریگەر بکەین،ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بابەتی سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کەمبایەخ تەماشا بکەین و بە کارێکی باشی نەژمێرین،نەخێر بە پێچەوانەوە ئەوە کارێکی زۆر پیرۆزو ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقییە،بەڵام دروستکردنی خانویەکی زۆر خۆش و گەورە ئەگەر ماڵێك یان ماڵباتێکی تێنەچێت ئەوە بێگومان بێسودو بێکەڵکە، دەبێت ئەوەش بزانین زۆرێك لەو کەسانەی باسی سەربەخۆیی وڵات دەکەن ئەوەش نیشان دەکەن کە پێویستە وەڵاتی سەربەخۆ تاکەکانیشی بە وریاییەوە سەربەخۆ بن و لە ژێر فەرمانی هیچ کەسی دیکەی غەیرە کورددا نەبن و بە واتای وشە (سەر بە خۆوە بن!)،.

# با مامۆستا (مەدیا) ی 12 ساڵ، لە بیر نەکەین [1]..

**(کە بیستم مەدیا بۆ زووان بۆ گەلەکەی خەبات خوانە،گوفتەم سەد شوکر بۆ خودا خاکی مەدیا ئاوەدانە)،**

لە بارودۆخێکی نالەبارو شێوە ئاگروئاسن و نیوەدۆزەخئاسای وەك باکوری کوردستاندا، لە ژێر بەزەیی پۆلیس و ژاندرمەو سەربازی تورکدا قارەمانێتی و یاساشکێنی هەروا ئاسان نیەو بە دەم خۆشە!،خەبات و تێکۆشان لە وەها شوێنێکدا وەك یاری کردن بە ئاگر یان ڕوونتر بێژم وەك یاری پێکردنی (ئاگر بە بەنزین و بەنزین بە ئاگرە!) ئاخر خۆ ئاسان نیە لە بیابانێکی بێ ئاوداو لە ناو چەند خێڵی دڕەندەو مرۆڤکوژو جەردەدا، مرۆڤ شەڕ لەسەر ئاو بکات و پەیداشی بکات!،جلی کوردی یاساخ.زمانی کوردی یاساخ..خوێندن و پەروەردەی کوردی یاساخ..،لەم دۆخەدا فریادڕەسێك پەیدا دەبێت و بە تورکان دەڵێت"ئێوە بۆ خۆتان خەریکی ستەم و چەوساندنەوە بن..ئێمەش وا خەریکە سەر لەنوێ و بە ڕۆح و هیوایەکی نوێوە چەکەرە دەکەین و زمانی کوردی و جلی کوردی و ئازادیمان دەوێت!"ئەو مرۆڤە بە هەستە بوێرە چالاکە خاتوو مەدیای تەمەن 12 ساڵی ئەوساو تەمەن 13[2] ساڵی ئێستایە!،ئەم کیژە چاوکراوە بوێرە بە هەستکردن بە پێویستی خوێندنی کوردی و کار کردن بۆ پەروەردەی کوردی لە ماڵەکەی خۆیانداو

بە نهێنی وانەی زمانی دایك (کوردی)ی بە چەند زارۆڵێکی خزم و دۆست و گەڕەکەکەی خۆیان دەوتەوە!ئەم کیژە قارەمانە کاتێك پۆلیس پێیانزانی و لە ( 2009-8-29 [3] ) دەستگیریان کردو بردیانە بەردەم دادگای بە ناو دادگەی شاری ئامەدی پێتەختی کوردستانی گەورە..بە کوردی قسەی کردو زۆر بوێرانە بەرگری لە خۆی و گەلەکەی و زمانەکەی و تەنانەت کارەکەی واتە وانە وتنەوەکەی کرد!،کیژێکی کورد بە تەمەنی 12 ساڵانەوە ڕووبەڕووی دەوڵەتێك دەوەستێتەوە کە بە حسابی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوونێکی دیارو کاریگەری هەیەو خۆشی بە هێزێکی لە بن نەهاتوی ناو ژووره تەپووتۆزاوییەکەی (ناتۆ) دەزانێت!،مەدیاخان جگە لەوەی بوو بە بەشێك لە مێژووی گەلێك پێموایە ژمارەی پێوانەییشی شکاند لەوەی کە تەنها منداڵێکە لەو تەمەندا هەست بە مەسەلەی نەتەوایەتی بە تایبەت بواری پەروەردەو زمان بکات..دیارە باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری ئامەدی قەڵای کوردان زۆر کیژی دیکەی لەم جۆرە کیژە قارەمانانە بەخشیە کوردستان کە دیارترینیان خاتوو (لەیلا زانا)یە..،بە داخەوە من لە ئاست پەسن و سەنای وەها کیژێکی نمونەو جیاوازدا [4] واتە (دادە مەدیا) هەم کۆڵم و هەم کلۆڵم..چونکە زمانێکی پاراو و بەبڕشتی نوسینم نیە تا ئەو کیژە ڕۆحسوکەی گەلەکەم لە پیت و ووشەو ڕستەی نایاب وشیرینی کوردی هەڵژەنم!،من وەکو خۆم کاتێك هەواڵی ئەم کارە قارەمانانەی خاتوو مەدیام بینی لە ماڵپەڕی (پارتی چارەسەری[5]) کە کاك دیار نوسی بووی لە خۆشیدا گریانم دەهات و لە هەمان کاتدا بە پێکەنینەوە (سوپاسی خوای گەورە)م کرد کە گەلی من نمونەیە لە ئاشتیخوازی و ئازادیخوازی و لە هەمان کاتیشدا نمونەیە لە گیانفیدایی و خەباتکاری!،من ئەو کات ئەوەندەم پێکرا بابەتێك بنوسم لە ژێر ناونیشانی (با مەدیایانە بیر بکەینەوە[6]) هەروەها لەتەك کۆمەڵێك هەڤاڵدا پرۆژەیەکی زمانەوانیمان بە ناوی ئەو خاتونە بوێرەی

کوردەوە دانا ئەویش (پرۆژەی مەدیا بۆ پتەوکردنی زووانی کوردی [7]) بوو!،لە سەرەتادا مەدیاخاتوونم ناساندو ئامانجی پرۆژەکەم باسکرد، ئەم پرۆژە کاری دەکرد بۆ بە کوردی کردنی زاراوەی بیانی و شرۆڤەو ڕاڤەیان..بە بۆچوونی (من،ئەن) ئەم کیژە شایەنی ئەوەیە زانستگەو (ئەکادیمیا)ی زمانەوانی و ناوەندی پەروەردەیی گەورەی بە ناوەوە بکرێت بۆ ئەوەی نرخی چالاکیەکەی بزانرێت (کە بە داخەوە تا هەنوکەش لە باشور نەناسراوە!)،لە کۆتاییدا دەبێژم (قوتابخانەیەك عەبدوڵڵا ئۆجەلان مامۆستاو ڕێڤەبەری بێت چاوەڕوانی مەدیاو لەیلاو زیلان و ڤیان و بێریتان و سەدان کیژی دیکەی بوێی لێدەکرێت!)

پترگۆیی،

1–مەدیا خان ئەو کات کە بە وتنەوەی وانەی کوردی بە گژ تورکاندا چوەوە تەمەنی تەنها 12 ساڵان بوو ئێستاش بۆ بەرزڕاگرتنی یادی (یەك ساڵە)ی ئەو چالاکیە نەتەوەییەی خاتوو مەدیا ئەم بابەتم نووسی..

2–لێرەدا مەبەستم ئەوەیە خاتوو مەدیا ئەو کات تەمەنی 12 ساڵ بوو بەڵام بەو پێیەی ساڵێك گوزەریوە بەسەر ئەو چالاکیەدا ئێستا خاتوو مەدیا 13 ساڵە..

3–ڕەنگە لەم بەروارەدا تەواو نەمانپێکابێت چونکە پێدەچێت گرتنەکەی خاتوو مەدیا لە نێوان ڕۆژانی 27–8 تا 31–8 بێت بەهەر حاڵ ئەمە کێشەیەك نیە..

4–بمبورن ئا لێرەدا لە کەناڵەکانی (کۆڕەك،کەناڵ 4،زاگرۆس تی ڤی،کوردسات) دەپرسم ئەم مەدیاخانە 12 ساڵە بە چالاکیە دەگمەنەکەیەوە جیاوازە یان جیاوازەکانی ئێوە؟!ئەم خاتونە 12 ساڵە نمونەیە یان نمونەکانی ئێوە؟!ئەم کیژە نازدارە خۆشەویستە یان خۆشەویستەکانی ئێوە؟!ئەم ئەستێرە درەوشاوەی نێو ئاسمانی خەباتی زمانەوانی کوردی، ستاری کوردە یان ستارەکانی ئێوە؟!..

5-یەکەم بابەتم لە سەر خاتوو مەدیا لە ماڵپەڕی (pcdk) بڵاو بووەوە،هەروەها بەشی یەکەمی پرۆژەی مەدیاش هەر لە ەهەمان ماڵپەڕ بڵاو بووەوە،پاشان ماڵپەڕەکانی (ئیسلام پۆست،کوردستان نێت،دەنگی سەربەخۆ،ڕوناکی نێت،کڵاوڕۆژنە،ستاندەر)،بڵاو کرانەوە..

6- لە ساڵی 2009 پەرتوکێکم ئامادەکرد بە ناوی (مەڵۆیەك لە شارای مێژووی میللەتی کورد) بابەتی (با مەدیایانە بیر بکەینەوە)م کردە یەکەم بابەتی پەرتوکەکەم!..

7-پرۆژەی مەدیا لە 3-9-2009 بە هاوکاری هەندێك هەڤاڵ(سەیوان حوسێن،هێمن عەلی،وریا حەسەن،ئەمیر عەبدوڵڵا،کەمال مەحموود) لە عەربەت دامەزرا،لە 30-9-2009 یەکەم بانگەوازم لە لاپەڕە (15)ی ژمارە (1066) ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوکردوە،هەروەها 4-10-2009 دووەم بانگەوازم لە ماڵپەڕی (pcdk) بڵاوکردەوە، لە لاپەڕەکانی (45-52)ی ژمارە (6) ی گۆڤاری زمانناسیی (کانوونی دووەمی 2010) بابەتێکم بڵاوکردوە لە ژێر ناونیشانی (پرۆژەی مەدیا بۆ پتەوکردنی زووانی کوردی،ڕاژەڤانێکی بێکەس،هاوارێکی نەبیستراو!)لێرەدا بە دوورو درێژی باسی پرۆژەکەم کردوەو (42) زاراوەم بە شرۆڤەو ڕاڤەوە هێناوە (کە سوپاس بۆ خودا تا ڕادەیەك جێی قبوڵ بوو!)،

## (تۆدۆ)کان، لە کوردستان

## (گۆشتی کاڵی گەلەکەت مەدە بە پڵاوی دوژمن)

خوێنەری دەلال ..کەناڵی کوردسات دوای وەرگێڕان و دۆبلاژی درامای مێژوویی (گەوهەری کۆشك–جۆنگۆما) بۆ زووانی شیرینی کوردی و سەرنجڕاکێشانی زۆربەی هەرە زۆری بینەرانی کەناڵەکە، بۆ جاری دووەم و لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دەستی کرد بە دۆبلاژ و پەخشکردنی زنجیرە درامایەکی زۆر گرنگی دیرۆکی و پڕ پەندو فەلسەفە کە باسی سەردەمێکی مێژووی جیهان و قۆناغی ڕوون بوونەوەی بابەتەکان دەکات، من دەڵێم شەڕو جەنگ قەت باش و دروست نەبووەو نیە بەڵام ئەو کات و ئەو قۆناغە جەنگ بۆ ڕوون بوونەوەی ڕاستیەکان بووە،ئەگەر ئەو جەنگانە نەکرابان دەبوایە ئێستا بێنە پێش و بکرێن!،ئەو زنجیرە دراما بە کوردی کراوەش درامای (جەنگیز خان–تیمۆجین)ە،ئەم دراما ڕاستە تایبەتە بە ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگیزخان و سەرکەوتنی مەغۆلەکانە، بەڵام دەبێت بزانین ئەم دراما باس لە لایەنەکانی (ئاشتی،جەنگ،ژن،ئاوارەیی،دەسەڵات،دزی و جەردەیی،سێکس،فیلْ و خۆش باوەڕیی،بێگانەپەروەری،تاکتیکی شەڕ، هونەری خۆپاراستن،سەرەنجامی خیانەتکاران و هتد...) دەکات و دەکرێت مرۆڤ زۆر بە باشی ئەزموون لەم دراما وەرگرێت و سودی لیْ ببینێت..خوێنەری هێژا، باسی من باسی خودی دراماکەو لێکۆڵینەوە لەو دراما نیە،چونکە باس و ڕاڤەی هەر درامایەك و بە تایبەت مێژووییەکان پسپۆڕی و شارازایەکی زۆر باشی بواری فیلم و درامای دەوێت کە من نیمەو لەو ئاستەدا نیم..بەڵام من دەمەوێت باسی ڕۆڵی ئەکتەرێك بکەم کە ڕۆڵی کەسێکی (ئەمبەرو ئەوبەرکەرو بێگانەپەرست و هەرجارەو پیاوی کەسێك) دەبینێت..ئەویش کەسایەتی (تۆدۆ todo) یە کە ئەگەر هەر کەس درامای جەنگیزخان (تیمۆجین) ی بینیبێت بێگومان (تۆدۆ) دەناسێت و دەزانێت چ کارەیە..ئەم (تۆدۆ) سەرەتا پاسەوانی یۆسۆگای باوکی تیمۆجین بوو،پاش

ژەهرخواردکردنی یۆسۆگای لە لایەن هۆزی (تاتار)ەوە،پشتی کردە خێزانی یۆسۆگای لە کاتێکدا کە زۆر نەدارو بێکەس بوون،تۆدۆ لەگەڵ (تالی هوتای) ڕۆشت و خێزانی یۆسۆگای بە تەنها مانەوە،بەهەر حاڵ تیمۆجین گەورە بوو بە تێکۆشان و هەوڵی خۆی بووە خان و چەندین جار هێرشی ئەوانی شکاندو سەرەنجام (تالی هوتای) سەرکردەی تۆدۆی هەلپەرست و بێگانەپەرست بە تەواوی تێکشکاو هەڵهات..تۆدۆ وەك پیشەی پیشتری کەوتە دوای سەرکردەکەی و کوشتی و سەری (تالی هوتای) برد بۆ تیمۆجین و بە نیازی خەڵات و دەسخۆشی بوو، بەڵام (تیمۆجین) بە تاوانی خیانەت و فێڵبازیی سەری (تۆدۆ) ی لە لەشی کردەوەو کوشتی..خوێنەری خۆشەویست ...لە ناو گەلی ئێمەداو لە کوردستانی ئێمەدا هەزاران تورکپەروەر،عەرەبپەروەر،فارسپەروەر،بە ناوەکانی جەردەوان و جاش و جاسوس و بە کرێگیراو (تۆدۆئاسا) کەوتونەتە گیانی ماندوی گەلی کوردو ستەم لێکراو.،تۆدۆکانی کورد بۆ بەرژەوەندی و پولپەرستی و خیانەتکاری خۆیان هەموو شتێك دەکەن و تەنانەت کاسەی سەری (گەل) وەك دیاری و خەڵات بۆ (دوژمنان) ی تورك و فارس و عەرەب دەبەن.!،تۆدۆکانی لای ئێمە بە هەر جۆرێك کە بتوانن و بۆیان بلوێت دژایەتی تەڤگەری ڕزگایخوازی گەلەکەیان دەکەن و بۆ دوژمن دەبنە هەزارو یەك شت و یەك جار نابنە (کورد) و گەلپارێزو مرۆڤ..!،تۆدۆکانی ئێمە لە پێناوی وەرگرتنی قومێك چڵکاوی فارس و عەرەب و تورك بۆ ئەوەی بیکەنە قوزەڵقورتیان،پێشمەرگەو گەریلاو سیاسەتمەدارو ژن و لاوی گەلەکەیان دەکەنە ئامانج و دەیانچەوسێننەوەو زۆربەی کات بە مەرگی هاومیلەتانیان قارەمانێتی و داستانی بێوێنە بۆ دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان تۆمار دەکەن.. بۆ مەغۆل و جین و تاتار یەك تۆدۆ هەیەو لە ناوبردنی ئاسانە،وەڵێ لای ئێمە مەخابن زۆر مەخابن هەر کوچەیەك تۆدۆیەکی سەرەخۆرەی دژی گەل و خەبات و تێکۆشانی

کوردانە هەیە !،لێرە تۆدۆکان زۆرن و بە ناوی جیاجیاو بە سیناریۆی جوداوە دێنە مەیدان بۆ وێنە بە ناوی (دۆستایەتی تورك و فارس و عەرەب زامنی پارستنی هەرێمی باشوری کوردستانە،جەردەوانی کوردان لە باکور هەولێك بۆ کەمکردنەوەی هەیمەنەی ئەرتەشی تورك لە باکور،بەسیجی لە ڕۆژهەلات بۆ پاراستنی مالّ و منداڵەو هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن،بەکرێگیراوی لە ڕۆژئاڤا تەنها بۆ خەڵەتاندنی ڕژێمی سوریاو ئەسەدەکانە،و هەزار بەهانەو سیناریۆی هەڵوەشاوو درۆو گەلفرۆشانەی دیکە..) ،تۆدۆکانی کوردستان دەوڵەتی تورك بە دۆست و خۆشەویست دەزانن و تورکیش بە هەزار شێوە گەلی ئێمە سزا دەدات و دەیانکوژێت و بە خەباتکارانی (pkk)ش دەڵێت تیرۆریست و ئاژاوەگێڕ..،تۆدۆکانی لای ئێمە ئێران و فارس بە دراوسێیەکی باش لە قەڵەم دەدەن و ئەم دراوسێ ئازیزەش بە تۆپەکانی کەوتوەتە وێزەی گەلەکەمان لە بناری قەندیل و چۆمان هەمووی ئاوارەو ماڵوێران و دەر بەدەر کردوون و لە ڕۆژهەڵاتیش لاوانمان بە ناوی جیاجیاوە لە سێدارە دەدات و جەرگی سەدان دایکی وەك دایکی فەرزاد کەمانگەر دەسوتێنێت.،ئاخر تۆدۆکانی لای ئێمە پارەو پۆست و کۆمپانیاو ئەوانەیان دەوێت ئیتر کوردو کوردستان و گەل و ئاوارەو فەرزادو منداڵەکانی عەلی حەیدەریان و شێواندنی جەستەی گەریلاو زیندانکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان(ئاپۆ) و سوتاندنی منداڵانی ئاموداو ئاوارەیی سەدان هەزار کوردی ئەرمەنستان و شەهیدکردنی د.مەعشوق خەزنەوی و شێواندنی جەستەیی و ئەمانە چین لە بەرامبەر پارەدا؟!.،ماوەتەوە بڵێم تۆدۆکانی لای ئێمەش پێویستە ئەزموون و تەجرەبە لە تۆدۆکەی جەنگیزخان وەرگرن و واز لە گەلفرۆشی و بێگاپەرستی بهێنن..ئەگەر نا سەرەنجامیان لەو تۆدۆ باشتر و خۆشتر نابێت و سەری بێ ئەقڵیان دەبێتە نیشانەی تیری گەل و گەل مافی خۆیان لێوەردەگرنەوە..،پێویستە چیتر گەل پشت

لە گەل نەکات و هەموو پێکەوە حەبات بکەین و یەکێتی نەتەوەیی کورد بپارێزین و واز لە کاری خیانەتکاری و تۆدۆئاسای بهێنین..گۆشتی کالّی گەلەکەت بخۆو مەیگۆڕڕەوە بە پلاّوی دوژمن!،

تێبینی:هیوادارم لە باسی دراماکەو ناوەکاندا هەلّە نەبوو بم،چونکە ئەو دراما وەك ووتم تایبەتمەندی خۆی هەیە..

# مامۆستا ڕەزا سەقایی..بولبولی کورد و دەنگێك لە ناخی لوڕستانەوە.،

((دایە دایە وەخت جەنگە .. وەخت دوستی با تفەنگە))

هونەرمەندی گەورەو دەنگخۆشی کوردو لوڕستان (ڕەزا سەقایی)،. لە 1318 کۆچی بەرمبەر 1931 زاینی لە گەڕەکی پشت بازاڕی شاری خوڕەم ئاباد (خوڕەم ئاوا)ی ناوەندی لوڕستان،لە دایك بووە..ئەم کەڵە هونەرمەندە لە 1342ك بەرامبەر 1955 ز وەك هونەمەندو دەنگبێژ دەرکەوت.،لە ماوەی تەمەنیدا چەندین گۆرانیی خۆش و بە سۆزی پێشکەشی کوردو لوڕستان کردوەو سەردەمانێك کە دەوترا (ڕەزا سەقایی) یەکسەر ئاوازی فلکلۆری کوردو دەنگی ڕەسەنی لوڕیی و دیرۆکی هونەری بە چێژو (دایە دایە) و خوڕەم ئاواو زنجیرە چیای زاگرۆس و ئیلام و کرماشان و فەیلیەکان وە بیر دەهاتن،بە داخەوە لە ساڵی 1389ك بەرامبەر 2010 بە نەخۆشی و بە ئازارەوە لە نەخۆشخانەی ساسان لە تاران بۆ داواجار ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد،خواحافیزیی لە دەشت و ئاوشارو کێوەکانی لوڕستانی کوردستان کرد.، 3 ڕۆژ دواتر لە تارانەوە تەرمی پڕ ئاثازیی هێنرایەوە شاری خوڕەم ئاوا و دواتر بە ناو جەماوەری شاری خوڕەم ئاواو لوڕستاندا بەرەو گۆڕستان بە ڕێکراو بە خاکی وەڵات سپێردرا هەزار ڕەحمەت لە جەستەی پڕ خزمەت و دەنگی فرە خۆشی مامۆستا سەقایی ..مامۆستا سەقایی لە ناوەندی لوڕستانەوە دەگریاو وەکی بولبول زۆر خۆش ئاوازانە نەوارگەلی غەریبی دەچڕیی بۆ گەل و نیشتمان و کوردستان و لوڕستانە داگیرکراوەکەی، بە دایە گیانی دەوت دایکە ئەوە پەتی ئارامیمان بچڕاو ئیتر زۆرو ستەم و داگیرکاریی شایەنی قبوڵ نین و

ئاشتی و ئاشتیخوازیش تا جیّ و ڕادەیەك دروستە بۆیە کاتی جەنگ و خەباتە و پێویستە لەتەك تفەنگ دۆستایەتی بکەین و بجەنگین.،سەدای سەقایی، پەیوەندیی بە ئامێرەکانی ڕادیۆو تی ڤی و قەوانەوە نیە هەروەها پەیوەندیی بە جەستەوە نیە بەڵکو ئەو دەنگە یەکسەرە خۆی ئامێتەو ئاوێزانی ڕۆحی گوێگران دەکات،سەدای ئوستاد سەقایی ڕاستەوخۆ بەربەستە گەورەکانی نێوان دەنگەکەو ڕۆحەکە پەی دەکات و لەتەك ڕۆحدا دەست لە ملان و هاوپەیوەند دەبێت.. مەخابن بۆ بە فارسکردنی تەواوی لوڕو ڕاکێشانی سەرنجی دانیشتوانی خوڕەم ئاوای سەقاییپەرەوەر،ئەم هونەرمەندە کوردە لوڕزووانە ئەوەندەی لە لایەن ناوەندە فارسیەکانەوە لەسەری نووسراو بایەخیان پێداو گەورەیان کردەوە بۆ مەرامی خۆیان،هەر چەند دووروەشانی (نەورۆز تی ڤی) بەرنامەیەکی لەسەر کرد بەڵام هێشتاش، نیو نیو هێندە ناوەندە کوردیەکان بەر بایەخیان نەخست و نەیانکردە ڕۆژەڤەوە.،ئاخر خۆ مامۆستا سەقایی، کاك برایم تاتڵەس نیە بە کۆلێك سەرمایەو پارەو دنیایەك سیاسەتی قڕکردنی فەرهەنگی گەلێکە کار بکات،ئەو بە باخەڵی خاڵیی سیاسەتی دڵسافییوە خزمەتی پێشخستنی فەرهەنگی گەلە چەوساوەکەی دەکرد.خۆ مامۆستا سەقایی سیاسەتمەدارێکی گەورەی ئێراقی یان ئێرانی یان سوریی یان تورکی نەبوو تا لە کاتی کۆچیدا ئاڵای بۆ بهێننە خوارەوە،ئەو ئەو سیاسەتمەدارێکی بچکۆلە بوو کە نەرم نەرم سیاسەتی بە لایەنە ڕاستەکەیدا دەکرد!،.،ئێمەی کورد بە دەستی خۆمان ماڵی دیرۆك و فەرهەنگ و هونەری خۆمان کاول دەکەین و پاشان بە شتی سەیر سەیر پاساوی بیّ بنەما دەهێنینەوە!،پێویستە ڕێز لە بنیاتنەرانی پێشومان بگرین لە هەر بوارێکدا کاریان کردوەو هاوخەبات و هاودەستی تێکۆشەرانی ئێستاشمان بین و کار بکەین بۆ ناساندنی پێشینە مەزنەکانمان و وا بکەین بەسەرهاتەکان نەبنە چیرۆك و دیرۆك و

بەس بەڵکو ببنە ئەزموون و پەند بۆ نەوەی ئێستاو داهاتوی کوردمان.وە پێکەوە بەرە یەکێتیی نەتەوەیی و ڕزگاری یەکجارەکی لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان. هەنگاو بنێین..،

تێبینی:بە داخەوە ئەز زانیاری وردو زۆرم لەسەر مامۆستا سەقایی نیەو هیوادارم هەرکەس زانیاریی لەسەری هەیە بینووسێت و بڵاوی بکاتەوە..

# حەسەن زیرەك لە نێوان گیانبەختکردووی هونەرو گیانبەختکردووی نەتەوەدا..

## زیرەك و گەل و ئاڤاز..

ئێمەی کورد بە تایبەت کەڤنەمرۆکانمان دەمێك کە گوێمان لە چریکەی بولبولی خۆشئاوازو هونەرمەندی ئاوارە (حەسەن زیرەك) دبێت،هەست بە ئارامی و ئاسودەیی و حەسانەوەی دەروونی دەکەین،زۆر کەمن ئەوانەی کە گوێیان لە گۆرانییەکانی (زیرەك) دەبێت و لێی وەڕس دەبن!،کاتێك (زیرەك) دەبێژێت (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە،جێژنێکی قەومی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە) لە ئاسمانەوە دەچریکێنێت و ڕووەو زەوی دێتەوە بۆ کن پیری کوردان پیرەمێردو لە تەك ئاوازە فرەخۆشەکەی کاکە حەمەساڵح دیلاندا تێکەڵ دەبێت و دەڕژێتەوە هەگبە پڕ بەرەکەتەکەی هونەری کوردو خوێدانە خۆشسوێرەکەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە،.زیرەك. لە کرماشانەوە بە تەنیشت ڕۆحی ئوستاد حیشمەتوڵڵای لوڕنەژادەوەو بە ئاوازی (دایە دایە)کەی مامۆستا سەقایی بە تەمبورەکەی یارسانەوە،(لایە لایە)ی لۆ ئامەدو داخوازیی خەوی پشوی بۆ قامیشلۆو کوبانی و گورگانە شەوێی ئازادیی بۆ کەرکوك و شیوەنێکی بە مەبەستی بۆ ئەریڤان دەکرد،هەر وەك چۆن مامۆستا سەقایی لە پاڵ دایەیدا ئازاری ناخ و ئێشی خاکی لوڕسۆی دەر دەبڕی،ئاوهاش زیرەك لە تەك وتنی (خۆشم دەوێی کیژە کوردە)دا هاواری ڕزگاریی بۆ کیژی کورد دەکرد،ئەوەتا دەبێژێت (کیژە کوردەکەی سەربەست خولقاوی،بە داوی گەردون گیرۆدە ماوی،)پاشان لە ناو (کیژی ئازاد) یشدا خوازیاری کوڕێکی پێشمەرگەو گەریلاو ئازاد بوو،حەسەن کاتێك دەیکوت (کرماشان،شاری کوردە،کرماشان شاری گەورەی کوردستانە!) کوردیەتی سنەو

هەولێرو ئامەدو قامیشلۆ جێی پرسیار نەبوو!،***زیرەك لە بەرامبەر دوژمنانی کورد وەستاو وتی (کرماشان بە خۆی و شیرین و فەرهادو تاقەوسانەوە) هی کوردەو کوردستانە،***.لە تەك ئەمانەشدا یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی نەتەوەیی و دیاری ئەوکات (ژ.ك،J.K) و یەکێك لە کوردە بە هەڵوێستە نەتەوەییەکان کە دوکتۆر زەندی بوو،زیرەکی کردە زاوای خۆی و تێگەیشت کە (زیرەك) ئیتر لەوە دەرچووە تەنیا موڵکی بۆکان بێت،بەڵکو ئەو موڵکی هەموو کوردەو لە بەرامبەر مامۆستا هێمن موکریانیدا کە شیوەنەکەی ئینسانیی بوو،(زیرەك) شیوەنەکەی کوردانەیەو نهێنیە،بۆیە دوژمنان کاتێك هەستیان بەم نهێنیە کردو زانیان (زیرەك) هونەرەکەی خستوەتە خزمەت گەلەکەی و لە زاراڤەکانی (شەنگەبێری،کۆڵوانە،موستەهەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانەخۆم،چارۆکەت هەولێریە،خوایە ئاوای کەی نەیکەی وێرانە ئەم کوردستانە،سابلاّخ و پردی سور،ئەستێرەی گەش،شین بوون لە کێو،) بە بێ هۆ بەکار نابات و هەموو ئەڤ زاراوانە مەبەستیان لە پشتە،هەم پەیامی زوانی کوردی و هەم پەیامی هونەری کوردی دەداتە گەل،دەستیان بە پلان و بەرنامە کرد بۆ لە ناوبردنی و کوژانەوەی لە ناو کورداندا،بۆ ئەوەی کوردان بە دەنگی پڕ سۆزی ئەو شۆڕش و خەباتی زوانەوانی و فەرهەنگی و هونەری و هەبوون نەکەن..

## کێ زیرەکی کوشت،بۆ کوشرا؟!..

(خەڵکی بۆکانم کوردێ خوێن پاکم،برام حوسەینەو خات ئامین داکم...زیرەك)

زۆرێك لە خەڵکی لە ئیلام ئێستاش دەبێژن ئێمە قەرزاری حەسەن زیرەکین چوون ئەو زووانی کوردیی یەڵاوە لە ناوماناو دوژمنانیش بەمە زۆر قەڵەس دەبوون،جارێك لە پیاوێکم پرسی ئایا ئەوە ڕاستە کە هونەرمەند موحەمەدیماملێ حەسەن زیرەکی ژەهرخوارد کردوە؟وتی نەخێر ئەوە دۆریەکەو دوژمنانی کورد دروستیان کرد بۆ ئەوەی خوێنی ئەو هونەرمەندە گەورەی کورد گم بکەن و پاشان خانەوادەی

بەڕێزی زیرەك بکەنە دوژمنی خانەوادەی ماملیٚ،کە هەردوکیان کوردو دەربەدەر و داگیرکراون،جارێك ژنێکی کرماشانی پێی وتم کە حەسەن زیرەك گۆرانیی و سرودی نەوۆرزی چڕی ئیتر دەوڵەتی شا ڕقیان لێگرت و بۆی بە داخ بوون،لێرەوە بۆم دەرکەوت کە زیرەك دوژمن لە ناوی بردوە،ئیتر چۆن و بە چ شێوەیەك نازانم؟،زۆر دەگەڕام و زۆریشم دەپرسی سا بەڵکو سەرەتایی بابەتێکم بۆ ڕوون بێتەوە یان دەرکەوێت،لە هەر کوێیەك و هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیەك باس و بابەتی لەسەر زیرەك دابەزاندایە خێرا دەستم دەخست و دەمخوێندەوە بەو هێڤییەی کە ئاواتەکەی من بێتەدی کە چۆنێتی کوشتنی زیرەك بوو،سوپاس بۆ خوا ڕۆژی 8-8-2010 ژمارە (146) ی ڕۆژنامەی بەڕێزی (بەدرخان Bedirxan) م وەدەست کەوت و پاشکۆیەکی تایبەت بە یادی زیرەك تێدابوو کە ژمارە(5) بوو،بەڕێز د.مەولود ئیبراهیم حەسەن چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل و فرە خاسی لەتەك دایە ڕابە (ڕابە خانم-ڕەش ئەسمەر) ی هاوژین و هاوسەری زیرەکدا ئەنجامدابوو،ئەم بابەتەی د.مەولود شایەنی سوپاسە،بەڕاستی لەمسەر لۆ ئەو سەری چاوپێکەوتنەکە پڕبایەخەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو زۆریش گرنگە،بەڵام لە گشتی گرنگترو وەبەهاتر ئەوەبوو کە من منەیم دەکردو وێڵی بووم ئەویش باسی ژەهرخواردکردنی زیرەك دەکات لە لایەن ساواك (دەزگای سیخوڕی ئەوسای شاهەنشای ئێران)ەوە،لە یەکێك لە قسەکانیدا دایە ڕابە دەبێژێت

***((زیرەك زۆر دڵساف بوو هەموو جار دەیگوت من کەس ناحەزم نیە،ئەوەبوو لە شاییەکدا دەعوەتیان کرد،دڵم ترسا گوتم کوڕە زیرەك مەچۆ،بە قسەی منی نەکرد ڕۆیشت،لەویٚ لە شاییەکەدا گۆرانی دەڵێن و وەختی نەهاریٚ،زیرەك گوتی من چوومە دەرەوە کە گەڕامەوە،ژنە شاگردێکی ئاشپەزەکە قاپێك ئاشی هێنا وگوتی ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە لەگەڵ ئیستیکانێك قەنداخ،زیرەك وتی لە شیوەکە دوو***

***کەوچکم خوارد،بەڵام قەنداخەکەم خواردەوە،کە چووینەوە بۆ شاییەکەو لە کاتی گۆرانی گوتنندا سەرم گێژبوو،))*** دایە ڕابەی هاوسەری زیرەکی کوردان بەردەوام دەبێت و دەڵێت ***((ئاوا درەنگ بوو زەنگیان لێداو گوتیان ڕابە خانم زیرەك لە خەستەخانەیەو زۆر نەخۆشە،کە چووینە خەستەخانە زیرەك زۆر بێ حاڵ بوو ئاگای لە وڵات نەبوو،ژنێك لەوێ بوو منی بینی زۆر دڵی پێم سوتاو منی بردە ژێر زەمینەکەو وتی من لە ڕامی خوا بۆتی باس دەکەم،چوون دەبینم تۆ ژنێکی دڵسۆزی بۆ زیرەك و زیرەك هونەمەندێکی گەورەیەو کەسی نیە،با خوێنەکەی بزر نەبێت،زیرەك نەخۆش نیە،ساواك ژەهری داوەتێ و خوێنەکەی با بزر نەبێ،دوکتۆرەکانیش باسی ناکەن و نەخۆشییەکەی دەشارنەوە))*** ئیتر لەیرەوە گومانێك لەسەر کوشتنی زیرەك نامێنێت و دڵنیا دەبین کە دوژمنانی کورد ئەویشیان کردوەتەوە قوربانیی نیازو نێتە گڵاوەکانیان،***هەروەها تەواو دڵنیا دەبین لەوەی حەسەن زیرەك هێندەی گیانبەختکردووی نەتەوەیە وەکو (کورد) نیو هێندە هی هونەرو گۆرانی نیە،چونکە حەسەن زیرەك ئەگەر هونەرمەندێکی ماستاو چی و خاکفرۆش و چڵکاوخۆرو بە شاهەڵدەرا بووایە ئەوا نەك نەدەکوژرا بەڵکو ڕێزی دەگیراو پارەو سەروەت و سامان و ماشێن وخانوی باشی تەنانە لە تاران پێدەدراو دەکرایە هونەمەندی ئێران بە گشتی و ئەوکات دۆستی ئەوان و دوژمنی گەلەکەی دەبوو،*** دەنگی پڕسۆزو تەواو کوردانەی (زیرەك) هێندە کاریگەر بووە کە دوژمنان بەرگەی بیستن و بێدەنگ بوونیان نەگرت!،

تکایەکی کوردانە!

لە کۆتاییدا دەڵێم تکایە ئەی گەلی کورد،جارێ تریش تکایە..با ڕاست و ڕەسەن و پاك و چاك و دڵسافەکانی میللەتی کورد لە یاد نەکەین،با هونەری پاکی خۆمان نەفرۆشینە بێگانەو داگیرکارانی کوردستان،با ئەدەب و ئەخلاق و ڕەوشتی

نەوەییمان هەڕاج و تاڵانفرۆش و گرانفرۆش نەکەین!،با خەبات بۆ داهاتوو بکەین وەلێ پێشینەو ڕەسەنەکانمان لە یاد نەکەین،با نەهێڵین دوژمنان ڕەنگ و دەنگ و زووان و بەرگ و ناسنامەو هەبوون و شەنگمان لە ناوبەرن و بمانکەنە ڕۆبۆتی تورک–ئەرەب–فارس–ئەمریکا–ئەورپا–ئیسرائیل،تکایە با هەمووممان وەکو حەسەن زیرەك بە شانازییەوە بێژین (***ئێمە کوردین***)..

بە هیوای وەرگرتن و دەرکەوتنی زانیاریی نوێ و بابەتی ڕوونتر لەسەر زیرەك و هەموو ئەو کوردانەی بە گومانەوە کوژراون!،

# وردبوونەوەیەك و کورتە لێکۆڵینەوەو زەندێك لە سەر کات و سەردەم و شوێن و جێگەی لە دایکبوونی پەیامبەر زەردەشتی ماد–کورد!،

بە ناڤی ئاهورامەزدا"الله"ی ئادوای ئادوئی و هروسپ خوداو ئامارنا(*)،.. لە ڕاستیدا هەر بابەتێك پەیوەندی بە زەردەشت و دینی زەردەشتەوە هەبێت کەمێك ئاڵۆزی و گیروگرفت و نادیاری تێدا هەیە،چونکە خاوەنداری ڕاستەقینەی (زەردەشت و ئاڤێستا و مەزدیەسنایی و ......) میللەتی کوردەو گومانیش لەوەدا نیە کە کورد لە دوای ڕوخان و داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی (ماد–کوردی کۆن 700–550 پ.ز[1])، لە هیگمەتانە=هەمەدان،ئەکپاتان،زەکی بەگ دەڵێت ئاقپاتان

) وە بە سەرکردایەتی هەخامەنشی یەکان، بە جۆرێك لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاوە"نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەو بە پێچەوانەوە پارچە پارچە کراوە" تا بتوانێت دیرۆك و مێژووە تاڵانکراو و شێوێندراوەکەی ساخ و ڕاست و دروست بکاتەوە یان بنوسێتەوە"بە تایبەت لە کاتی هاتنی ئەسکەندەردا بۆ هەمەدان(331 پ.ز) هەم ئاڤێستای پیرۆز سوتێندراو هەمیش باوەڕیاران و خواپەرستانی زەردەشتی کاولە ماڵ و دەر بەدەر کران!"، لە لایەکی ترەوە بابەتی ناسین و باسکردنی دینی یەکخوداناسیی ئەشوو"شوت،ئاشوو،ئەشا" زەردەشت بە "ئاورپەرست=مەجوسی،مەگوشی" لە لایەن کۆمەڵێکی نەزان دەربارەی دینی پاکی یەکخواپەرستی مەزدیەسناوە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ وەدەست نەکەوتنی ژێدەرو سەرچاوەی باش و بە نرخ لەوبارەوە،.. هەربۆیە کاتی هتنە دنیای ئەشوو زەردەشت(زەرد+ئەشت)(2)یش تا ڕادەیەك نا دیارەو زۆربەی زۆری زانایان و لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕانی بواری مێژوو"بە تایبەت مێژووی ماد و زەردەشت"،یەکڕا نین لە سەر ساڵ و کاتی لە دایکبوونی و بۆچوونگەلی فرە لەم بوارەدا هەیە،وەلێ بۆ شوێنی لە دایکبوونی هەر چۆن بێت و هەر کوێ بێت، نزیکترین شوێن لە بۆچوونەکانەوە کوردستانە(هەندێك دەیەژن شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بونگەی زەردەشتە و بەڵگەش بۆ ئەمە وەبەرچاو دەخەن،هەندێك دەڵێن ورمێ،ئورومیە،ئاورامیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەندێکیش دەڵێن لە سنووری ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان واتە هۆرامان یان ئاهورامان،لە دایك بووگە،بونی پەیکەری پێغەمبەر زەردەشت لە کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵگەیەکی دیکەی کوردیەت و کوردستانیەتی ئەو زاتەیە! )و هەروەها وشەکان و شێوازەکان و زووانەکەی (ئاڤێستا،ئاوێستا،Avesta)(3) ی پیرۆزش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم بۆچوونانەو(ئاڤێستا) پتر لە زووانی کوردی(شێوەگۆی هۆرامی و زەنگەنە و

کاکەیی..)وە نزیکە وەك لە هەر زمانێك،ئەگەر بە ووردی تەماشای وشەکانی (ئاڤێستا) بکەیت و سەیری وشەکانی زووانی کوردیش بکەیت زۆر وشەی وێکچووی گۆڕان بەسەرا هاتوو دەبینیەوە لەم نێوەندەدا(ئادا=ئازا،زیا=زیان،فرەئیشتە=فریشتە،هونەرە=هونەر،کەنیژك=کەنیشك کچ،ماسیا=ماسی،هامین=هامین و هتد.........)، وەڵێ ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی لێبڕاوانەو دڵسۆزانەو خەمخۆرانەو تەواوکارانە هەیە ! ،انشالله بە هیواو ئومێدی دەرکەوتنی هەموو ڕاستی یە حاشا هەڵنەگرەکان و سەلمێنەرەکان، سەبارەت بەمێژووی ماد(مەد،میدیا،مەدیا)،ئیبراهیم (ئەبرام،ئەبرهام،ئەورام،ئەپرام)، زەردەشت،دینی مەزدیەسنایی،ئاڤێستا،کات و سەردەم و دەمانی لە دایکبوونی ئەشوو زەردەشت، کە دڵنیاو خاترجەمم لە بەرژەوەندی دیرۆك و مێژووی کوردە،

## کات و سەردەمی لە دایکبوونی ئەشوو زەردەشت لە سەرچاوەو ژێدەرەکاندا،.

بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویستی کوردزمان ئاشنا بێت بە بیرو بۆچوونەکان لەسەر کات و شوێنی لە دایك بوونی پەیامبەر زەردەشت،پێویستە(پێتڤی) هەموو یان نیوەی سەرچاوەو ژێدەرەکان بخرێتە بەرچاو، بۆ ئەوەی لانی کەم بۆمان دەرکەوێت کە زۆربەی ڕاو بۆچوونەکان لەسەر کام بەرواروو مێژوو کۆکن و کام بەروار لە بەرواره ڕاستەکەوە نزیکە،ان شالله ئێمەش هەر بەو جۆرە دەکەین،ئێستاش لە سەرچاوەی یەکەمەوە دەست پێدەکەین،ئەویش پەرتوکی چیرۆکی ئاینەکانی سلێمان مەزهەرە،ئەم سەرچاوە ناوی زەردەشتی بە"زارافۆشترا" بردوەو،دەنوسێت (لە ساڵی (660 پ.ز)کوڕەکە واتە ئەشو زەردەشت لە دایك

بوو،نەگریا هەروەك منداڵان دەگرین،بەڵکو بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و هەموولایەکی ئەوماڵەی لەرزاند کە پڕ ببوو لە ڕوناکی خودایی–ئاهورامەزدایی) ئەم مێژووەی ئەم سەرچاوە باسی دەکات سەردەمی دەسەڵات و فەرمانداریی(ماد–کورد)بووە،ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بێشك زەردەشت مادی بووە،هەروەك لە زۆر ژێدەردا دەنوسرێت "زەردەشتی مادی"،ئەوە سەرچاوە تازەو نویێ یەکانن کە دەنوسن(زەردەشتی پارس یان فارس،زەردەشتی ئێرانی!)،سەرچاوەی دووەم پەرتوکی (موسوعەالادیان=فەرهەنگی دینەکان)ە کە لیژنەیەکی عەرەبی ئامادەیان کردوە پێکهاتوون لە (احمد راتب عرموش،د.اسعد السحمرانی،د.محمد الاسکندرانی ) لەسەر زاراوەی (الزرادشتیە)لا 279،دەنوسێت(الزرادشتیە،دیانە کان تاسیسها فی بلاد فارس_ماد_فی القرن السادس قبل المیلاد علی یدی زرادشت....)واتە (زەردەشتی دینێکە لە سەدەی شەشی پێش زاین(600 پ.ز) لە وڵاتی فارس_ماد_ لەسەر دەستی زەردەشت دامەزراوە یان هێنراوە) دیسان ئەم سەرچاوەش لە دایك بوونی زەردەشت دەباتەوە نزیك سەرچاوەی پێشوو چونکە پەیامبەر زەردەشت (77)[4]ساڵ ژیاوە،ئەم تەمەنە لەگەڵ شەش سەد ساڵ کۆ بکرێتەوە دەکاتە (677 پ.ز) تەنها (17) ساڵ جیاوازە لە سەرچاوەی بەرتر،وەلێ ئەم مێژووەش واتە(677 پ.ز) هەر دەکەوێتەوە سنوری سەردەمی فەرمانداریی مادەکان و دەبێتەوە (ماد)ی نەك پارسی[5]!،،سەرچاوەی سێ یەم پەرتوکی چەردەیەك لە مێژووی کوردی د.کەیوان ئازاد ئەنوەرە ،ئەم نوسەرە زۆر بە کورتی و لە لاپەڕە (60–61)دا دەنوسێت (زەردەشتی کوڕی پورشاسپ) لە هەرێمی ئازەربایجان [6]"کە ڕاستییەکەی ورمێ یان ئاورامیە یان ئورامیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە"و لە ساڵی (630 پ.ز) بووەتە پەیامبەر)،دیارە نوسەر باسی مێژووی لە دایك بوونەکەی زەردەشتی نەکردوە، بەڵام پەیامبەر زەردەشت لە تەمەنی

(20)ساڵیدا ڕوو دەکاتە چیای "سبلان–سابڵان" بۆ خەڵوەو خوداپەرستی و ڕوون بوونەوەی هەندێك تشتی پەیوەندار بەو بابەتە،وە دوای (10) ساڵ خەڵوەو بیرکردنەوە پەیامەرێتی خۆی ڕادەگەیەنێت و بانگی خەڵك دەکات بۆ پەرستنی یەك خودای تاك کە (ئاهورامەزدا)یە و پشتگوێ خستنی تەواوی خودا درۆین و بتەکان!، بۆیە ئەگەر (20 ساڵی تەمەن و 10 ساڵی خەڵوە لە تەك 630 پ.ز ) کۆ بکەینەوە دیسان دەکاتەوە (660 پ.ز)و لە دایك بوونی ئەشو زەردەشتمان بۆ دیار دەخات،، لێرەدا تشتەك هەیە دەمگەرەکە بێلێم ئەویش ئەوەیە "ئەگەر میلەتی کورد لە پێشدا یان ئێستا یان با بێژین لە ئایندەدا بیتوانیباو بتوانێت ئەنجومەنێکی لە کەسانی شارەزاو شارۆکاری بواری دینی زەردەشتی پێك بهێنایە یا پێك بهێنێت لە سەدا 80 بۆ 85ی ئەو ئاریشەو گرفتانەی ئێستا دێنە بوون چارە دەبوون،یان چارە دەکرێن! بەڵام مەخابن کوا؟!بۆ بیرێك لەم بابەتە گرنگە ناکرێتەوە؟! ئەوەی هەیە تەنها کاری تاکە کەسی و پرۆژەی سەربەخۆیی بێ ئابوریی یە بۆیە کارەکە واتە دەرکەتنی ڕاستی یەکانی دینی زەردەشتی کورد،بە شوێن وکات و تەنانەت ناوەکەشییەوە ،تا ئێستا لێڵ و ئاڵۆزە و .....هتد"، سەرچاوەی چوارەم پەرتوکەکەی عبدالله موبلغ ئابادانی یە،و دەڵێت (خۆرهەڵاتناسان بە فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆرو سەرسوڕهێنەر مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت لە"329 تا 600 پ.ز"وە گەڕاندوەتوە بۆ "6000 پ.ز"و تەنانەت گەڕاندویانەتەوە بۆ "6000" پێش هێرشەکەی ئەسکەندەر ) دیارە نوسەر لێرەدا مەبەستێتی کە بێژێت ئەو بیرو بۆچوونانەی کە مێژووی لە دایکبوونی زەردەشتیان ئاڵۆزکردوە تەنها فێلێکەو هیچی تر!،وە ئەمیش بەروارێکی نزیك لە سەرچاوەکانی پێشوو تر گووتوە،ژێدەری پێنجەم،ژێدەرێکە پشتی بەستوە بە زۆرترین سەرچاوەی "کوردی،ئینگلیزی،فەرەنسی،هۆڵەندیفارسی،تورکی،عەرەبی و

هتد.."،ئەویش هاوڕێ نامەی هاوڕێ باخەوانە،کە تایبەتە بە بەرواری مێژووی کۆن و ناوەڕاست و نوێی کورد،لە لاپەڕە(38)دا دەڵێت (660پ.ز، مێژووی لە دایکبوونی پێغەمبەری کورد زەردەشتە )،دیارە هاوڕێ باخەوانیش لە خۆوە ئەم بەروارە کە زۆر گرنگە بۆ کورد،تۆمار ناکات بێ گومان بە سەرچاوەکاندا گەڕاوەو ئینجا ئەمەی تۆمار کردوە،ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە پەرتوکی"خوێندن"ی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەفتی بنەڕەتی،کە کەسانی پسپۆڕو شارەزا ئامادەیان کردوە لە لاپەڕە (130-132) بەشی مێژووی میدیا(مادەکان) دەنوسێت (زەردەشت بە ڕەگەز میدییەو ساڵی 660پ.ز لە ناوچەی ئەترۆپاتین(ئورامیە) لە دایك بووە)،،سەرچاوەی شەشەم بۆ ئەم باسە پەرتوکی کورد لە زەردەشتی یەوە بۆ ئاینی ئیسلام،لە ئامادەکردنی سامان عوسمانە لەسەر مێژووی هاتنە بوونی ئەشوو زەردەشت دەبێژێ (ئەرەستۆی یۆنانی مێژووی هاتنی زەردەشتی کورد،دەباتەوە بۆ هەشت هەزارو سێ سەدو بیست و پێنج (8325 پ.ز)ساڵ بەر لە زاین،بەڵام ئەشوو زەردەشت لە ساڵی (660 پ.ز)لە دایك بووە)،ئەم سەرچاوەش مێژووی لە دایك بوونی پەیامبەر زەردەشت دەهێنێتەوە ناو ماوەی فەرمانداریی مادەکان،،ژێدەری هەفتەم کتێوی،مێژووی کوردو کوردستانی ڕەحمەتی موحەمەد مەردۆخی کوردستانی(1878-1975 ) یە،لا 77-79 دا دەڵێت (لە سەدەی هەفتەمی پێش زاین (660 پ.ز) یەکێ لە هۆشمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد بە ناوی-زەردەشت-پەیدا بووەو ویستویەتی خەڵك لە بتپەرستی و جادوگەری و سحر دوور بخاتەوە.واتە بووەتە پێغەمبەر...) نوسەر بەردەوام دەبێت و دەیەژێت (زۆربەی ئەو مێژوونوسانەی کە لە بارەی -ماد=کوردی کۆن-ەوە نوسیویانە دان بەوەدا دەنێن کە زەردەشت لە میللەتی مادە واتە لە کوردەکانی میدیایە،وە کتێبی ئاوێستا-ئاڤێستا-ی بە زمانی نیشتمانی خۆی

نوسیوە واتە زمانی ماد.. )،ڕەحمەتی(موحەمەد مەردۆخی کوردستانی) هێندە بە جوانی و ڕێك وپێکی بابەتە مێژووییەکانی نوسیوە بواری گومان زۆر کەمە،چونکە بۆ ئەم قسانەی زۆر خۆی ماندو کردوەو زۆر بە دڵسۆزی ڕاژەی دیرۆکی میللەتەکەی کردوە،هەر بۆیە هەوڵدان بۆ کاری باش باشە بەرهەم دەهێنێت، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەی،، سەرچاوەی هەشتەم نوسینێکی ئەحمەد تەفەزولی یە کە ڕەحمەتی وریا قانع وەریگێڕاوەو لە گۆڤاری نما بڵاوکراوەتەوە، بەم جۆرەیە (شا گشتاسپ لە دوای چوونە سەر دینەکەی (90)ساڵ فەرمانڕەوایی کرد ،کۆی ساڵەکانی فەرمانڕەوایی یەکەی (120)ساڵ بوو،بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار (112)ساڵ فەرمانڕەوا بوو،هومای کچی بەهمەن کە بە "چهر ئازاد،چارازاد"ناسراوە (30)ساڵ فەرمانداریی کرد،وە بەهمەنی کوڕی هومای کچی بەهمەن (12)ساڵ پاشایەتی کرد،دارای کوڕی دارا (14)ساڵ فەرمانداریی کرد، کۆی ئەم ساڵانە دەکاتە (258)ساڵ،کە بریتیە لە ماوەی ڕۆژگاری نێوان زەردەشت و کوشتنی دارا بە دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی،هەروەها مەسعودی و بیرونی ئەم نێوانە بە ڕاست دەزانن،)،ژمارەکان و کۆو کەمیان بەم جۆەریە (120-30=90+112+30+12+14=258+331=589+42=631) و بە پێی ئەم بۆچوونە هاتنە بوونی پەیامبەر زەردەشت دەکاتە (631 پ.ز)،هەروەها هەمان نوسەر لە جێگەیەکی تردا دەنوسێت (فانتۆسی لیدی کە هاوچەرخی ئاردەشێری هەخامەنشی یەکان،دەگێڕێتەوە و دەڵێت،زەردەشت (600)ساڵ لە پێش داگیرکردنی یۆنانەوە کە لە لایەن خشیارشاوە ئەنجامدرا،ژیاوە،بەڵام لە نوسخەکانی دیکەدا لە باتی (600) نوسراوە (6000)و ئەمە بووەتە هۆی هەڵەکە)، خشیارشا کوڕی داریوشی یەکەمەو لە ساڵی (486 پ.ز) چووتە سەر تەختی هەخامەنشی،و لە ساڵی (480 پ.ز) لە تەك یۆنانییەکان بە جەنگ هاتوە،جا لێرەدا ئەگەر

ژمارەکان لێکبدەین دەکاتە(1080 پ.ز)"600+480= 1080 پ.ز"، ئەم ژمارەیەش لەتەك بۆچوونی زۆربەی سەرچاوەکان یەکناگرێتەوە،هەروەك چەند سەرچاوەی کوردی باسیان کردوە، کە سەرچاوەو ژێدەرە گرنگەکانی دینی زەردەشتی سەردەمی لە دایکبوونی ئەو زاتەیان بە (700 یان 660 یان 630) سالٚ پێش زاین دیاری کردوە،چڕترینیشیان (660 پ.ز)ە،وە زۆر سەرچاوەش بە ڕاستگۆیی بە "زەردەشتی مادی یان کوردی"ناویان بردوە،،لە لایەکی ترەوە هەر یەك لە مێژوونوسان (مەسعودی،حەمزە ئەصفەهانی،یاقوتی حەمەوی،حەمیدڵای موستەوفی قەزوینی) لەسەر ئەوە کۆکن کە زەردەشت لە سەردەمی حوکمڕانی (گوشتاسپ[7] یان کەی گوشتاسپ)دا ژیاوە[8]،سەرچاوەی نۆیەم و کۆتا سەرچاوەمان پەرتوکەکەی عەبدوڵڵا قەرەداغی(مەلا عەلی)یە بە ناوی (زەرتەشت)، بەم جۆرە دەنوسێت (هەریەك لە هۆزو میللەتانی پێش (700پ.ز)خوای خۆیان هەبووەو پەرستویانەو بە هیچ جۆرێك باسی زەرتەشت نەکراوە،هەتا فەرمانڕەوایەتی ماد باسی زەرتەشت نەکراوە،بەڵام لە نوسینەکانی کێوی بێستونی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،لە لایەن دارویشی یەکەمەوە (522پ.ز)بە ڕوونی باسی (ئاهورامەزدا[9]) دەکات کە ئەو خودایەیە کە زەرتەشت بانگەوازی بۆ دەکرد)،لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەشوو زەردەشت مێژووی لە دایکبوونی بە مەبەستی تایبەت شێوێندراوە،ئەوەتا پێش دەسەڵاتی ماد باسی زەردەشتی خاوەنی ئاڤێستا نەکراوە، هەروەها سەبارەت بەوەی هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ (7000–8000–5000–6000 پ.ز) دەڵێت (ئەو ماوانە ناوەڕاستی دروست بوونی کۆمەڵگایە ،خوێندەواری لە هیچ لایەکدا نەبووە،ئەی کە وایە چۆن ئاڤێستا نوسراوەتەوە؟!،لە کاتێکدا کە زەرتەشت خۆی خاوەنی ئاڤێستایە و لە کاتی

خۆیدا نوسراوەتەوە؟! بە پێی ڕوونکردنەوەی زانایان لە سالآنی هەزارەی یەکەمی پێش زاین(1000پ.ز)نوسین لە ناوچەکانیماننا و ماد و ئەوانە هەبووە هەروەك دیاکۆ نۆڤ نیشانەی کردوە،هەروەها ئەم نوسینە شێوەنوسینی مێخەکی بووە،وە ئاڤێستا بە مێخەکی نەنوسراوەتەوە بەڵکو بە نوسینی ئارامی کە لە سەدەکانی هەشت و نۆی پێش زاین باو بووە نوسراوەتەوە)،لێرەدا جێگەیەك وە گومانێك نەماوەتەوە بۆ ئەوەی کە لە دایکبوونی ئەشوو زەردەشت هەر چۆن بێت پێش سەدەی هەفتی بەر لە زاین نیە...و بەڵگەش ئەو ڕاوبۆچوونانەی مەلا عەلی یە،..مەرج نیە بە یەك بابەت یان یەك نوسراو و تەنانەت بە چەند پەرتوکیش لە مەڕ مێژووی زەردەشت و زەردەشتی بگەینە ئەنجام و ئاکامی باش وە دەست بخەین،نەخێر بەڵکو مەرج ئەوەیە دەست پێبکەین و چاکی دڵسۆزانەی لیٚ بکەین بە لاداو قۆڵی خەمخۆرییانەی لیٚ هەڵماڵین تا بتوانین بە یارمەتی خودای تاك،هەرچی تشتێك پەیوەندی بە دیرۆکی زەردەشتەوە هەیە وە دەستی بخەین و مێژووی میللەتی کوردمان بەهادارو ئەرجمەنتر بکەین[10]،.

شوێنی لە دایکبوون و زایشی ئەشوو زەردەشت،.

شوێن و جێگەی لە دایکبوونی زەردەشت تاڕادەیەك لە مێژووی لە دایکبوونەکەی ڕوونترە،بۆ ئەوەی کە ئەشوو زەردەشت لە چ ئاخ و وڵاتێك لە دایك بووە لە سەدا (90-95)ی سەرچاوەکان وڵاتی مادی کۆن واتە کوردستانی گەورەی ئێستاو بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بە زێدی ئەو دیاری دەکەن،ئیتر بۆ شارو گوندو ناوچە هەریەك ڕای دیکەیان هەیە،با ئێستا هەندێك ڕاوبۆچوون نیشان بدەین بۆ ئەوەی پتر بەرچاوڕوونی بێتە کایەوە،.سەرچاوەی یەکەم جەلال ئەمین بەگ لە پەرتوکی ئاوێستا دا بەم جۆرە باس دەکات (کۆمەڵێك کە خودی زەردەشتییەکانن بیرو

باوەڕیان وایە ئەشوو زەردەشت لە شاری گەزان یان گوێزان لە ناوچەی ئورامیە(ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە دایك بووە)،عەرەب بەو شارە واتە گەزان(گوێزان) دەیەژن (شیز sheez)و ئەمڕۆش پێی دەگوترێت (تەختی سولەیمان)،ئەم شارە دوو ئاورگە(ئاتەشگەدە،ئازەرگە،ئاگرگە)ی زەردەشت یەکانی تێدا بووە،کە بێ ئەندازە ڕێزو حورمەتیان لای زەردەشتییان هەبووەو زەردەشتییەکان بۆ (حەج) ساڵانە هاتوونەتە ئەم جێگەیە واتە تەختی سلێمانی ئێستا،یەك لەو ئاگرگانە ئاگرگەی بە نێوبانگی (ئازەرگوشاسپ[11]،ئازەر خۆش ئەسپ،ئازەرۆشەسپ)بووە،ئەم شارە لە ئاڤێستادا بە (چیچیست) ناوی هاتووە کە لە ناوی (شیز)وە نێزیکە،.سەرچاوەی دووەم کتێوی زەرتەشتە لە نوسینی مەلا عەلی کە چەند بۆچوونی بەم جۆرە هێناوە (بارتولەمە،پڕۆفیسۆر گلدنر،جاکسۆن،ڕۆژهەڵاتناس هەرتسلفد،هەرمت،دوشن گبمن،سۆن،زولتسر،مێژووناسی ڕۆمی سلیوس،جی مد،ئانکنیل دوپرۆن،دو پستورات،ئەبول فیدا،سێر هەنری رالینسن،هاراز،پ.جاکسن،و..........هتد،.شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت بە خۆراوای ئێران دەزانن کە ئورامیە دەکات)، هەروەها لومل،ویدن گر،هینتس،پشێنەری ئەڵمانی زهنر، باکتریا(ئەمین زەکی دەڵێت باختر[12]) بە شوێنی لە دایکبوونی ئەشوو زەردەشت دەزانن،یاقوتی حەمەوی دەڵێت (شیز) لە (جیس)ەوە هاتوەو زەدەشت لەوێ لە دایك بووەو شاری ئەم ناوچە ورمێ یە،.سەرچاوەی سێیەم بیرو ڕای کەڵەزانای مێژووناسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگە کە پێی وایە (زەردەشت لە دەڤەری موکری(موکریان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووەو ئاڤێستاش هەر بە شێوەگۆی ئەم دەڤەرە نوسراوەتەوە)،سامان عوسمان لە پەرتوکی کورد لە زەردەشتییەوە بۆ ئایینی ئیسلام دا گوندی

(داربین)ی لە هەرێمی موکریان دیاری کردوە بەڵام پشتی بە کام سەرچاوە بەستوە نازانم؟!،هەر چۆن بێت بیرو ڕاکەی ئەمین زەکی بۆ ئێمە جێگەی بایەخەو شایەنی لێکۆڵینەوەی وردو پوختە،هەروەها جەلال حاجی زادە پێی وایە (جێگەی لە دایکبوونی زەردەشت شاری سەردەشتەو تەنها (ز) بووە بە(س) وە بەڵگەی بۆ ئەمە ئەوەیە کە وشەکانی (ئەزمان،پەز)ئاڤێستایین و گۆڕاون بە (ئاسمان،پەس)،وە گۆڕانی ناوی زەردەشتیش بە هەمان شێوە بووەتە سەردەشت[13]،جەلال حاجی زادە پاش باسکردنی ناوی کۆمەڵێك گوندو پەیوەستییان بە مێژووی کۆنەوە دەڵێت (قسەیەکی گەزافەمان نەکردوە ئەگەر بڵێین دوور نیە کەوا دەرکەوێت (سەردەشت) هەر ئەو زێدو مەڵبەندی لە دایکبوونی زەردەوشت و چۆمی "کەلوێ"ش، هەر ئەو ڕوباری "دائیتی"بێت!)،بۆچوونێکی دیکە هەیە کە (ڕەگا یان ڕەغا)هەمان شاری (ڕەی) نزیك تاران شوێنی لە دایکبوونی زەردەشتە،بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی ساخکەرەوەی لە پشتەوە نیە جگە لە فارسگەرایی[14] نوسەرانی ئەم بۆچوونانە!،ئەنداز حوێزی لە پەرتوکەکەیدا باسی نوسراوێك دەکات کە ئەو نوسراوە باسی ئەوەی کردوە کە دایکی زەردەشت ناوی (دۆغدۆڤا)بووەو لە گوندی (هەردشنە) لە ناوچەی شاری ورمێ لە دایك بووە،ئەمەش نیشاندەرێکی سەرەتاییە بۆ زێدی زەردەشت!،سەرچاوەی چوارەم،بیرو ڕای م.جولیل عەباسی یەکە لە پەرتوکی "ژووانی یەسنا[15]"دا باسی کردوە،م.جەلیل، لەسەر وشەی (بەڵخ) ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ڕێك و پێکی نوسیوە، بەم خۆرە (بەڵخ ...بەڵخە،هەندێ لەو توێژەرەوانەی کە بە هۆی نەشارەزایی سەبارەت بە زمان و جوگرافیای هەورامان و دین دەبیرە نەیانتوانیوە زەردەشت و دینە پیرۆزەکەی بە جوانی بناسن و بە تایبەتی لە مەڕ ناوی کەس و شوێنەکان توشی هەڵەی زەق و سەرلێشێواوی و تەنانەت چەواشەکاری بوون،دەڵێن گوایە زەردەشت لە ورمێ وە کۆچی کردوە

بەرەو شاری بەڵخ (ئەو شارەی ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو وڵاتی ئەفغانستان) و ئیدی لەوێوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی دینەکەی داوە!،ئەوان نازانن یاخود نەیانبیستوە بزانن کە (یەکەم ورمیٚ نیە بەڵکو (ئورامیە،ئاورامیە)یە کە دەبێتە هەمان هەورامانی ئێستاو پەیامبەر ئەشوو زەردەشت لەویٚ لە دایك بووەو دینەکەشی هەر لەوێوە سەری هەڵداوەو دواتر بە دانانی پیرشالیار لە جێگەی خۆی (وەکو خەلیفەو جێگر)،بۆ گەشەدان بە ویرو فەلسەفە"زانخوازیی"و پەیامە پیرۆزەکەی دەستی داوەتە گەڕان و گەشتی ئەملاو لا لە هەورامانی تەختەوە ڕووی کردوەتە هەورامانی لهۆن و یەك لەو شوێنانەی کە تێیدا گیرساوەتەوە گوندی (بەڵخە) بووە کە دەکەوێتە نێوان بیارەو تەوێڵە و لەویٚ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ماوەتەوە،گەر سەیرێکی وردبینانەی شوێنەوارەکانی گوندی (بەڵخە) بکەین زۆر جوان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شوێنە یەکێك بووە لە بنکە و مەڵبەندە سەرەکییەکانی ئەشوو زەردەشت،بە تایبەت شوێنەوارەکەی کۆنەکەی پشت گوندی (بەڵخە) کە پێیدەڵێن (کەڵاویٚ سەر بەڵخیٚ)و گۆڕستانە دێرینەکەی کە ئەمێستا پێیدەیەژن (سینەو ئەسحابەی)و هەرواش شوێنەواری هەرە دێرین(کەڤنار)ی هەوارەبەرزە،ڕاستیی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنن و دەریدەخەن کە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەڵەی ئاڤێستاناسە نەشارەزاکان،زەردەشت هەورامانی بە جیٚ نەهێشتووە و ڕووی نەکردوەتە شاری (بەڵخ)ی ئێستای ئەفغانستان،بەڵکو ئەو شوێنەی کە ڕووی تێکردووە گوندی (بەڵخە)ی هەورامانی لهۆن بووە،ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەگەر لایەنی دێرینەیی و پیرۆزیی بەڵخە نەبووبا،ناوی بەڵخە نەدەکەوتە ناو شیعرو هۆزانی فۆلکلۆرەوە،دێڕی شیعرێکی کۆن و فۆلکلۆری کوردی هەیە دەڵێت(ئەی خوا لەو کەلە زوو بمخەیتە بان،بمخەیتە مابەین بەڵخەو سۆسەکان[16])،بەڕاستی مامۆستا جەلیل لە زۆربەی زۆری نوسینەکانیدا هێندە خۆی ماندوو دەکات و ئەوەند بە

دڵسۆزانە دەنوسێت بواری گومانی خەمخۆرانەی ئێمەی کورد کەم دەکاتەوەو،بوار بۆ گومانی دوژمنانی کورد و تێکدەرانی دیرۆکی زەردەشت،هەر ناهێڵێتەوە،چونکە م.جەلیل بەڵگەی ڕاست و ڕەوان وە بەرچاو دەخات و مرۆڤ وا لێدەکات ئەگەر بڕواش بەو بابەتە نەکات بکەوێتە هەوڵی گەڕان بە دوایدا، ژێدەرو سەرچاوەی پێنجەم بۆ شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت،هادی ڕەشید بەهمەنی یە،لە پەرتوکی پەیامی هەوراماندا لە لاپەڕە (343)دا دەیەژێت (زەردەشت کوڕی پوروش ئەسپ لە 6-3-1877[17] پ.ز،لە کەناری خوارووی دەریاچەی ورمیٚ(ئورامیە)دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دایکبووەو هاتووەتە دنیاوە)،لە ڕاستیدا بۆچوونی زۆربەی سەرچاوەکان گومانی پتر دەڕەوێننەوە لە بەرژەوەندیی میللەتی کوردی دیرۆك تاڵانکراو!،بەڵام زۆر پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی ووردو دڵسۆزانە هەیە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی سەبارەت بە ئەشوو زەردەشت و تەواوی مێژووی "ماد"کورد،لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیتان دەربارەی بیرو بۆچوونی تاکی کورد لەسەر ئەشوو زەردەشت،بیرو بۆچوونی دوو کەستان بۆ باس دەکەم ،کەسی یەکەم"جارێك خەریك و سەرقاڵی ڕیپۆرتاژ(ڕاوتنگە)یەك،بووم لەسەر خودی زەردەشت،لە حاجییەکی پیرم پرسی و وتم مامە تۆ چی دەڵێیت لەسەر زەردەشت؟! مام حاجی پێش ئەوەی وەڵامی من بداتەوە وتی (سەلام و درودی خوای لەسەر)!،ئیتر من دڵنیاو خاترجەم بووم کە مام حاجی ئەم ڕستەی بۆیە وت چونکە زەردەشت بە پێغەمبەر دەزانێت و ناوی ئەو پیرۆز ڕادەگرێت! ئەمە بۆ من مایەی دڵخۆشیی بوو کە پیرێکی کورد بچوونی ئاوایە، بۆیە کەوتمە گفتوگۆ لە تەکیداو زۆر قسە(خسە)مان کردو قسەکان پەیوەندیان بە ڕاوتنگەکەوە هەیە،کەسی دووەم گەنجێکی (خوێنەوار و مەکتەبلی)،بوو کاتێك پرسیارم لێکرد لەسەر زەردەشت بیٚ ئەوەی بوەستێت وتی "زەردەشت و ئاوێستاو تەنانەت مادیش

هەمووی ئەفسانەیە و دروستکراوی دەستی کوردەو ئەمانەم بە بەڵگەو لێکۆڵینەوە بۆ دەرکەوتووە"،منیش زۆر خۆشهاڵ بووم کە ئەم گەنجە لێکۆڵینەوەی کردوە،وەلێ وتم کام بەڵگە؟! کام لێکۆڵینەوە؟ کامە بە دواداچوون و گەڕان؟!،یەکسەر ئەم لێکۆڵەرە خۆنەوارە کەوتە هەڵەوەو وتی(بەڵگەی سەردەمی زەردەشتم دەستکەوتوە)منیش کەمێك پێکەنیم و وتم ئەی زەردەشت ئەفسانەیە سەردەمی چۆن هەیە؟،دورو درێژیی ناکەمەوە بەڵام با خوێنەر خۆی بڕیار بدات لەسەر ئەم دوو بۆچوونە و کەسەکان و ئاستی خوێندن و هتد....بیرمان نەچێت کەسی دووەم واتە خۆنەوارەکە لە (جامیعە jamia)بوو،وە کەسی یەکەم تەنها یەك ساڵی خوێند بوو لە (حوجرە hujra)!،

تکایەکی کوردانە بۆ کوردان!،.

خوێنەری هێژای کوردزمان لە هەر کوێ هەیت،کوردی هەر پێنج پارچە[18]!،هەڤاڵی ئازادنشینی باشوری کوردستان،تکام وایە هەر یەك لە ئێوە تەنها یەك بابەت لەسەر (زەردەشت،ئاڤێستا،دیرۆکی کۆنی کورد،ماد،کوردستان،نەتەوەیی کورد) بخوێننەوە بۆ ئەوەی کەمێك وشیاریی نەتەوەییمان هەبێت،بۆ ئەوەی (کوردایەتی پاك) لامان سەرچاوەی بمێنێت، وەك هەموو مێژوومان تاڵانکرا،وەك زمانی شیرینی کوردیمان تێکشێکندرا[19] لە لایەن فارس و تورك و ئەرەب و ئەرمەنەوە،وەك هەموو شوێنهەوارە گرنگ و دیرۆکییەکانمان (دزران و بران و فرۆشران)،وەك هەزاران کەسمان کڕاو بو بە نەتەوەکانی دیکەو جاش و بەسیج و جەردەوان!،وەك بە ملیۆنان بەلگەنامەی دیرۆکیمان تاڵانکراو لە ئەرشیفخانە(جەوالگردخانە[20])کانی دنیادا غەریبی کوردستان دەکێشن!،دە با وشیاریی و هەستی بەرزی نەتەوەییمان نەدزرێت و نەفرۆشرێت و نەکڕێت!،دە با لێمان ون نەبێت و لە یادمان نەچێت کە ئەشو زەردەشت موڵکی ئێمەی کوردەو بە شانازییەوە لە کاتێکدا مرۆڤەکان

سەرقاڵی پەرستنی خۆرو دارو بەردو بت(بوخت،بەخت)و ئاسن و سەدان جۆر کارەساتی سروشتی و خورماو گۆچان بوون،زەردەشتی ئێمە شۆڕشێکی دینی،ڕۆشنبیریی،کۆمەڵایەتی،مرۆڤدۆستی،نیشتمانی،بەرپاکرد و مرۆڤی لە پەرستشی تشتگەلی بێسودو پوچ ئازادکردو خەڵکی ڕێنوێنی کرد بۆ پەرستنی یەك خودا ئەویش (ئاهورامەزدا)بوو!،خەڵکی لە کۆیەلایەتی و بەندایەتی پاشاکان و سەرمایەداران ڕزگار کرد،ئەز نامەوێت بلێم ببنە (زەردەشتی و مەزداپەرست)و هەموو ئاڤێستای پیرۆز لە بەر بکەن،نەخێر بەڵکو ئەمە مێژووی ئێمەیە دەبێت لە بارەیە لانی کەم شتێك بزانین،گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە حکومی و حزبی و بە ناو سەربەخۆکان ڕۆژانە خەریك و سەرقاڵی کێشە هەنوکەیی و شەڕەجنێوو قسەی بێتام و دوور لە ئاکاری پەرنوسگەرییەوەن(لە تەك ڕێزم بۆ هەندێکیان)،بەڵام ئەوساو ئێستاش کەسێکیان لەسەر ئەم زاتە شۆڕشگێڕە(زەردەشت) یان نەنوسی(ئەوەشی نوسراوە زۆر کەمە)!،شارستانیەتی یۆنان و ڕۆما و میسر و بابل و کویێ و کویێ!،و لەشفرۆشان و گەندەڵی و نهێنیەکانی فلان شت و فایلی ئەم پارت و ئەو حزب و شەڕی قەوارە سیاسییە نانەتەوییەکان و کلیپە تازەکەی هونەرمەند (........)و هەزاران بابەتی دیکە مانشێتی هەمیشە دیاری ڕووپەڕی بلاوکراوە کوردییەکانن،من لێرەدا نالێم ئەمانە پێویست ناکات لەسەری بنوسرێت و باسی لێوەبکرێت،نەخێر بەڵکو زۆریش پێویستە بەڵام لە تام و لە کات و لە جێی خۆیداو بە شێوازی سودبەخش و چارەهێنەر!،هەڤالێك پێی وتم بابەتێکی نەتەوەییم برد بۆ (7 بلاوکراوە) کەسیان بلاویان نەکردەوە،بەڵام شعرو ڕۆمانە تازەکەی کەڵەنوسەری کورد[21](.........) چاپی تریش کرایەوە،بەدواداچوونەکەی فلان کەس لەسەر (پارتی و یەکێتی و گۆڕان)دوجار بلاوکرایەوە،و خەریك بوو بیکەنە سێ جاریش!،ئامریکا دوو سەدەیە دروست بووە،لە پەرتوکخانەی گشتی(....)

ڕۆشنبیری ئەمریکی ژووری تایبەتی هەیە!،فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی (10000) ساڵ و ڕۆشنبیری ئامریکی (دوو سەدەیی) کامیان کامڵترن لە ناوەڕۆکدا؟!،تکایە کاتی ئەوە هاتووە کەمێك بیربکەینەوەو بزانین جیهان لە کوێیەو ئێمەش لە کوێ؟!،میصرییەکان لەسەر ڕیشەکەی (ئەبول هۆل)،کە لە مۆزەخانەی بەریتانیایە،ئامادەی خۆپیشاندان بوون!،ئەی شوێنهەوارەکانی زەردەشت و....لە کوێیە؟ لە مۆزەخانەی سلێمانی؟ یان هەولێر؟ یان دهۆك؟،یان مۆزەخانەی تاران؟!،ئەی ئەو کەسانەی شوێنهەوارەکانی کوردیان تاڵانفرۆشکرد لە کوێن؟ ئێستا ئێمەی کوردی بێدەوڵەت لای کێ شکات بکەین؟کێ بڕوامان پێدەکات؟!،لە هەموی گرنگتر کێ ئامادەیە خۆپیشاندان لە دژی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان بکات،تا بۆ شوێنهەوارو مێژووی دزراومان خۆپیشاندان بکات؟!،ئیتر بەسە!، زەردەشت دەفەرموێت(ئەی ئاهورامەزدا"خودای تاك و ژیر" چەندە بە شکۆیە فەرمانڕەوایی و توانامەندیە تۆ،چەندە ئاواتەخوازم کە لە ڕێگای تۆدا خەبات بکەم!)گاتاکان سروودی (5) هاتی 34،

پەراوێزەکان(پترگۆییەکان)،.

*- (ئادوای ئادوئی) و (هرسپ خودا)و (ئامارنا)،سێ ناون لە (101) ناوەکەی خوای گەورە،"ئادوای ئادوئی" واتە یەکتاو بێکەسەو بێهاوتایە،"هروسپ خودا" واتە خودای هەمووان و گشت شتێك،"ئامارنا" واتە ئاگاداری هەموو گوناه و چاکەیەکەو دەیانژمێرێت،بۆ ناوەکانە جوانەکانی دیکەی خوای گەورە بڕوانە،پەرتوکی (زەرتەشت) ی مەلا عەلی،ل 108-112،

1–هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی ماد لە (708–550 پ.ن) دەستی پێکردوە،یەکەم پاشا دیاکۆ–دیوکوس–،بووە،وە کۆتا پاشا ئاستیاگ–ئەژی دەهاك–بووە،هەروەها سەرچاوە هەیە باسی (701–550 پ.ن)دەکات،..

2–مامۆستا ئاماژ جاف پێی وایە ناوی زەردەشت لە (زەرد+ئەشت)ەوە هاتوە،ئەو دەڵێت "زەرد" هەر زەردەو واتای ڕووناکیش دەدات هەروەها "ئەشت"وەك لە فەرهەنگی ئێریەن ڤەجی د.م.ئەمین هەورامانی دا هاتوە واتە پەیام یان نامە،کە کۆی ئەمە دەکاتە هێنەری پەیامی ڕووناکی و خۆرو زەردی،بۆ زانیاری تەواوتر لە سەر واتای ناوی ئەشوو زەردەشت،بڕوانە ماڵپەڕی (pcdk) ڕۆژی 4–10–2009،بابەتی ئەشوو زەردەشت،ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید،..

3–وشەی ئاڤێستا واتە بنەڕەت و دامەزراو،وە هەندێك دەڵێن واتە زانراو و نەزانراو،ئەم پەرتوکە پیرۆزە پەرتوکی زەردەشتەو لە پێنج بەش پێکهاتوە،ئەوانیش(یەسنا،ویسپرد،وەندیداد یان ڤەندیداد،یەشتەکان،گاتا)،هەندێك گاتا–گاپا– بە فەرموودەو سرودی زەردەشت ناو دەبەن و بە بەشێك لە ئاڤێستای نازانن،هەندێك ئاڤێستا بە شەش بەش دەزانن،هەندێك پێیان وایە کە یەسناو یەشت یەك بەشن،وە جەلال ئەمین بەگ لە پەرتوکی ئاوێستا دا دەڵێت(ئاوێستا بریتیە لە پێنج بەش یان پەڕاو ئەوانیش یەسنا،ڤیسپارد،ڤەندیداد،یەشت،خوردئاوێستا)،ئاڤێستا چەند ناوێکی لێنراوە لە مێژوودا بەم جۆرە(ئەنبا،ئوستا،ئاویتسا،ایستاع،ئیسا،ئابستا،ئاپستا،ئافستا،ئاوستا،ئاوێستا،بستاه،ئایستاق،بستاق،ئیساق،و هتد.. )،

4–ئەنداز حوێزی لە پەرتوکی ئاڤێستا نامەی مەینەڤیی زەردەشت دا(ئەشوو زەردەشت لە جەنگی دژ بە تۆرانیەکان و بە سەرکردایەتی توربراتور

کوژراوه)،هەندێك سەرچاوە دەڵێن بە دەستی خودی توربراتور شەهید کراوه،سەرچاوەیەکی تر دەڵێت (زەردەشت لە تەمەنی پیریدا لە شەڕێکدا لەگەڵ شەعبی –هیونی–دا کە سەرکردەکەیان (ئاجاسب)بووه،کوژراوه،ئەمە موحەمەد ڕەسوڵ هاوار لە بەرگی یەکەمی کوردو باکوری کوردستاندا،ل 85، هێناویێتی،..

5–مەرج نیە ئەگەر لە دایکبوونی زەردەشت لە چوارچێوەی ماوەی فەرمانڕەوایەتی ماددا نەبێت ئیتر کورد نی یە،چونکە میللەتی (ماد،مید،مەد،ئاماد،مادا،مەدیا،) زۆر پێش ئەو ماوە واتە(700پ.ز) ناویان هەبووەو زۆریش تۆکمە بوون ئەگینا چۆن توانیان ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنە دروست بکەن و بۆ ماوەی (150)ساڵ حوکم بکەن؟!،گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی میللەتی (ماد)یان کردوه،دەیگێڕنەوە بۆ (2500 پ.ز)و (2000پ.ز)و هەندێ جار دورتریش،هەر بۆیە ئێمە دەمانەوێت باسی ئەو بابەتە گرنگە بخەینە ڕوو کە پێی دەوترێت (زەردەشتی مادی)نەك هێنانی لە دایکبوونی زەردەشت بە زۆر بۆ ماوەی (700–550پ.ز)و ماوەی حکومەتی ماد!،..

6–بۆچوونێك هەیە باسی ناوی ئازەربایجان دەکات بەم جۆره(ناوی ئازەربایجان لە کۆندا "ئەترۆپاتگان،یان ئاترۆپاتین" وە یاخود"ئێریان ویجۆ"بووه)،هەروەها من پێم وایە ناوی ئازەربایجان،لە ڕاستیدا (ئازەرپەیجان)ە، و لە سێ وشەی کوردی پێکهاتوەو هیچ پەیوەندی بە تورکی ئازەری و وشەی (ئازەر)ی ئازەرییەکانەوە نیە،وشەکان بەم جۆرەن (ئازەر=ئاگر)و (بای=پەی)و (جان=گیان)،ئێستاش با بزانین ئەم وشانە واتایان چیەو بۆ چی بە کارهاتون،ئازەر یان ئاگر، لە ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئاگر کە لە دینی مەزدیەسناییدا کە گەورەترین نیعمەت و بەخێشێنراوی خوایە،دانراوه،.بای یان پەی،وشەیەکی هەورامیەو واتە(بۆ،لۆ)،.جان،دەتوانین بێژین وشەیەکی کۆنەو زۆربەی گەلانی ئاریانشین و

ئێریان ڤاج (نەك تەنها فارس) بە کاریان هێناوەو واتای (گیان)ە،لە کوردیدا زۆر ناو هەیە کە وشەی (جان)ی تێدایە،نمونە (حەمەجان،جانبولاژ،جانەوەر،پیرجان و هتد.....)،لێرەدا دەتوانین بلێین واتەی ناوی (ئازەربایجان) واتە (ئاگر بۆ گیان)وەك بلێی ئاسودەیی بۆ گیان یان حەسانەوە بۆ گیان،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاگر وەك پیرۆزی و ئاسودەیی بۆ گیان ناوزەندکراوە،هەروەها م.عەبدل خالق سەرسام لە لاپەڕە 58–59ی پەرتوکەکەیدا دەڵێت(ئازەربایجان لە ڕاستیدا ئاترپایگانە ئاتر=ئاگر، هەروەها پایگان=شوێن و جێ، کەواتە ئەمە دەکاتە شوێنی ئاگر،..

7–بە پێی لێکدانەوەکانی فەرهەنگی ئاڤێستا کە لە پەرتوکی (گاتا)ی بابان سەقزی دا هاتوە،کەی گوشتاسپ،لە شاری (بەڵخ،بەڵخا،بەڵخە،بەڵکا)ی سەر سنوری ڕۆژهەڵات–باشوری کوردستان،لە دەڤەری هۆرامان، فەرمانڕەوایی کردوە،وە ئێستا ئەم جێگە وێرانەی دەستی زەمانەیەو گوایە لە هەموو شەڕەکانی هەخامەنشی–یۆنانی و ساسانی–بیزەنتی،و هێرشەکانی ئەسکەندەر(331پ.ز) بەرکەوتوە و بە تەواوی شارستانێتەکەی کاول و وێران کراوە،وە کەی گوشتاسپ لەم (بەڵخە) فەرمانداریی کردوە نەك بەڵخی ئەفغانستان،وە لە کوردستاندا گوندی دیکە هەن بە ناوی بەڵخە،لە ناوچەی قەرەداخ دوو بەڵخە هەیە،..

8–بۆ زانیاریی تەواو ورد لەسەر گفتوگۆی سەرچاوەکان و کەسەکان و بۆچوونی مێژوونوسان، لە مەڕ سەردەم و کات و شوێنی لە دایکبوون و زایشی ئەشوو زەردەشت بڕوانە جەوالگرد(ئەرشیف)ی ماڵپەڕی (جودی نیوز judinews) بەشی مێژووی دینی زەردەشت بەرواری 1–12–2009،لەوێدا زۆر بە دورو درێژی باسی ئەم بابەتە کراوە،..

9–ئاهورامەزدا ناوی خودای تاك و بێهاوتایە لە دینی(مەزدیەسنای)ی زەردەشتدا،وە لە دوو وشە پێك هاتوە،ئاهورا واتە دروستکار،وە مەزدا،واتە زۆر

گەورە،وەك ئێستاش لە زمانی کوردیدا بە گەورە دەبێژرێت مەزن،بۆ وێنە دەوترێت (خودای مەزن=مازن=مازدن=مازد=مەزدا)، لێرەدا ئاهورامەزدا واتە دروستکاری فرە مەزن،هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە هەیە دەڵێت ئاهورا=ڕووناکی و نور،وە مەزدا=گەورەو مەزن،ئەوەتا یەکێك لە ناوەکانی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا(النور)ە واتە ڕووناکی، وە لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتوە (الله نور السماوات والارۆ) واتە خودا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە،.سەرچاوەیەکی دیکە دەنوسێت (ئاهۆرامەزدا)واتە (سەروەرو زانا) یان سەروەری مەزن،،وە هەندێك سەرچاوە باسی پەیوەندیی نزیکی (هۆرا،هۆرە) دەکەن لە تەك ناوی (ئاهۆرامەزدا)دا،پێدەچێت (هۆرە) سروودو موناجاتی زەردەشت یان زەردەشتی یەکان بێت لە تەك ئاهورامەزدادا،وە وشەگەلی (ئاهۆرا،هۆرا،هۆرە،هاوار،هەور،هۆر یان هور،هۆرێن،هۆرامان،هەوری،هۆڕ،هەوراز)،پەیوەنگی و وابەستەگی زووانەوانییان هەیە،هەر یەك بە جۆرێك و بە شێوازێك وە ڕەنگە چاوگی ڕەسەنی ئەم زاراوانە (ئاهۆرا+مەزدا)بێت!،شایەنی وتنە (هۆرە) لە ناوچەکانی گەرمیان لە باشوری کوردستان،و زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە،..

10–پێشینان و باوەلێیان و باپیرانی کورد هەر زوو وتویانە (بۆ ڕیش چوو سمێڵی نایە بانی) واتە بۆ باشکردنی کارەکە چوو کەچی خراپتری کرد..و بۆ باش چوو خراپی دەست کەوت،بۆ زۆر چوو کەمیشی نەهێنا و هتد...هەروەها وتویانە (بۆ قژ دەگریا چاویشی نایە سەری)،واتە لە خەمی وەرینی قژیدا ئەوەندە گریا تا چاویشی کوێر بوو!،ئێمە وەکو کورد پێویستە بە دیار شتێکەوە دەنەنیشین لە کاتێکدا شتێکی دیکەمان لە دەست بدات!،قسەکان ڕوونن پێویستیان بە زەندو شرۆڤە نیە!،..

11-چەند سەرچاوەیەك باسی ئەوەیان کردوە کە گوایە ئەشوو زەردەشت لە ئاگرگەی (ئازەرگوشەسپ) لە تەختی سلێمان نێژراوە،سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێت زەردەشت لە تەمەنی (75)ساڵیدا شەهید کراو باوەڕپارانی تەرمی ئەویان لە ئاگرگەی (ئوراتو،هوراتو؟)سوتاندو خۆڵەکەوەکەیان خستە ناو دەریلچەی ئورامیەوە!،سەرچاوەکەی هادی بەهمەنی دەڵێت (زەردەشت لە تەمەنی (77) ساڵیدا بە دەستی تۆرانیەك بە ناوی توربراتروش کوژراوە)،..

12-ناوی بەڵخ بە چەند جۆرێك لە سەرچاوەکاندا هاتووە بۆ وێنە(بەڵخا،بەرخا،باکتریا،بەختر،باختر،بەکترا و هتد....)،..

13-لە ڕاستیدا نزیکترین شێوەناو یان وشە لە ناوو وشەی زەردەشتەوە،ناوی سەردەشتە،چونکە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان دەربڕینی (س) و (ز)دا هەیە لە زوانی کوردیداو زۆریش لە یەکەوە نزیکن!،..

14-ڕەنگە کەسێك بڵێت جاخۆ باسکردنی زەردەشت بۆ کوردیش هەمان ئەو کوردگەراییەیە کە کورد پێی دەڵێت فارسگەرایی،بەڵام نەخێر وا نیە ئێمە سەدان بەڵگەی مێژووییمان هەیە لەسەر کوردی و کوردستانی ئەشوو زەردەشت،بێگومان ئەگەر زەردەشت فارس بوایە ئێستا هەموو بابەتەکانی سەبارەت بەئەویان ڕوونکربووەوە بۆ وێنە (کات و شوێن و گوندو هتد..) بەڵام چونکە موڵکی کوردە ئەوان زۆر هەوڵێکی لەو جۆرەی بۆ نادەن!،..

15-ئەم پەرتوکەی م.جەلیل عەباسی بە ناوی (ژوانی یەسنا)،یەکێکە لە پەرتوکە هەرە بەڵگەدارو گرنگەکانی تایبەت بە زاراوەکانی ئاڤێستاو پەیوەندییان بە زمانی ئێستای کوردیەوە(هەورامی،گەرمیانی،بەهدینی،سۆرانی و هتد....)وە پەرتوکێکی زۆر بە سودە بۆ سەلماندنی (کورد)یەتی ئەشوو(زەردەشت)،..

16–سۆسەکان گوندێکە لای گوندی خەرپانی لە هەورامان،و هاوسنورە لە تەك گوندی بەڵخەو تاوێرەو هاوار،..

17–لێرەدا مامۆستا هادی بەهمەنی لە لاپەڕە (335–336)ی پەیامی هەوراماندا، بە لێکدانەوەی کۆمەڵێك بیرو بۆچوون ئەم مێژووە واتە(6–3–1877پ.ن)دیاری دەکات بۆ لە دایکبوونی زەردەشت،هەروەها (11–10–1800 پ.ن) بە ڕۆژی شەهیدکردنەکەی دیاری دەکات،بۆیە حەزم کرد وەك خۆی بینوسم،..

18–لە ڕاستیدا کوردستان پێنج پارچەیە نەك چوار پارچە،ئەوانیش (باکوری کوردستان–بندەستی تورکیە–،ڕۆژهەڵاتی کوردستان–بندەستی ئێران–،باشوری کوردستان–نیمچە خودموختاری لە ئێراق–،ڕۆژئاڤا یان باشوری بچوك–بندەستی تورك–،باکوری ڕۆژهەڵات–بندەستی ئەرمەنستان)،بۆیە پێویستە ئیتر چوار پارچەی کوردستان بکرێتە پێنج پارچە!،..

19–ڕەنگە کەسێك بپرسێت و بڵێت کوا زمانی کوردی تێکشکێندراوە؟،منیش لە وەڵامدا دەڵێم ئەگەر خەڵکی لادێ و گوندەکانی کوردستان لە زووەوە هەموویان خوێنەوار بکرانایەو زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەرمەنی یان بزانیبا ئێستا زمانی کوردیی لە بەردەم بڤەناکێکی زۆر گەورەدا بوو،وە ئە
گەری هەیە بەرەو پوکانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ برۆشتایە،ئەو زمانە کوردییە تێکەڵەی کە لە ئامەدو سنەو قامیشلی و ئەریڤان و تەنانەت هەولێرو سلێمانیش قسەی پێدەکرێت، ئەردو ئاسمانی جیاوازە لە تەك ئەو زمانە پاراوەی کە کوردانی نیشتەجێی لادێکانی کوردستان قسەی پێدەکەن،ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە دوژمنانی کورد تا ئەو شوێنەی دەستیان گەشتوە هەموو شتی کوردییان لەکەدار کردوە،..

20-بۆ زانیاریی تەواو لەسەر وشەو زاراوەکانی (ڕاوتنگە،زانخوازی،تۆڕڤەچوون،پترگۆیی،جەوالگرخانە،بڤەناك)بڕوانە بابەتی"پڕۆژەی مەدیا بۆ پتەوکردنی زمانی کوردی،ڕاژەڤانێکی بێکەس،هاوارێکی نەبیستراو"،ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید،گۆڤاری زمانناسی ژمارە (6)2010،ل 45-52،..

21-لە ڕاستیدا لێرەدا مەبەستم هیچ رشۆماننوس و شاعیرێك نیەو ڕێزی تایبەتیشم هەیە بۆ هەموویان،وە ناشمەوێت لە نرخ و بەهای شعرو ڕۆمان لێکۆڵینەوەی سیاسی کەم بکەمەوە،وەلێ ئەوەی وتومە تەنها ڕاستی حەقیقەتەو هیچی تر!،لە یادمان نەچێت لە شعرو ڕۆمانیشدا نەتەوەییەکان کلۆڵن و کزۆڵەیان کردوەو کەس فەرموویان لێ ناکات،ئەگەر داوای بەڵگە دەکەن فەرموو سەیری بازاڕی ئەدەبیاتمان بکەن!،..

سەرچاوەکان (ژێدەرێل)،.

1-اڤستا الكتاب المقدس للديانه الزرادشتيه،اعداد د.خليل عبدالرحمن،موافقه وزارت الاعلام رقم (96437) 3-9-2007 فی مگبە دار الحیاە دیمشق،..

2-ئاوێستا،ن جەلال ئەمین بەگ،ژ سپاردن (168)ی 1999ی وەزارەتی ڕۆشنبیری،چ یەکەم،..

3-زەردەشت هیوای ڕزگاری،دروێنەکردنی بابان سەقزی،ژ سپاردن (686)ی 2006 لە وەزارەتی ڕۆشنبیری،لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی زنجیرە(441)،..

4-پەیامی هەورامان،ن هادی ڕەشید بەهمەنی،ژ سپاردن (235)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری،چاپی دووەم ساڵی 2003ز-2703ک،چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان-سلێمانی،..

5-سروودو گاتەکانی زەردەشت،ئامادەکردنی د.حوسێن وەحیدی،و. وریا قانع،ژ سپاردن (482)ی پەرتوکخانەی گشتی هەولێری پێدراوە،چاپ یەکەم هەولێر 2006،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان،..

6-کورد لە زەردەشتی یەوە بۆ ئاینی ئیسلام،ن سامان عوسمان،ژ سپاردن (197)ی ساڵی 2005ی وەزارەتی ڕۆشنبیری،چاپ چاپخلنەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری،..

7-فەرهەنگی شێخانی،ئامادەکردنی عبدالوهاب شێخانی،ژ سپاردن (509،)چاپی یەکەم 2009،چاپخانەی خانی لە دهۆك،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی،..

8-مێژووی ئایینەکان،ن د.کەیوان ئازاد ئەنوەر،ژ سپاردن (1179)ی ساڵی 2009ی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی باشوری کوردستان،چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم،چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی،..

9-مێژووی ئاینی زەردەشت،نوسینی عبدالله موبلغ ئابادانی،وەرگێڕانی وریا قانع،ژ سپاردن (412)ی ساڵی 2002،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،زنجیرە(189)ی 2003،..

10-ئاین و زمان و ڕچەڵەکی کورد،نوسینی حشمەتوولڵا تەبیبی،وەرگێڕانی رەفعەت موڕادی،ژ سپاردن(1367)ی ساڵی 2008ی وەزارەتی

ڕۆشنبیری،سلێمانی 2008،چاپخانەی کارۆ،لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی زنجیرە(593)،..

11-ماڵپەڕی کوردیی تۆڕڤەچوون (ئینتەرنێت)ی(جودی نیوز judinews )،پێگەیەکی ئاینی گشتی یە، بەشی مێژووی دینی زەردەشتی،نووسینی د.ئەحمەد میراودەلی،30-7-2008،

12-چیرۆکی ئایینەکان،ن سلێمان مەزهەر،و لوقمان حاجی قادر،ژ سپاردن (2340)ی 2008،چاپی یەکەم ساڵی 2008-کوردستان،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،..

13-ئەوێستا،نامەی مینەوی زەردەشت،مەتنی جەلیل دوستخواه،لە ڕاپۆرتی ئێران ناس ئیبراهیم پورداوود،ژ سپاردن(243)ی 2002ی دراوەتێ لە هەولێر،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.ژ (142)،چ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر 2002،..

14-زەردەشتی کوردو خوێندنەوەیەکی فەلسەفی-مێژوویی،نوسین و توێژینەوەی جەلال حاجی زادە،..

15-هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد،نوسینی حەبیبوڵڵای تابانی،وەرگێڕانی جەلیل گادانی،بەرگ دووەم،ژ سپاردن(253)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ دراوە،لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان،چاپ.چاپخانەی تیشک،..

16-فەرهەنگی فارسی-کوردی بابان،ئامادەردنی شکرالله بابان،لە بڵاوکراوەکانی انتیشارات کوردستان سنە،چاپی یەکەم 1383ک هـ،..

17-مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد،نوسینی ئیحسان نوری پاشا،وەرگێڕانی لە فارسیەوە. حەمە کەریم عارف،ژ سپاردن (58)ی 1998،چ1 ساڵی 1998،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،..

18–وەرگێڕانێك لەسەر فەروەردین یەشتی ئاوێستا،زەردەشتی کورد،نوسینی عیمادەدین دەوڵەت شاهی،وەرگێڕانی حەمە صدیق میرزا،ژ سپاردن(927)ی 2005،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چ1 ساڵی 2005،کوردستان.سلێمانی،..

19–گاتا،سرروودە پیرۆزەکانی زەردەشت،تەڕگومان و درۆینەکردنی،بابان سەقزی،ژ سپاردن(737)ی ساڵی 2006ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە،لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،زنجیرە(448)،..

20–سانسکریتی سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی،وەرگێڕان و زیادکردن و لێکدانەوەی لە گەڵ ئاڤێستاو پەهلەوی و زاراوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا.حەکیم مەلا صالح،ژ سپاردن(35)ی 2008،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چ 1 ساڵی 2008،کوردستان.سلێمانی،..

21–ژوانی یەسنا،هەنگاوێك بۆ دۆزینەوەی بەشێك لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا،نوسین و شرۆڤەکاری جەلیل عەباسی،بەشی1،ژ سپاردن(1098)ی ساڵی 2008ی ب گ کتێبخانە گشتیەکان/هەلێر،..

22–مێژووی جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا،ئامادەکردن و توێژینەوەی د.م.ئەمین هەورامانی،ژ سپاردن (388)ی پەرتوکخانەی گشتی هەولێری دراوەتێ لە ساڵی 2006،چاپی یەکەم هەولێر 2006،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،ژ 49،..

23–موسوعەالادیان=فەرهەنگی دینەکان، لیژنەیەکی عەرەبی ئامادەیان کردوە پێکهاتوون لە (احمد راتب عرموش،د.اسعد السحمرانی،د.محمد الاسکندرانی )چاپی چوارەم 1428ك–2007ز،دارالنفاس بڵاوی کردوەتەوە،..

24–چەردەیەك لە مێژووی کورد،ن کەیوان ئازاد ئەنوەر،چ پێنجەمی 2008، ژ سپاردن (433)ی 1999ی حکومەتی باشوری کوردستانی پێدراوە،چاپ.چاپخانەی ڕەهەند،.

25–کوردستان و کورد،ن د.عبدالرحمن قاسملۆ، وعبدالله حەسەن زادە، ژ.سپاردن (197)ی 2006، چاپی (2007)چاپخانەی ڕۆژهەڵات،.

26–خوڵاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان،ن محەمەد ئەمین زەکی بەگ،ئا ڕەفیق صالح،ژ سپاردن(249)ی 2006ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە،لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،.

27–مێژووی کوردو کوردستان,ن محەمەد مەردۆخی کوەردستانی,و عەبدولکەریم محەمەد سەعید,چ2,چاپەمەنی هێمن,ژ سپلردن(656)ی ساڵی 2007ی پێدراوە,بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا زنجیرە(112)،.

28–گۆڤاری نما،ژمارە 15و16،ی 2004،لاپەڕە 87–100،دۆسیەی زەردەشت و زەردەشتیەت،.

29–کارنامەی ئەردەشێری بابەکان،ن قاسم هاشمی نەژاد،وەرگێڕان و لەسەر نوسینی شاسوار.ح.هەرشەمی،ژ سپاردن (218)ی 1999،چاپی یەکەم ساڵی 2000،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،.

30–کوردۆلۆژی،لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی مێژووییە لە مەڕ کۆمەڵگای کورد،ن ڕەحیم سابیر،بەرگی دووەم 2009،.

31–مەلۆیەك لە شارای مێژووی میللەتی کورد،ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید،ژ سپاردن (1929)ی بەڕێوەبەرێتی پەرتوکخانەی گشتی سلێمانی پێدراوە،چاپی یەکەم 2709ی کوردی، باشوری کوردستان،.

32–ماڵپەڕی کوردیی تۆڕڤەچوون(ئینتەرنێت) ی (ڕۆژهەڵات Rojhelat) بابەتی هەورامان و زمانی کوردی (هەورامی) نوسینی ئەهوەن هەورامانی،ڕۆژی 22–4–2009،..

33–دۆزی کورد لە نێوان بیری نەتەوەیی و ئاییندا،ئامادەکردنی ئارام عەلی سەعید،ژ سپاردن (148)ی ساڵی 2009ی پێدراوە،لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك،زنجیرە (62)،چاپی یەکەم،..

34–گۆڤاری لالش ،ژمارە 8ی ئابی 1997،بابەتی "قەولێ پەدشای"،بەرهەڤکردنی خێری بۆزانی،ل 110–119،بابەتی "التوحید..والمعتقدات الاریە"،بقلم عدنان زیان،ص 30–38،..

35–وشانێکی کوردی لە دەرەوەی فەرهەنگەکان،ئامادەکردنی جەلیل محەمەد خانەقینی،ژ سپاردن (633)ی 2006ی لە پەرتوکخانەی گشتی هەولێر وەرگرتوە،نۆرەو ساڵی چاپ(1427ك،2706کوردی)،لە بڵاوکراوەکانی نوسینگەی تەفسیر لە هەولێر،..

36–هەندێك زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە،نویسنی شاسوار هەرشەمی ،ژ سپاردن (1336)ساڵی 2009،لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چاپگە چاپخانەی ڕەنج–سلێمانی،..

37–گۆڤاری ڕاستەڕێ،ژمارە (7)ی کانونی یەکەمی 2009،چاوپێکەوتنێکی د.کەمال مەزهەر لەسەر مێژووی کوردو زەردەشت،لاپەڕەکانی 17–20،..

38–بابەتە کۆمەڵایەتیەکان،ئامادەکردنی بەشی مێژوو ڕافدە عەبدوڵڵا،عەتا عەبدوڕەحمان،شوان عوسمان،ئاراس فەریق،صەڵاح کانەبی،ژ سپاردن (550)ی ساڵی 2005،چاپی چوارەم 1429کۆ–2708کو،2008زا،لە ئامادەکردنی

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی باشوری کوردستان،چاپ چاپگەی موستەقیل–لوبنان،..

39–کورد لە سوریاگەلێکی لە بیرکراو،ن کەریم یەڵدز،وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزادە،ژ سپاردن (1830)ی 2009،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم–چاپی یەکەم 2009،کوردستان–سلێمانی،..

40–گۆڕدەخمەکانی میدیاو زەردەشتییان و ڕێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ،نوسینی عەبدول خالق سەرسام،ژ سپاردن (2553)ی2009ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێری درلاوەتیٚ،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس زنجیرە 924،چ یەکەم هەولێری پایتەختی باشور،..

## پێغەمبەر زەردەشتی [1] کورد و نهێنی سیٚ ووتە بە نرخەکەی ..!

((ئەی ئاهۆرامەزدای تاك ئاواتی ئەو کەسانە بەجیٚ بێنە کە دەیانناسیت و دەزانیت چاکبێژو چاکبیر و چاککردارن..پێغەمبەر زەدەشت،گاتاکان هاتی 28،سروودی 10))،

خوێنەری ئازیز کاتێك بابەتێك دەخوێنیەتەوە یان هەمووی بخوێنەوەو جوان لێی ووردبەرەوە یان بە کوێرانەو لە خۆتەوە ڕەخنەی لێمەگرە [2]..نوسین و لێکۆڵینەوە لە سەر هەر لایەنێکی دینی زەردەشتی و خودی ئەشوو زەردەشت..پێویستی بە وریایی و ئاگایی و بە ئەمانەت هەڵسوکەوتکردن هەیە..،لێرەدا نەمگەرە بێژم من لە ئاستەدام و بیٚ هەڵەو کەموکوڕیم،نەخێر بە پێچەوانەوە ڕەنگە تاکە کەس کە هەڵە بکات (من،ئەز) بم!،لە ڕاستیدا ئەوەی کە هەڵە و کەموکوڕیی نیە تەنها خودای تاك و بێهاوتایە..هەر بۆیە من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ڕەخنە بکرێم [3] لە پێناو پێشخستنی بابەتی نوسراو (ئیتر دین،نەتەوە،سیاسەت،کۆمەڵایەتی،یان دەروونناسییە) تەنها با (بە ویژدانەوە بنووسین و ڕەخنە بگرین و بەرسڤ بدەینەوەو ئەمانەت بپارێزین!)..ئێستاش دێینە سەر باسەکە واتە سیٚ ووتەکەی ئەشوو زەردەشت کە ئەوانیش (بیری چاك،پندار نیك، ڤوهومانا..ووتەی چاك،گفتار نیك، ڤوهوختا ..کرداری چاك،کردار نیك، ڤوهوڤدرشتا [4])،ئەم سیٚ ووتە لە هەر لایەکەوە تەماشای بکەیت و خوێندنەوەی بۆ بکەیت و هەڵیسەنگێنیت بە تەواوی واتای (خوداناسی،دادوەری،ژیاندۆستی،تەبایی و ئاشتی،لەتەك مەردوم باش و چاك بوون،بیریی ڕاست و پاك و دڵ ساف بوون،ڕاستگۆیی و ڕێزو چاکەپەروەری و هتد..) ە،.سەرەتا مرۆڤ پێویستە بیرو ئەندێشەو تەفەکوری چاك و پاك و ڕاست بێت و بەرە بەرە هەنگاو بنێت بۆ قۆناخی دواترو بە کاریگەر بوونی ئەم قۆناخی یەکە [5] واتە (بیری چاك) نیشانەیەکی ڕوونی هاتن و دەرکەوتنی قۆناخی دووەمە واتە ووتەی چاك.،(ووتەی چاك) کە قۆناخی دووەم و گەشەسەندوی مرۆڤی چاکیارە، کاتێك کە هێنرایە گۆ، خۆی لە خۆیدا سەرەتای بەرجەستەبوونی ئارمانج،خواست،بەرنامەی هەر مرۆڤێکە کە دەخوازێت ئەوەی کە لە ناخ و دڵ و

مێشکیدا هەیە کە (بیری چاك)ە،پەروەردەی بکات و گەورەی بکات و پاشان سەرەتای پێشکەشکردنی ئەنجام بدات کە خستنە سەر زمان و هاوردنە گۆیە،گرنگی ئەم قۆناخی دووەمە ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤ لە دڵیدا بێژێت خودا تاکەو بێنیازەو شایەنی پەرستنە،بیرێك و ناخوێژیەکی [6] فرە باش و چاکەو قۆناخی یەکەمە، بەڵام لەمە باشتر ئەوەیە کە لە ناو خەڵکدا و بە ئاشکراو لە گشت شوێنێکدا بڵێت خودا تاکەو شایەنی پەرەستنە،بڵێت مرۆڤەکان ژن و پیاو ڕەش و سپی وەرن با پێکەوە بژین و تەباو هاوڕاو بێ ئاریشە بین و کۆتایی بە قارو قین بتێرین،ئەمە لە ئەنجامی پێشخستن و گەشەپێکردنی  قۆناخی یەکەم واتە (بیری چاك) ئەم بەرهەمە دێتە ئاراوە،چونکە مرۆڤ بیرو نیەتی چاك نەبێت ناتوانێت ووتەی چاك بێت ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت (بێگومان هەموو کردەوەیەکە بە نێتی چاك دەست پێدەکات).،(کرداری چاك) کاتێك قۆناخی یەك و دوو پێشخراو فراوان کراو  چاکەو باشە لە ناخەوە گوازرایەوە بۆ سەر زمان و گۆکردن ئینجا نۆرەی قۆناخی سێ و کۆتاییە کە قۆناخی کامڵ بوونە ئەویش (کرداری چاك)ە،لە ڕاستیدا قۆناخی دووەم گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە،وەلێ ئەگەر قۆناخی یەکەم باش پێشنەخرێت و بە تەواوی کامڵ و پڕ نەخرێت هاتنی قۆناخی دووەم زۆر ئەستەمە، هەرواش بۆ قۆناخی دووەم وایە تا قۆناخی دووەم کامڵ نەکرێت و چاکەو خاسە بە دروستی نەخرێتە سەر زووان و بێژە نەکرێت هاتنی قۆناخی کۆتایی و دروستبوون زۆر مەحاڵە،بۆیە قۆناخی سێیەم ئەگەر بە کامڵی پێشخرا بێت و پێگەشتبێت ئەو کاتەخزمەتێکی گەورەیە بە (دین،مرۆڤایەتی،نەتەوە،سروشت،ئازادی،ژن،پیاو،زانست،تەبایی و ئاشتی)،کەسایەتی ڕاستەقینەو دروستی ژن دەگێڕێتەوە بۆ خودی ژن کە کەسایەتی ئازاد،سەروەر،بەرپرس و سەرەنجام دەسەڵاتە کە دەکاتە

(ژنسالاری)،پیشەی ڕاسەقینەی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوەو کاری لە مێژینەی مرۆڤ کە دادوەوری و پێکەوە ژیانە دیاری دەکات بە جۆرێك کەس کەس نەچەوسێنرێتەوە،ئازادیی تەواو بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات تا ئەو جێگەیەی پێت دەڵێت (تۆ ئازادیت تا ئازادی مرۆڤێکی تر پێشێل نەکەیت کە کردت ئازاد نیت! ) چونکە (کرداری چاك) لە هەر بوارێك و لە هەر کات و سەردەمێکدا بێت خزمەت و ڕاژەیەکی فرە گەورەیە.،بە گەشتنی مرۆڤەکان بە قۆناخی کۆتایی و کامڵ بوون و بەرجەستەکردنی کرداری چاك و پێشخستنی ئەو چەمکە گرنگە مایەی ئاوابوونی کۆمەڵگایەکی فرە ئاسودەو بەرهەم هاتنی ژیانێکی بێئاریشەیە ..لە دیندا کرداری باش داواکراوی خوای گەورەیە و مایەی ڕەزامەندی یەزدانە،لە سروشت لە تەك مرۆڤەکان لەتەك غەیرە دینەکان و لەتەك هەر کەسێك و بۆ هەر مەبەستێك کرداری باش هەر باشەو واتەی کارکردنە لە سەر ڕاڕەوێکی دروست و بەجێ، کەسێك بە ناو یان بە سیفەتی دژبەری ئەم (کرداری باش)ە،بوونی نیە مەگەر تەنها پێچەوانەکەی واتە کەسی خراپدۆست و پیسەکارو دژە کۆمەڵگا..ئەم سێ ووتراوەی پێغەمەبەر زەردەشت پێویستیی هەر سەردەمێکن بۆ ژیان و مرۆڤ و هەڵسوکەوت و پێکەوەژیان و جێبەجێکردنیان دڵنیایی سەبارەت دین و ژین دەبەخشێتە مرۆڤ.،ئەگەر سەرنج بدەین دینەکانی (ئیسلام،ئیبراهیمی،ئێزەدی،یارسان،کۆنفۆشیۆسی،یەهودی،مەسیحی،میترایی،بوزای و هتد..[7]) هەمان شت و داواکراوی دینی زەردەشتییان ووتوەو پێیا باش بووە،چونکە لە ڕاستیدا خوای پەروەردگار هەموو دینەکانی بۆ چەند مەبەستێکی ڕوون ناردوە لەوانە (یەکخواناسی،کاری چاکە،ڕاستگۆیی،ئاشتی و پێکەوەژیان،زانستخوازی،ئازادی و یەکسانی،ڕێز لەیەك گرتن و هاوکاری یەککردن،) هیچ پێغەمبەرێك بانگەوازی بۆ دووخواپەرستی نەکردوە،ئەگەر کەسێك بە ناوی

پێغەمبەرەوە ئەو جۆرە بانگەوازەی کردبێت ئەوە پێغەمبەر نەبووەو ناتوانرێت ببوترێت پێغەمبەرێك دووخواناس بووە!،هیچ پێغەمبەرێك زوڵم [8] و ستەم و زۆرداریی نەکردوەو قبوڵیشی نەکردوە ئەگەر کەسێك بە ناوی پێغەمبەرەوە ئەمەی کردبێت لە ڕاستیدا ئەوە پێغەمبەر نەبووەو تەنها ئیدیعای پێغەمبەرایەتی کردوە..،(بیری چاك،ووتەی چاك،کرداری چاك) ی پێغەمبەر زەردەشتی کوردان،هەموو بوارەکانی ژیان و هەموو مرۆڤێك و هەموو گەلان دەگرێتەوەو جێبەجێکردنیشی دنیایەك لە ئاسودەیی بەرهەم دێنێت،لێرەدا دەبینین ئەشوو زەردەشت لە ژێر فەرمانی خوای تاکدا [9] بە سێ قۆناخ و هەناگاو (بیر،ووتە،کردار) دا چاکەو باشە ڕەت دەکات و مرۆڤی (نەوەکام) بەم سێ قۆناخە (کام) دەکات و لە شۆڕشێکی تاکەسییەوە شۆڕشێکی گەورەی مرۆڤایەتی بە ئاراستەی چاکەخوازی و ئاشتیخوازیدا بەرپا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگەژە دروستکراوەکانی دین و ژین و مرۆڤ و ئازادی،گەورەترین و گرنگترین چەکی ئەم شۆڕشە بۆ هێرش لە دژی شەیتان و شەڕەنەگێیی و ئاڵۆزییەکان و هەروەها بۆ خۆپاراستن لە هێرشی ئەهریمەن و ئاڵۆزیەکان تەنها (خۆڕاگریی و ئیرادەی خودی مرۆڤ)ە، وە ڕیزبەندیی ئەم قۆناخانە بە جۆرێکە هەر قۆناخەو تەواوکاری ئەوی دیکەیەو بێ یەکیش کامڵ و تەواو نابن.،لە کۆندا باوباپیران و پێشینانمان گووتویانە (بکە یەك، دڵ و دەست و زووانت،هەر ئەوە دەدورییەوە کە ڕووانت ) من پێم وایە ئەم پەندە کۆنەی کورد لە پێشدا لە بیرەکانی پێغەمبەر زەردەشتەوە وەرگیراوە و کراوەتە پەند بۆ نەوەکانی ئێستامان..لە کۆتایدا دەبێژم هەزاران سەلامی خوای گەورە بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری کورد زەردەشت و تەواوی پەیامبەرانی خودا..

بۆ زانیاری پترو ووردەکاری ڕوونتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە..

خوێنەری دەلال زۆر سەرچاوەو ژێدەر هەن لەسەر زەردەشت و دینی زەردەشت و پەیامی زەردەشت،وەلێ لێرەدا تەنها چەند دانەیەکیان وەبەر چاو دەخەم بە هیوای وەدەست خستن و سودئاوەرییان،بەدواداچون و خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە تا ڕادەیەك ڕوون بەخش و ئاشکراکارە،ئەمەش سەرچاوەکان..

1-پەرتوکی (ئاوێستا،ن جەلال ئەمین بەگ،چ یەکەم 1999،ل 60-61)

2-پەرتوکی (افستا الکتاب المقدس للدیانە الزرادشتیە،اعداد د.خلیل عبدالرحمن،گ الاولی 2007،ص 670)

3-پەرتوکی (ژوانی یەسنا، هەنگاوێك بۆ دۆزینەوەی بەشێك لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا،ن و شرۆڤەی جەلیل عەباسی،ب یەکەك،چ یەکەم 2008،ل 44-47)

4-پەرتوکی (زەردەشت و زەردەشتیەکان،ن د.شەفیع ماحی ئەحمەد،و محەمەد حەسەن سەرگەینێلی،چ یەکەم 1430-2009،ل 42-77)

5-پەرتوکی (تاریخ الزرادشتیە،من بدایاتها حتی القرن العشرین،ك ماری بویس،ت ت د.خلیل عبدالرحمن،گ الاولی 2010،ص 30-31)

6-پەرتوکی (زەردەشت هیوای ڕزگاری،دروێنەکردنی بابا سەقزی،چ 2006،ل 251-312)

7-پەرتوکی (چیرۆکی ئاینەکان،ن سلێمان مەزهەر،و لوقمان حاجی قادر،چ یەکەم 2008،ل317-318)

8-پەرتوکی (زەرتەشت،عبدالله قەرەداغی (مەلا عەلی)،چ دووەم 2007،ل 115-118)

پەرتوکی (پەیامی هەورامان،ن هادی ڕەشید بەهمەنی،چ دووەم 2703-2003،ل 343-345)

## پترگۆیی (پەراوێزەکان)

1-بۆ زانیاری و شارەزایت لەسەر پێغەمبەرایەتی زەردەشت و کوردیەتی زەردەشت و واتای ناوی زەردەشت بڕوانە گۆڤای قەندیل ژ.3،ل29-34،بابەتی ئەشوو زەدەشت،چەند بۆچوون و شرۆڤە(زەند) یك،لەسەر واتاو مانای ناوی پێغەمبەری کورد ،س.خ،) ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید..،

2-بە داخەوە زۆر خوێنەرمان هەیە تەنها بە خوێندنەوەی مانشێت یان چەن دێڕێك لە بابەتێك دەست بەجێو کوێرانە بڕیار دەدات و خەتێکی ڕاست و چەپ دێنێت بەسەر ئەو بابەتەدا ئەمەش کارێکی زۆر ترسناکە بۆ خوێنەری کورد..پێویستە ئەو بابەتە یان ئەو پەرتوکە یان هەر نوسراوێك کە نوسراوە بە جوانی بخوێندرێتەوەو پاشان وەلام بدرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت..،

3-مرۆڤ ئەگەر لەسەر هەر کارێك ئیتر نووسین یان هەر شتێکی دیکە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕەخنە بکرێت،ئەو ڕەخنە هۆکارێکە بۆ بەسەرخۆهاتنەوەو وریابوونەو خۆ ڕێککردنەوە.وە هۆکارێکە بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەلانەی کە کردوونی..،

4-لێرەدا بۆ پتر بەرچاو ڕوونی خوێنەر سێ ووتراوە بە ناوبانگەکەم بە زمانی (ئاڤێستا،کوردی ئێستا،فارسی) هێناوە،هەر چەندە شێوازی دەربڕینیان بە کوردی ئێستاو فارسی جۆری دیکەشی هەیە، بەلام ئەم دوو شێوازە دەربڕینە باوترینیانن..،

5-ئەم سێ ووتراوەی پێغەمبەر زەردەشت دەکرێت بکرێنە سێ قۆناخ ئەوانیش (بیری چاك قۆناخی یەکەم،ووتەی چاك قۆناخی دووەم،کرداری چاك قۆناخی سێیەم و کامڵ بوون)..،

6-ووشەی ناخوێژ،ووشەیەکی کوردی ڕەسەنەو واتە ئەوەی لە ناخدایە بووترێت..،

7-بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز پێغەمبەر ئیبراهیم (س.خ) جگە لەوەی پەیامبەرێکی بەڕێز بوو لای خوای مەزن هەروەها دینێکی گەورەشی هەبوو وە پەرتوکی بۆ ڕەوانە کرابوو بە ناوی (مەصحەف)،ئێزەدی و یارسان دوو دینی کۆنی گەلی کوردن،کۆنفۆشیۆسی دینی چینیاکانە و دامەزرێنەرەکەی مامۆستا کۆنگ یان کۆنفۆشیۆسە(551-470 پ.ز)،میترائی دینی کۆنی ئێرانیەکانە،..

8-پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەموێت خوای گەورە زوڵم و ستەمی لەسەر خۆی حەرام کردوە،بێگومان بۆ هەموو مرۆڤەکانیش حەرامە..،

9-ناوی خوای گەورە لە دینی مەزدیەسنایی یان زەردەشتیدا (ئاهوورامەزدایە) واتە ڕووناکی گەورەو مەزن..،

# ئەشو (زەردەشت)ی پەیامبەری (خودای تاك)، لە ناو بۆچوونەکاندا!،

ئەشو زەردەشت لە (گاتا)ندا،لە هاتی(ئایەت)ی50،سروودی 6،دا،دەفەرمویت(ئەی ئاهورامەزدا"خودای تاك"من زەردەشت لایەنگری ڕاستی،بە ئاوازێکی بلّندو ڕێزەوە ستایشی تۆ دەکەم،خوازیارم هەمیشە زووانم بۆ ڕێگای ژیریی بوێژ بکەیت و لە بەر تریفەی ڕامانی پاکدا،دینی خۆتم بۆ ئاشکراو فێر بکەیت..."،

زۆر جوانە کە هەر کاتێك باسی بابەتێك کراو زانیاریت دەربارەی نەبوو بێ دەنگ بیت!زۆریش ناشیرین و شورەیی یە لەسەر بابەتێك قسە"خسە" بکەیت،کە تورو سووری لە یەك نەکەیتەوە!،بە بەڕێزێکم گووت چی دەربارەی پێغەمبەری خودا"ئەشو زەردەشت"چی دەزانیت؟! زۆر بە سەرسامی ووتی کێ؟کێ؟،ووتم زەردەشتی پەیامبەر دەلّێم،ئینجا وتی ئەها مەبەستت لە پیاوە درۆزنە جادوگەرەکەیە؟!،خێرا وتم"پەنا بەخوا دەگرم" بەلّام زۆر خۆشحالّ دەبم لە بارەی جادووی زەردەشتەوە شتێك بزانم،بەلّگەت هەیە؟ یان ژێدەرو سەرچاوەی باوەڕپێکراوت لایە؟!وتی نا ئەوانەم لا نیە بەلّام ئەگەر جادووگەر نەبووە چۆن وا خۆی سەپاندو ناوی دەرکرد؟!،لێرەدا بە تەواوی بێ هیوا بووم لەم بەڕێزەو دەستم

لێشۆردو ووتم ئاخ،ئاخ،لە درۆی کەسانێك کە بچوکترین بەڵگەیان بە دەستەوە نیە بۆ درۆو بوهتانەکەیان،وە زۆر نیگەران بووم لەوەی کە تا ئەمێستاش کەسگەلێك بوونیان هەیە دەڵێن"دەزانین و ناشزانن!"،ئاخر تو خودا تا کەی کورد بەم جۆرە بیر دەکاتەوە؟!بچوکترین زانیاریت دەربارەی کەسێك"چ جای پێغەمبەرێك"نیە بۆ دێیتە گۆ؟ئەمە چ تامێکی تێدایە؟هەرچەندە"داری بریا بەری نیە"بەڵام بریا بمزانیبا ئەمانە بۆ وا دەکەن؟!،بە هەر دۆخ"بەهەرحاڵ"نامەوێت درێژە بدەم،با ئێستاش بۆچوون و بیرو ڕای چەند کەسێك لەم بارەوە ببیستین،،

–من ئەمە واتە مەسەلەی زەردەشت بە درۆی ساویلکەکان دەزانم و ئەسڵەن نەك پێغەمبەر بەڵکو کەسێك لە مێژوودا بە ناوی زەردەشت نەبووە و نیە!،ئەمە قسەی کارزان خدری تەمەن 28 ساڵە،ئەم گەنجە بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی "من هەموو ئاینەکان بە درۆ دەزانم و زەردەشتی بە درۆی ناو درۆکان دەزانم،کوا ئاوێستای ئەسڵ؟کوا شوێنەواری زەردەشتیەت؟یەکێ دەڵێ خەڵکی ئێرانە،یەکێ دەڵێ خەڵکی ئازەربایجانە،یەکێ دەڵێ خەڵکی کوردستانە،بەڕاست خەڵکی کامیانە؟!،ئەم گەنجە بەداخەوە زۆر بێبەڵگانە کەوتە ناو بابەتەکەو وتی"من بیستومە زەردەشت لە هندستان لە دایك بووەو هەر لەوێش مردوەو کەسیش نازانێ ئاوێستا چی لێهاتوە؟!،

–چرۆ نەجمەدین "من زۆر بە کەمی شتم لە سەر زەردەشت خوێندوەتەوە بەڵام باپیرم هەردەم دەیوت کچەکەم ئێمە واتە کورد لە ئەصڵدا(زەردەشتی)ین،بەڵام دینەکەمان نەسخ"سڕاوە" بوە،و ئێستا موسڵمانین"،ئەم کیژە گومانی هەبوو لە پێغەمبەرایەتی زەردەشت و وتی"دڵنیا نیم پێغەمبەرە یان نا؟ بەڵام دەزانم کە پیاوێکی زۆر باش بووە!"

–هێمن عەلی ڕۆژنامەنووس،نیگەرانی دەربڕی لە قسەو قسەلۆکی دوژمنانی کورد سەبارەت بە زەردەشتی پەیامبەر و وتی"ئەگەر پەیامبەرانی جولەکەو مەسیح و پەیامبەرانی عەرەب لە لایەن خوداوە نێردراون،ئیتر بۆ دەبێت پەیامبەر زەردەشت لە لایەن خوداوە نەنێررابێت؟!،زەردەشت پەیامبەری ڕاستی بووە،پەیامبەری کرداری باش و بیری باش و ووتەی باش و ئاشتی بووە،تەنانەت زەردەشتی پەیامبەر داوای کردوە خەڵکی خۆیان بە دوور بگرن لە کوشتنی ئاژەڵەکان"،هەروەها هێمن دەربارەی بەرنامەی دینی زەردەشتی وتی"دینی زەردەشتی دینێکی یەکتاپەرستی یەو لە دژی غەیرەخوداپەرستان جەنگاوە،وە زەردەشت ئاگرپەرست نەبووە،وەلێ ئاگر لای ئەو ڕێزی زۆری هەبووە،ئێستاش لە هەموو دینە باوەکانی ئەم سەردەمە نیشانەی پیرۆز هەیەو کەسیش پێیان نالێت نیشانە دەپەرستن!"، هێمن بەردەوام دەبێت و لەسەر کوردیەتی پێغەمبەر زەردەشت دەدوێت"پەیامبەر زەردەشت کورد بووە،وە پادشا گوشتاسپ کە دینەکەی قبوڵ کردوە ئەویش کورد بووە،بابەتی پەیامبەر زەردەشت بەشێکە لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردی،دوژمنانی کورد ویستویانەو دەیانەوێت ئەمیش وەك هەموو بابەتەکانی تر بشێوێنن"،

–حەمەجان حەمە عبدالقادر(مام حەمید)ی تەمەن 62ی ساڵ، دەڵێت"لە ڕاستیدا من شتێکی ئەوتۆ دربارەی پێغەبەر زەردەشت نازانم،بەڵام بە تەواوی بڕوام پێیەتی هەروەك چۆن بڕوام بە پێغەمبەرکانی تری خوا هەیە"،ئەم پیاوە نەخوێندەوارە نیگەرانی نیشاندا سەبارەت بە خوێندەوارانی ئەمڕۆو سستیان، وتی"ئەگەر من خوێنەوار بوایەم ئەوا هەموو شتێکم لە سەرچاوەو مەرجەعی ئەصڵەوە وەردەگرت،نەك لە دەمی خەڵکەوە بیبیستم!،بەڵام کوڵکە خوێنەواری ئەمڕۆ لەگەڵ

ڕێزم بۆ هەندێکیان هەموو بابەتێکی گرنگ لە دەمەوە وەردەگرن و دەیکەنە بەڵگەو سەرچاوە"،

–ئاران هادی پێی وایە دژایەتی کردنی زەردەشت لە دژایەتی کردنی پێغەمبەرانی دیکە کەمتر نیە و دەڵێت"زەردەشت پەیامبەری ڕاستی خودایەو یەکەم کەسیشە پێداگری کردوە لە تاقانەی و یەکتای خودا،وە قسە پێوتنی و دژایەتی کردنی لە ژێر هەر پەردەیەکدا بێت"حەرامە"و تاوانە"،ئاران لەسەر ئەوەی کە زەردەشتی دینە یان نا دەڵێت"ئەگەر زەردەشتی دین نیە بۆ لەسەردەمی فەتحی کوردستان و ئێراندا دەسەڵاتدارانی ئیسلام وەکو"ئەهلی کیتاب"خاوەنی پەرتوك کە ئاڤێستایە،مامەڵەیان لەگەڵ زەردەشتی یەکان دەکرد؟،ئەی بۆ ئیمام عەلی دەفەرموێت(زەردەشتیی پێغەبەریان هەبووەو پەرتوکیان هەبووە کە ناوی ئاوێستا بووە)؟،ئەو کەسانەی ئەو شتانە لەسەر زەردەشت دەڵێن دوژمنی خواو ئیسلام و کوردو مرۆڤن،چونکە درۆ دەکەن،

–ڕۆژ هەڵەبجەیی شاعیر،پێی وایە بوونی زەردەشت لە کۆندا سەلمێنەری بوونی کەسی و باش و چاکەخوازە لە مێژووداو وتی"بیری چاك و کرداری چاك و وتەی چاکی زەردەشت نیشانمانی دەدات کە مرۆڤایەتی لە کۆنەوە خوازیاری چاکەو باشەیە،وە زەردەشت ڕاوێژکاری مرۆڤەکان بووە بۆ کاری چاك و پاك،هەروەها بۆ ئێمە گرنگە زۆر پێش ئێستا کوردێك خەڵکی هانداوە بۆ چاکە و ئاشتی و پێکەوەژیان!!"،ڕۆژەخان لەسەر ناوی پێغەمبەر زەردەشت وا قسە"خسە"ی کرد"ناوی زەردەشت پێم وایە لە دوو بەش پێکهاتوە(زار لەگەڵ دەشت)واتە زمان و زاری دەشتێك لە لۆژیك"چەمەك"و چاکەکاریی"،سەبارەت بە ئاڤێستای پیرۆز وتی "ئاڤێستا لەسەرەتاوە تا کۆتا جگە لە باسی خواپەرستی و ئاشتی و چاکەو هتد....هیچی دیکەی تێدا نیە،"،

–عەباس کەریم ئەحمەد،"ڕاستە لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری موحەمەددا(د.خ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی زەردەشت و زەردەشتی یەکان نەهاتووە،بەڵام باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەیەك ڕەچەڵەکی خۆی بناسێت،سەرچاوە مێژووییەکانە،وە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان زەردەشت پێغەبەرێکی یەکتاپەرست بووەو کورد بووەو لە ئێرانی کۆندا بووە(والله اعلم)"،ئەم گەنجە بۆ زاراوەی کورد لە ئێرانی کۆندا بەڵگەی ڕستەیەکی هێنایەوە بەم شێوە دوا"زۆر جار فارسەکان(پارسها) ووتویانە کە کوردەکان لە ئێمە زیاترئێرانین"،هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی بێبەڵگەو ژێدەر قسە دەکەن،عەباس پێکەنینی هات و وتی"من ئێستا تەمەنم 24 ساڵە ئەگەر مێژوو نەبێت و باسکردنی دیك و باوکمان نەبێت نازانم 20 ساڵ بەر لەئێستا چی ڕوویداوە چی بووە؟! بەڵام زۆر سەیرم بە کەسانێك دێت کە بێبەڵگەو زانیاری دەکەونە باسی ساڵەکانی(600–6000 پ.ز)و زۆر بە دڵنیاییەوە قسە دەکەن"،،

# دانشێوەجێ [1] بوێرەکان مەشکێنن!،

((پێنووسەکانتان پاك و پیرۆزن،بۆیە بۆ کاری پاك و پیرۆز بە کاریان ببەن))

پێنووس و خامەو قەڵەم هەر سێکەیان یەك شتن،ئەم پێنووسە لە مێژووی جیهان بە گشتی و مێژووی کورددا بە تایبەتی ڕێزو حورمەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە،تەنانەت خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا یەك سورەتی ناو ناوە (القلم) و لە ئایەتی یەکی ئەو سورەتەدا سوێند بە قەڵەم دەخوات و دەفەرموێت (ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ )پێشینەکان زۆر کۆن ووتویانە خامە پیرۆزەو قورئان و دیرۆك و ئەخلاق و زانستی پێ نووسراوەتەوە!،زۆربەی هەرە زۆری زاناو نوسەرو شاعیرو هونەرمەندو پەندبێژەکانی کورد،نووسین و هۆنراوەو پەندیان بۆ تایبەت کردوە...زۆر کەسیش بە قەڵەمەکانیان خەباتیان کردوە ئیتر لە ڕێگەی دین بێت یان نەتەوە بێت یان مرۆڤایەتی..وە هەندێ جار ئەم قەڵەمانە لە دژی زوڵم و ستەم و گەندەڵیی دەسەڵاتداران و دەوڵەت بوون و پێیان ووتراوە (قەڵەمە بوێرەکان)..زۆر جاریش خودانی ئەو قەڵەمە بوێرانە چەوسێنراونەتەوەو لێیان دراوەو زۆر جاریش ئەم ستەمەی سەر قەڵەمە بوێرەکان بە (مەرگ) ی خاوەنی قەڵەم و خودی قەڵەمەکەش کۆتایی هاتوە..بۆیە لە فرە سەردەمدا کەم تا زۆر کەسانێکی قەڵەمدۆست هەبوون و هاواریان کردوەو وتویانە (قەڵەمە بوێرەکان مەشکێنن!)..،ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە باسی بکەم گۆڕینی کارەکتەری نووسینە لە قەڵەمەوە بۆ دانشێوەجێ (کیبۆرد) [2]..،هەنوکە قەڵەم ئەو پیشەپیرۆزەی جارانی نەماوە کە هەمیشەو بێوەستان لە نووسیندا بێت و ناوە پڕ بەهاکەی جارانی کە (خامەی پیرۆز) بوو لەسەری کاڵ بووەتەوە!،ئێستا زۆربەی ئەو کەسانەی دەنووسن ڕاستەوخۆو بێ پەنابردن بۆ قەڵەم ، دەچنە سەر کۆمپیوتەرو بە یارمەتی دانشێوەجێکەی دەست بە نووسین دەکات..ڕاستە هەندێك بە (قەڵەم)

دەنووسن،بەڵام دواجار دێنەوە سەر قەڵەمەکەی سەردەم کە (دانشێوەجیٚ) یە،بۆیە لێرەوە دەتوانین بێژین (دانشێوەجیٚ) ئەرکی ڕاستینەی قەڵەمی گرتوەتە ئەستۆو کارەکانی قەڵەم ڕایی دەکات..لەم نێوەندەشدا دیسان (دانشێوەجیٚ) کان، سیٚ جۆرو تاقمن ئەڵبەتە بە شێوەی نووسینی نووسەرەکەی مەبەستمانە ئەگەرنا هەموو قەڵەم و هەموو دانشێوەجێیەك پاك و پیرۆزن..جۆرەکانیش ئەمانەن (بوێر،ناوەند،خۆفرۆش)ن،بوێرەکان بە هەموو جۆرێك لە خزمەتی گەل و وەڵات و خەڵکدان و دەخوازن هەر چۆن دەکرێت خزمەت بکەن..ناوەندەکان بە تەواوی لە خزمەتی گەل و خەڵکدا نین بەڵام دژی ئەو چەمەکەش نین و جاریٚ یەکلا نەبوونەتەوە..خۆفرۆشەکان بە تەواوی دژی بەرژەوەندی گەل و خەڵك و وەڵاتن و هەمیشە داردەستی کەسێك، لایەنێك و خزمەتکاری بەرژەوەندیی تایبەتن.،شەڕی نێوان ئەم سیٚ لایەنە (بوێر،ناوەند،خۆفرۆش) بە تایبەت جەنگی نێوان (بوێرو خۆفرۆش) شەڕێکی کۆن و قورسە و بڕیاردان لە سەر بردنەوە یان سەرکەوتنی لایەنێکیان پەیوەندیی بە پشتگیری و هاوکاریی گەلەوە هەیە و گەل بڕیار دەدات کیٚ سەردەکەوێت...،کەسانی خۆفرۆش و گەل فرۆش هەمیشە لە بۆسەو سەنگەردان بۆ چەوساندنەوەو تەنانەت شکاندنی ئەو قەڵەمانە کە ئێستا وەك ووتمان بوونەتە (دانشێوەجیٚ)..بۆیە ئەرکی ئێمەیە بە دەنگێکی بەرزو نەترسانەوە بێژین (دانشێوەجیٚ بوێرەکان) مەشکێنن و لە نووسین و ڕاستی ووتن و بەرگری کردنیان مەخەن..بە هیوای سەرکەوتنی گەل و خەڵك و وەڵاتی کوردستان لە نوکی قەڵەمەوە بوێرەکان و تەختایی دانشێوەجیٚ بوێرەکانەوە..

پەراوێز..

1–دانشێوەجیٚ واتە کیبۆرد کە بە تەختەی نووسینیش ناو دەبرێت و کاری نووسینە و پیتەکانی نووسینی لە خۆگرتووە..ئەمە زاراوەیەکە لە زاراوە بە کوردی

کراوەکانی (پرۆژەی مەدیا بۆ پتەوکردنی زووانی کوردی)،دانشێوەجیٚ بوێرەکان مەشکێنن،ئەم ڕستەم لە (قەڵەمە بوێرەکان مەشکێنن) وەرگرتوە..،

2–تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم ئێستا زۆربەی نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکان بە کیبۆرد دەنووسن واتە ڕاستەوخۆ لە سەر کۆمپیوتەر دەنووسن،ئەگەرنا بە قەڵەمیش بنووسرێت دواتر دەچێتەوە بەردەم کۆمپیوتەرو دانشێوەجیٚ، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە نووسینی ڕاستەوخۆی سەر کۆمپیوتەرەو بەخشینی ئەرکی نووسینە لە قەڵەمەوە بە دانشێوەجیٚ،و ئەمەشم بۆ ئەوە باس نەکردوە کە بڵێم قەڵەم لە کار کەوتوەو سەردەمی تێپەڕیوە، نەخێر من هەر دەڵێم (خامەی پیرۆز) و بە دانشێوەجیٚ واتە کیبۆردیش دەنووسم! !..،

# هێرشی دڕندانەی تورکیاو ئێران بۆ سەر باشوری کوردستان تا چەند پەیوەندی بە چالاکیەکانی pkk و pjak وە هەیە؟!

خوێنەری دەلالی کورد..ماوەی چەندساڵێکە هەردوو دەوڵەتی داگیرکاری کوردستان (تورکیاو ئێران) بە بیانوی بێمانا و سواوەوە هێرشی هۆڤانانە دەکەنە سەر سنورکانی باشوری ئازادی کوردستان و تۆپبارانی دەڤەرە سڤیلنشینەکان دەکەن و خولیای داگیرکرندنی باشوری کوردستان وەك باکورو ڕۆژهەڵات کەوتوتە سەری

گوژاڵکەئاسایان، لەم نێوەندەدا خەڵکانێکی زۆری کوردی سەر سنوری باکور–باشور–ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبنە قوربانی ئارمانج و مەبەستی گڵاوی داگیرکاران،ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و پەرلەمانی ئاوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو تەواوی بە ناو مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەکانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ئاست ئەم تاوانانەی هەردوو دەوڵەت بێدەنگ و بێهەڵوێستن ....لەم ماوەیەداو بە ئێستاشەوە دیسان هەردوو دەوڵەتی تیرۆرخواز، کەوتنەوە گیانی خەڵکی بێتاوانی سەر سنورەکانی باشووری کوردستان بە بیانوی چالاکیەکانی خەباتکارانی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاك و پارتی کرێکارانی کوردستان پکك)ئێستاش بۆ ئەوەی بزانین ئەم بیانووە تا چەند ڕاست و دروستە ڕاو بۆچوونی چەن کەسێك دەخەینە خزمەتی خوێنەری کورد...

–"ئەگەر (پکك و پژاك)یش چالاکییەکانیان ڕاگرن و ئاگربەست ڕاگەیەنن، ئەوا ئێران و تورکیا هەر بەردەوامن لەسەر هێرشکردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان " ئەمە ووتەی شیروان موحەمەد ئەمین ی سەرپەرشتیاری ماڵپەڕی(جودی نیوز)ەلە سلێمانی،ئەم ڕۆژنامەنووسە پێی وایە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا بە مەبەستی تێکدانی دۆخی هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی ئاگری شەڕەکە بۆ هەرێم، هەردەم لە پلاندان و ووتی "ئێران و تورکیا لە سووریی و پێداگریی (پکك و پژاك) لەسەر پێدانی ماف بە گەلی کورد لە باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان،زندۆقیان چووەو دەزانن ڕۆژێك دێت ئەو پارچانەی کوردستانیش ڕزگار دەبن،بۆیە هەر کات هێرش دەکەن و تۆبباران دەکەن و شەلم کوێرم ناپیاڕێزم خەڵکی مەدەنی بەر گولە دەدەن و خوازیارن ئاگری شەڕەکە بێننە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هەم دوور خستنەوەی ئاگرەکە لە خۆیان و هەمیش تێکدانی دۆخی هەرێمی کوردستان"هەروەها ئەم نووسەرە پێی وایە ئێران و تورکیا تەنها شەڕی حزب

ناکەن بەڵکو شەڕی میللەتێك دەکەن وتی "پکك و پژاك هیچ کات سازش لەسەر بچوکترین مافی گەلی کورد ناکەن و بوونەتە دەنگی گەلی کورد بۆیە هەردوو دەوڵەت شەڕی نەتەوەیی کورد دەکەن نەك حزب ز پارت" پاشان لەسەر ڕێگەچارە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هێرش و پلانانە کاك شیروان یەکهەڵوێستیی بە باشترین ڕێگە زانی و وتی "پێویستە ئەنجومەنێکی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان دروست بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلانی دوژمنانی کورد چ لە سوریا چ لە تورکیا چ لە ئێران چ لە ئێراق بۆ کۆتاییپێهێنانی ستەم لەسەر گەلی کورد..باشترین ڕێچارە بۆ ئێمە گوتاری یەکگرتووە"

–حەمەجان حەمە(مام حەمید)عەربەت، پێی وایە باشترین وەڵام بۆ دڕندەیی تورکیاو ئێران سوریاو ئێرا ق تەنها یەکێتی نەتەوەییە وتی "لەم کاتەدا پێویستە میللەتی کورد یەك بێت و دەست لە ناو دەست خەباتی ئاشتیانە بکات بۆ ڕزگاریی هەتاهەتایی" هەروەها ئەم پیاوە پێی وایە ئەوانە ڕاست نین کە گوایە ئێران و تورکیا هێرش بۆ سەر (پکك و پژاك) دەکەن وتی "تا ئێستا یەك گەریلا بە تۆپباران بریرنداریش نەبووەو ئەو هێرشانە بۆ سەر مەدەنیەکانەو پەیوەندی بە چالاکییەوە نیە،جا ئەوا پەیوەندیشی هەبوو خۆ کفر نیە کورد لە خاکی خۆیەوە بەرگری لە خۆی بکات"

–گۆران موحەمەد.دەربەندیخان،"هێرشی تورکیاو ئێران بۆ سەر سنووری کوردستان تا سەر ئێسقان ناڕەوایەو بەزاندنی سنوورە ئەوەش تاوانە" ئەم گەنجە بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە بە هێزی و دڕندەیی و تورکیاو ئێران و بێهێزی میللەتی کورد و وتی "ئەوان دوو وڵاتی بەهێزو چەکدارن و هەر چۆن بیانەوێت غەدر لە ئێمە دەکەن و سنورمان دەبەزێنن ئیتر جارێك بە ناوی چالاکی (پکك و پژاك)و جارێك بە ناوی قاچاخچیەوەو جارێکیش بە ناوی هیچەوە"هەروەها ووتی "گەریلا بۆ مافی

گەلێك و داوای خاکی گەلێك چووەتە شاخ و انشالله دەبێتە خاوەنی ڕزگاری و ئازادیو سەربەخۆیی"..

–هێمن عەلی ڕۆژنامەنووس.عەربەت،ئەم گەنجە پێی وایە هێرش بۆ باشور پلانێکە بۆ سەر تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان وتی "ئێران و تورکیا هەرگیز چاویان بە گەلی کورددا هەڵنەهاتووەو نایەت تەنانەت بەکرێگیراوانیشیان خۆشناوێت..ئەمە پلانێکە بۆ قڕکردنی سیاسیانەی گەلی کورد بە گشتی و پێویستە ئێمەش وریا بین" هەر وەها ئەم پێی وایە هێرشی سەر سنور چ پەیوەندی بە pkk وpjakەوە نیە و مەسەلەکە سازشی هەرێمی باشورەو وتی "کاتێك باشوری کوردستان ببێتە پاشکۆی تورکیاو ئێران لە ڕووی ئابووری و سیاسی و هەواڵگرییەوە، ئیتر هێرش بۆ سەر سنور پەیوەندی بە چالاکی (پکك و پژاك) ە وە هەیە؟! "

–کاروان ئەمجەد گەرمیانی.کەرکوك،ئەم گەنجە گومانی نیە لەوەی کە شەڕی ئێران و تورکیا لە دژی کوردە نە گەریلاو بەس و ووتی "ئەو شوێنانەی کە ئێران تۆپبارانی دەکات یەك گەریلای پژاکی لێ نیە،لە دیدارێکی گۆڤاری لڤیندا عەبدوڕەحمان حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پژاك زۆر بە جوانی باسی ئەوەی کردوە کە پژاك لە (ماکۆو سەڵماس و خۆیی و ئیلام وکرماشان و داڵاهۆ) چالاکی دەکات نەك چۆمان و حاجی ئۆمەران،"ئەم گەنجە لە دیالۆگ و دانوستان لەتەك ئێران بێهیوا بوو وتی"باشە سمکۆی شکاك بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ نەچووە شنۆ ئەی بۆ تێرۆر کرا؟!ئەی شەهید د.عەبدوڕەحمان قاسملۆ بۆ دیالۆگ نەچووە ئەوروپاو ڤیەنا دبلۆماتکارە تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئێران تیرۆریان کرد؟!باشە ئیتر پژاك چ هیوایەکی بەو تیرۆریستە مرۆڤکوژانە هەبێت؟!کەسانێك دەیەژن با (پکك و پژاك) چەك دانێن..سەیرە ئەی بۆ نالێن با ئێران و تورکیا چەك دانێن..باشە ماستاو

دەکەن یان بە کەر ناوێرن بە کورتان فێرن؟! "هەروەها ئەم گەنجە ووتی "بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئەرتەشی تورکەوە تاوانێکی زۆر قێزەوونە وپێویستە ڕای گشتی نێودەوڵەتی بێنە دەنگ و کوشتنی بە کۆمەڵی کوردان قبوڵ نەکەن"،ئەم گەنجە زۆر نیگەران بوو لە هەڵوێستی حکومەتی باشوری کوردستان و ووتی "تورك و فارس و عەرەب بە هەر جۆرێکی نائینسانی کوردان دەچەوسێننەوە و کورد قڕ دەکەن و ژن و کچی بەشەرەفی کورد تەجاوز دەکەن و منداڵی کورد لە زیندان دەکەن،حکومەتی باشوری کوردستان یەك هەڵوێست یان بچوکترین هەڵوێست نانوێنێت،،کەچی چەند سەربازێکی دژە کوردی تورك گۆڕ بە گۆڕ دەبن حکومەتی هەرێم پرسەو سەرەخۆشیان بۆ ڕەوانە دەکات!"هەروەها ئەم گەنجە زۆر بە توڕەییەوە وتی "ئاخر تا کەی تێناگەن؟! ئەی ئاپۆ پێشتر نەیووت دوژمنانی کورد لە پێناوی قڕکردنی کورددا کۆکوژی گەورە دەخولقێنێت؟ئەی نەیووت پێویستە کورد یەك بن و بزانن لەت لەتی چارە نیە بۆ کورد؟!دەمەوێت ئەوە بڵێم کە انشالله (پکك و پژاك) نەك بە تورکیاو ئێران و ئامریکاو ئیسرائیل بەڵکو بە هەموو جیهان لە ناو ناچێت چونکە گەریلا لە گەلەو بۆ گەلە "..

–ڕێبین تەها. نووسەرو ڕۆژنامەنووس.ڕزگاریی گەرمیان،ووتی "ئەو هێرشانەی تورکیاو ئێران ئامانج لێی زیانگەیاندن نیە بە (پکك و پژاك) بەڵکو بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی هەرێمە بۆ ئەوەی لە شەڕی کوردکوژییەوە بگلێنێت" ئەم گەنجە ڕۆژنامەنووسە پێی وایە یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەو هێرشانە بۆ ڕسواکردنی حکومەتی هەرێمە و ووتی"ئەوان دەیانەوێت حکومەتی هەرێم سوك و ڕسوا بکەن لە بەر چاوی تەواوی میللەتی کورد"هەروەها ڕێبین پێی وایە شەڕی کوردو کورد لە بەرنامەدایە لە لایەن دوژمنانەوە"ئێران و تورکیا توانای لە ناوبردنی ئەو دوو هێزە

کوردییەیان نیەو دەیانەوێت شەڕی کورد بە کورد بکەن و ئەمەش زۆر ترسناکە بۆ گەلی کورد"..

–بەهرۆز حسێن.خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری هاودەم،ڕانیە،"ئەگەر سەیری کورتە مێژووی بناری قەندیل بکەین ڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت کە هێرشەکانی ئێران و تورکیا بۆ ئەو دەڤەرە پەیوەندی بە (پکك و پژاك)ە وە نیەو ئەمانە هەمووی بیانوی بێمانایەو بۆ ناشیرینکردنی کورد لە بەرچاوی کورد کە هەرگیز ناتوانن" کاك بەهرۆز پێی وایە هەردوو دەوڵەت بە مەبەستی سیاسی ئەم کارە چەپەڵانە دەکەن و وتی"ئێران دەیەوێت بەم کارەی هێز و باڵانسی خۆی لە هەرێمی باشور زیاد بکات کورد ناچار بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکان بکات،هەروەها تورکیا کە لایەنگری عەلاوییە، چونکە لە لیستی عەلاویدا تورکمان بوونی هەیەو بە جدیش کار دەکرێت بۆ ڕەشکردنەوەی مادەی 140ی دەستوری کە هیوایەکی گەورەی کوردە بۆیە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی فشارهێنان بۆ هەرێم وتۆپباران وسنوربەزاندن بە هەرێم بڵێت ئەگەر لەگەڵ عەلاوی هاوپەیمانی نەکەیت لەمە خراپتر دەکەم، "ئەم ڕۆژنامەنووسە بە سەرسوڕمانەوە ڕووانیە بابەتەکەو وتی"بەزاندنی سنور لە لایەن ئێرانەوە لە چۆمان و حاجی ئۆمەران چ پەیوەندی بە چالاکیەکانی (پژاك)ە وە هەیە کە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت؟!گەریلا لە ئەسکەندەرونە چالاکی دەمات دەوڵەتی تورك لە سەر سنوور خەڵکی سڤیل ئاوارەوماڵوێران دەکات ئەمە چەندی بە چەندە؟! " کاك بەهرۆز پێی وایە لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئابووریەو تەماعکردنە سامانە سروشتیەکانی هەرێمەو وتی "تورکیا لە ڕووی ئابووریەوە داتەپیوەو دووچاری سەدان کێشەو نەهامەتی هاتووە بۆیە دەیەوێت خۆی بە دەوڵەمەندیی هەرێمی باشوری کوردستان، ڕێك بخاتەوە بەم

هێرشانە بە هەرێم بڵێت من لە ناوچەکەدا بوونم هەیەو هەر بوون و هێزێك دەبێت من بناسێت لە ژێر ڕکێفمدا بێت"

–بێستوون سلێمان.ڕۆژنامەنووس.سەنگاو،ئەم ڕۆژنامەنووسە ڕای جیاوازی هەیەو دەڵێت "تۆپبارانی ئێران لەسەر هەرێم بۆ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم خۆی تەسلیمی دەستی حکومەتی شیعەی نوری مالکی بکات و داوای ناردنی هێز لە حکومەتی ئێراق بکات تا جارێکی تر هەرێم بە تەواوی بکەوێتەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئێراق و هەرێمێك بە ناوی کوردستانەوە نەمێنێت" هەروەها بێستوون پێی وایە هەر چۆن بووە پێویستە کورد بتوانێت کارێك بکات بۆ ئەو بابەتەو ووتی "کورد دەبێت هەوڵ بدات کار بکات لە سەر کەمکردنەوەی پەیوەندی هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئێراق و ئێراق و تورکیا " هەروەها ئەم گەنجە پێی وایە ئەو هێرشانە هێندەی پەیوەندییان بە سستکردنی هەرێمەوە هەیە ئەوەندە لە دژی پکك و پژاك نین"بەزاندنی سنور بۆ سستکردنی هەرێمی کوردستانە نەك لە دژی پکك و پژاك"

–هیوا تاووگۆزی.ڕۆژنامەنووس،زەڕایەن،بە بۆچوونی ئەم گەنجە لایەنێکی سەرەکی مەسەلەکە پەیوەندی بە بێدەنگی هەرێمەوە هەیە"پێویستە هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبێت لە ئاست ئەو تاوانانە کە دەرهەق بە گەلەکەمان دەکرێت،پێویستە نوێنەرانمان لە ئەورووپاو ئەمریکاو هەموو دنیا هاوار بکەنو دەنگی گەلی کورد بەرز بکەنەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشانەی تورکیاو ئێران،نازانم بۆ حکومەت بێدەنگ و سەنگە؟!"

–شەنگە موزەفەر،هەولێر،"انشالله خوای گەورە دوژمنانی کورد ڕسواو سوك دەکات،ئەوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان کوێر دەبن ئازادی کورد،ئاڵای کورد،گەریلای کورد،ژن و کچی کورد،منداڵی کورد،تەنانەت تی ڤی کورد

ببینن!"ئەم کیژە بە دەم ئاخێکەوە ووتی"عەبدوللا ئۆجەلان لە زیندانەو فلان و فلانیش ئازادن،ئاخر ئێمەی کورد ئەوە نەگبەتیەکانمانە هەمیشە سەرکردەی باش و بوێرو زیرەکمان یان دەستگیر دەکرێت یان تیرۆر دەکرێت،ئەوە تیرۆر کردنی د.عەبدورەحمان قاسملۆو شەرەفکەندی،ئەوە دەگستگیرکدنی بەرێز ئۆجەلان،ئەوە شەهیدکردنی د.موحەمەد مەعشوق خەزنەوی لە کوردستانی سوریا،"شەنگە خان پێی وایە تۆپبارانی ئێران و تورکیا ئەگەر (پکك و پژاك)یش نەبن هەر دەکرێت "دوژمنانی ئێمە هەر کەی هەر چۆن بخوازن ئێمە دەکوژن بە بیانوی درۆو تەڵەکەوە ،خۆ پێشتر گەریلاکانی پژاك نەبوون ئەی بۆ ئێران هەرکەی بیخواستایە ئەو سنورانەی دەکوڵاند؟!"

–سەردار هەفتتەغاری،داقوق،"ئەم هێرشانەی تورکیاو ئێران تەنها بۆ دوو شتە یەکەم بۆ تێکدانی دۆخی هەرێمی کوردستان،دووەم شەڕێکەو پێمان دەفرۆشن چونکە ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە کوردین و ئەوان داگیرکەر،مەفروزە کورد ئیتر تێ بگات کێ دۆستێتی و کێ دوژمنی؟!ئاخر تاکەی ئەو دوو لایەنە لێك نەکەینەوە؟!"سەردار پێی وایە چالاکیەکان هۆکار نین و مەسەلەکە دوژمنایەتیە"من دەڵێم ئەگەر (پکك و پژاك)یش واز بێنن ئەوا ئەوان بیانوویەکی تر پەیدا دەکەن و دژایەتیمان دەکەن "

تێبینی:ئەڤ بابەتە لە ژمارە 6ی گۆڤاری ململانێدا بڵاوکراوەتەوە..

# پاڵەوانەکەی ئیسلام و پەیوەندیی لەتەك نا ئیسلامەکان!،

وەك بەر گوێ ، بەر چاومان دەکەوێت بە بۆچوونی فرەیەك لە لەتە موفتی و زانایانی ئیسلام و موسڵمانان گوایە (ڕەجەبی مام تەیبی ئەردۆگانزادە) پاڵەوانی ئیسلامەو موحەمەد فاتیحی ئەم سەردەمەیەو گوایە هەر ئەو خاڵە ڕەجەبەش فەلەستین ڕزگار دەکات لە دەستی (ئیسرائیل!)،هەر برێك لەو کۆڵکە زانایانەی فتوای پاڵەوانێتی بۆ ئەردۆگان دەدوەن،خەباتی بزوتنەوەی تالیبان لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانیی (ناتۆ) کە سوپاکەی ئەردۆگانیشی تێدایە بە جیهاد دەزانن،بەڵگەیی ئەم کۆلکە موفتییانە ڕەنگە نوێژێکی هەڵکوڕوزاوی ناو مزگەوتی ئەردۆگان بێت،لە کاتێکدا سوپا هاوپەیمانەکەی مامە ڕەجەب بێ گوێدانە بەها دینی و مرۆڤییەکان و بێ حسابکردن بۆ خەڵك ڕۆژانە دەڕژێژنە سەر خەڵکی سڤیلی بێ تاوانی ئەفگانستان و شەلم کوێرم ناپرێزم مرۆڤ دەکوژن و چەندان مزگەوتیش کە کەسانی زۆر لە ئەردۆگان ئیماندار تر نوێژی تێدا دەکەن بە دەستی ناتۆکەی ئەردۆگان کاول کراوەو دەکرێت،ئەم ئەردۆگانەی سەرەوە بۆ لە ناوبردنی کورد و سڕینەوەی ئەو تەڤگەرە بە هێزەی کە لە قەنیلەوە بووەتە چقڵی چاوی هەموو ئەردۆگانیەکان،ئامادەی هەموو شتێکە تەنانە ئەگەر پێویست کات قورانی بۆ دەسوتێنێت لە تەك هەر کەسێك کە دژی کورد بێت پەیوەندیی دەبەستێت،ئێستاش دەبینبن بە نیازە لە ڕێگەی پەیوەندیە کۆنەکەیانەوە لەتەك دانیمارکەکەی کە ئیهانەی پێغەمبەری ئیسلامی کردو کاریکاتێری فرە نەشیاوی بۆ کێشا و زۆری نەما جەنگێك بقەومێت و سوکایەتی بە هەستی سەدان ملیۆن

موسڵمانی جیهان کرد،ڕۆژی کوردان و تەڤگەری کوردان تاریك بکات و تاکە دووروەشانە نەتەوەییەکەی گەلی بندەستی کورد (ڕۆژ تی ڤی) دابخات و کوردان بێ دەنگ و ڕەنگ بکات،ئەمە بەڵگەیەك،پاشان هەمووان دەفامین و دەزانین ئەو تورکیای ئەردۆگانە چەندین ساڵە لەتەك ئیسرائیلەکەی جولەکەو دوژمنەکەی فەلەستین موو ناچێت بە نێویانداو بە بێ یەك میزیش ناکەن و سەدان بازرگانیی چەك گۆڕینەوە لە نێویاندا هەیەو هەر بەو چەکانەی جولەکە کوردی موسڵمانی پێ لە ناو دەبات !،بێژی ئەردۆگان گەرەکی بێت لەم ڕێوە فەلەستینە داماوەکە ڕزگار بکات یان ئەمیش بۆ دژایەتی کوردانە؟!،بێگومان کەسی فامدار دەزانێت ئەمە لۆ دژایەتی کوردانە ،لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەردۆگان لەسەر پارەی سکی خەڵك و بە سامانی میللەت سفرەی ڕەمەزان ساز دەکات و کۆمەڵێکی لە خۆی بێ ئەدەبتر بە ناوی ڕۆژووەوانەوە بانگ دەکات و لە خۆشترین و بە تامترین خواردن دەخۆن،بەمەش خۆڵ دەکاتە چاوی هەزاران گەمژەی لە دین تێنەگەشتوی کوردو عەرەب و تورك و هتد..پاشان بە بەتەڵی سەردەم ناو دەبرێت و گوایە گوێی شەیتان قوڕقوشمی تێچێت ئەردۆگان دین سەر دەخات و ڕزگارکارە!،ئەمە لە کاتێکدایە کە لە باکوری کوردستان و لە زۆر ناوچەی تورکیا زۆرماڵبات و خێزان هەن کە نەك بۆ ئێوارە نانێك نیە بیخۆن و شتی پڕ تام نۆش کەن ، بەڵکو بۆ پارشێویش زادێك شك نابەن بیکەنە بەر دڵیان تا بەیانی بۆ هەمان ئەو خوایەی کە بە حساب ئەردۆگان دەیناسێت بە ڕۆژوو بن!،پێدەچێت لە ئێستادا کاك ئەردۆگان زۆربەی نوێژەکانی بفەوتێن و بۆی نەکرێت چونکە ڕۆژێك لە ئێرانە، ڕۆژێك لە دانیمارکە، ڕۆژێك لە سوریایە، ڕۆژێك لە ئەڵمانیا لای میمکە ئەنجێلایە، ڕۆژێك لە ئەمریکایە، ڕۆژێك لە بەرازیلەو ڕۆژێکیش لە ئاسمانە بە بیری خەڵك لای خودایە!، فەقیرە وەك سەگی پێ سوتاوی لێ هاتووە،بێگومان ناتوانێت نوێژەکانی بە کورت

و کۆ(قەسرو جەمع) یش بکات!،خۆ ئەگەر نوێژەکانیشی بکات کە نایکات، وەکو نوێژی دزەکە وایە کە لە کاتی دزییدا دواکەوتبوون وتبووی: کاکە تۆزێ خێراکە نوێژەکەم ڕۆشت!،

لە کۆتاییدا حەزدەکەم چەند پرسیارێك بکەم،ئایا هەموو جیهان و موسڵمانان و کوردیش لە ئەردۆگان تێگەیشتوون یان نا؟ئایا کورد تاکەی ئەم ئەقڵە سەقەتەی دەمێنێت کە ئەردۆگان بە ئیماندارو پاڵەوان دەزانن؟،ئایا تاکەی کورد بڕوا بەوە ناکات کە موسڵمانییەکەی ئەردۆگان تەنیا بۆ لە ناو بردنی کوردەو بەس ؟ئایا کوردان تاکەی بە ڕیکلامی بریقەدارو درۆی شاخدار باوەڕی دەکەن؟!،ئەو ئەردۆگانە تەنیا بۆ سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد ئامادەیە ببێتە مەسیحی و جولەکەو بوزایی و تەنانەت ببێتە مشکپەرست و بتپەرست ئیتر پاڵەوانی سەردەمیی چی؟،تاکەی ئێمەی کورد لە ئەسڵی دینی پاکی ئیسلام تێناگەین و هەر کەس بخوازێت بە ناوی دینەوە دەمانکوژێت؟،بەڕاستی حەیفە لەم سەردەمەدا گێژو گێل و هیچ نەزان و نەفام بین و بە قسەی بریقەداری ئەردۆگان و قەرزاوی و ئەحمەدی نەژادو درۆی عەرەب و تورك و فارس تێکەوین و ئەوان بە پێغەمبەرو پەیامبەری خوا بزانین،ئاخر بۆ؟،بە ڕاستی زۆر پێویستە ئیتر گەلی ئێمەی کورد لەو دۆخە دەرچێت و کەمێك بێتەوە هۆش و جیاوازیی لە نێوان ئیسلامە ئاشتیخوازەکەی موحەمەد و موسڵمانە شەڕخوازە درۆزنەکانی ئەمڕۆدا بکات و بە قسەی هەموو موسڵمانێکی درۆزن تێنەکەوێت،.ان شاڵڵە ڕووی ڕاستی ئەو درۆزنە بە ناو موسڵمانانەی کە گەلی کورد قڕ دەکەن و وڵاتەکەیان داگیرکردوە دەر دەکەوێت و ئەوەی لە ژێر بەڕەیە دەکەوێتە سەر بەڕە،

# هێنانەوەی ڕوفاتی(187) ئەنفالکراوی گەرمیان،یادی (21)ی ساڵەی کارەساتەکە و ڕاو بۆچوونی کەس وکاریان...

دوای (21 )ساڵ غەریبی لە عەرەبستان لە ناو زیندانی فاشیەکاندا ڕوفاتی پیرۆزی(187)ئەنفالکراوی دەڤەری گەرمیان، لە شاری نەجەفی عەرەبلانەوە هێنرانە هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان،دواتر بۆ کەرکوکی چاوی کوردستان،پاشان بۆ چەمچەماڵ و شۆڕشی جەرگەی جەرگ بڕاوان و دوای ئەمەش لە فەرماندەی گ.هـ.پ.ك،لای خوشك و برا پێشمەرگەکانیان شەوێك ئارامیان گرت ،،! بۆ بەیانیەکەی (13-4) ڕۆحە پیرۆزەکان بەرەو گەرمیان کەوتنە ڕێ،بە ناو ئاپۆرای جەماوەری سلێمانیدا گوزەریان کردو گەشتنە ناوخەڵکی دڵسۆزی شارەزورو پێشوازی و ماڵئاواییان لێ کردن، دواتر گەشتنە ناو دەربەندیخان و پاشان هێنرانە باوەنوورو لە ناو زریکە و هاواری جەرگسوتاواندا شەوێکیان بەسەر بردو بەیانیەکەی ڕۆژی(14-4 ،لەم ڕۆژەدا لە ساڵی 1988،زیاتر لە 20 هەزار پیرەژن و پیرە پیاو و منداڵ لە هەردوو ئاوایی کوڵەجۆی حەمەجان و ملەسوورە لە گەرمیان ئەنفالکران بۆیە ئەم ڕۆژە کرایە یادی ئەو کارەساتە) هاوکات لە گەڵ یادی (21)ساڵەی کارەساتی ئەنفال، ڕوفاتەکان بەرەو کەلارو ڕزگاری خرانەڕێ و لە ڕێگادا خەڵکی هەموو گوندەکان بە خێرهاتنەوەی تەرمەکانیان ئەکرد بۆ خاکی کوردستان،دواتر گەشتنە ناو شاری کەلار و لە ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکدا بە رەو ڕزگاری کەوتنە ڕێ هێنرانە گۆڕستانی ئامادەکراوی گوندی دێ بنە نزیك ناحیەی ڕزگاری،خەڵکێکی بێشومار لە کەس و کاریان و نیشتمانیانی کورد ئامادە بوون،هەرچەندە هاوڕێ پێشڕەو نوێنەری کۆمەڵەی داکۆکیکار لە کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال وتی بە فەرمی داوای ئامادەبوونی مام جەلال و کاك مەسعودمان کردوە بەڵام داواکەمان بێ سوود بوو،هەر بۆیە کەسوکاری قوربانیان نیگەران بوون لە ئامادەنەبوونی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارلەمان و سەرۆکی حکومەت،دواتر ڕوفاتەکان بە خاك سپێردران جگە لە( 4) ڕوفاتە چەمچەمالیەکە

چونکە لەسەر داوای کەسوکاریان ڕەوانەی چەمچەماڵ کرانەوە،لە لاڵانەوەی دایکان و لە نوزە نوزی جەرگسوتاوان ئەو گۆڕستانە مەحشەر میسال بوو دەموو چاوە نورانیەکان لەوێ خەڵتانی فرمێسك بوون!!منداڵی( 9)مانگ لەوێ پێشەنگ بوو!ئەگەر ئەو منداڵە (9)مانگە ئێستاش زندوو ببێتەوە دێتەگۆ و دەست بەجێ ڕوخسەت لە مامۆستا برایم ئەحمەد ئەخوازێت و ئەیەژێت(داگیرکەری دڵ پڕ لە قین،دڕندەی بێ ویژدان و دین،گەر قەندیل و ئاگری شیرین،یەکسانکەی لە گەڵ ڕووی زەمین،ناتوانی وا بکەی کورد نەبین،هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین)!! ..

کە ئاپۆرای جەماوەری کورستانم بینی بەو چەشنە ڕێزیان لە کەس و کارمان گرت هیچ لە دلچما نەما، ئەمە وتەی گەنجێکە ناوی سامان جەمالە و باوکی و دوو برای ئەنفالن دواتر بەردەوام بوو وتی(زوڵم و زۆر ناتوانێت وا لە گەلەکەمان بکات وا لە ئامانجەکەی بهێنێت کە سەربەخۆیی کوردستانە،بە کوێرای چاوی دوژمن هەر ئەڵێم کوردم ئەمن)...

حەمەجان حەمە عبدالقادر ، هاوسەرەکەی و سێ کوڕی ئەنفالە نیگەران بوو لە ئامادە نەبوونی سەرۆك کۆمار و وتی(بە داخەوە ئەبوایە لە بەر خاتری کەس و کاری کۆسکەوتوی ئەنفالەکان جەنابی مام جەلال لە کوردستان بوایەو پێشوازی و ماڵئاوایی لە (187)ڕۆڵەی گەلەکەی بکردایە) ئەم پیاوە کە بە مام حەمید ناسراوە درێژەی بە وتەکانیدا و وتی(ئێمە وەکو کەس و کاری ئەنفال کوردستان و حکومەتەکەی بە موڵکی خۆمان ئەزانین هەر کاتیش بمانەوێ ڕەخنە ئەگرین کێ پێی ناخۆشە با ئاوی سار بخواتەوە لە ورگی خۆی بدات )...

عەدنان جاسم ، خاوەنی 8 ئەنفالکراوە، زۆر نیگەران بوو لە خەمساردی دەسڵات سەبارەت بە دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان وتی(نازانم حکومەت بۆ هەڵ نادات بۆ

دۆزینەوەی گۆڕی ئازیزانمان ئاخر بۆ!؟)ئەوەی جێگەی سەرنج بو ئەم پیاوە سێ منداڵی بچوکی لە گەڵدا بو ئەیان وت هاتوین تەرمی بابا(باپیر)مان ببینین...

میم ئامینە خاوەنی کۆمەڵێك ئەنفالە،لە بەر خۆی وتەنی ڕیشەی دەرچوە لە بەر گریان و لالاّ نەوە زۆر ئەستەم توانیم بیهێنمە گۆ و وتی(تا یەك مستشاری ئەنفالچی بمێنێت من هەر ئەنفال ئەکرێم و لە مەینەتیدا ئەژیم) ئەم پیرە ژنە زۆر بە کەساسی ئەگریاو وتی(ناوێرین قسە بە سەرۆك جاشەکان بکەین چونکە زۆریان لە حزب و حکومەتدا مەسئولن)...

جەوهەر محەمەد عەلی وتی (کارەساتی ئەنفال برینێکی قوڵە لە جەستەی تەواوی کوردستاندا تا خەم بمێنێ ئازاری کەسوکاری ئەنفال تەواو نابێ) جەوهەر کە خاوەنی (9)ئەنفالکراوە و خەڵکی گوندی قولیجانی سەرحەدە،سەبارەت بە سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جینۆسایدە وتی(مەخابن حکومەتی عێراقی وێڕای داوای لێبووردن نەکردن لە کورد، بە نیازە بەعسیەکان و جاشەکان بە بەرگێکی تازەوە بێنێتە کایەوەو لە دەسەڵاتدا موشارەکەیان پێ بکات ئەمەش ئەگەری ئەنفالێکی دیکە ئەهێنێتە ئاراوە)...هەر وەها وتی(مەفروزە حکومەتی کوردی کاری جدی بۆ دۆزینەوەو هێنانەوەی تەواوی ڕوفاتەکان بکات)...

کامەران خدر،باوك و دایکی ئەنفالکراوە، بە گریانەوە ئەیوت(ئێمەی خەڵکی کوردستان قوربانیمان داوەو ئەنفال و کیمیاییباران و کۆڕەو و هەزاران شەهیدو هتد..،کەچی بارزانی و تاڵبانی خەریکە ئەمانفرۆشن بە عەرەب و تورك و فارس)ئەم کورە دواتر درێژەی بە قسەکانیداو وتی(ئێمە ئەوان بە سەرۆك نازانین کەسێك برای دوژمنانمان بێت دوژمنی ئێمەشە،ئەوان با بڕۆن بۆ خزمەتی ئەتاتورك و ئەسەد و عەفلەق و خومەینی،نامانەوێن!!!....

نەژاد ڕەشید مامۆستایەو لەو مەراسیمەدا ئامادە بوو وتی(ئێمەی گەرمیانی ئەوانەشمان کە ئەنفالکراویشمان نیە هەر وەك خاوەن ئەنفالەکان لەم ڕۆژەدا دڵتەنگ و خەمبارین) نەژاد سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لە نەهاتنی هەردوو سەرۆك وتی(نەهاتنی سەرکردەکان مایەی پرسیارە و نازانین بۆ نەهاتوون)...

کەسێکی دیکەم دواند ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد و بە توڕەییەوە ئەیوت(مەسعود بارزانی بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی بارزانیەکان یەك یەك پێشوازی لێ ئەکردن،مام جەلالیش ئەچێتە سەر گۆڕی هەرچی دوژمنی کوردە،ئەی بۆ گەرمیان بۆ نەهاتن خۆ نەدەخوران ئاخر بە حساب سەرۆکمانن، خۆ ئێمە گومان نە کردوە بە خۆماندا !) دواتر وتی( کە ناوی بارزانیەکان ئەبەم مەبەستم بێ ڕێزی نیە پێیان چونکە ئەوانیش شەهیدی نیشتمانن بەڵاممەبەستم ئەوەیە ئەبێ سەرۆك بە یەك چاو سەیری گەلەکەی بکات ئەگەر نا پێویستە بگۆڕرێت) ئەم پیاوە ئەیوت من 7 کەسم ئەنفالە، سەبارەت بە ئاوڕدانەوەی حکومەت لێیان وتی(من ناڵێم هیچ نەکراوە و بێ بەشین بەڵام ئێمە بە ناخێری گیانمان قوربانیمان داوە لە پێناوی وڵاتدا) سەبارەت بەو کێشەیەی کە لە کۆتایی مەراسیمەکەدا دروست بوو ئەم پیاوە لە کێشەکەوە نزیك بوو وتی(گەرمیانیەکانی چەمچەماڵ داوای ئەو چوار ڕوفاتەی خۆیانیان ئەکرد و ئەیانووت ئەیابەینەوە لە چەمچەماڵ ئەیانسپێرین،دواتر بڕیاردرا بدرێتەوە پێیان و کێشەکە کۆتایی هات)...

جەلال قولیجانی پ.م،ی پارتیزان (من داواکارم کارەساتی ئەنفال بە جینۆساید بناسرێت وەکو هۆلۆکۆست و کۆکوژیی ئەرمەنیەکان ) دەربارەی پاراستنی موستەشارەکان لە لایەن حیزبەوە وتی(ئێستا هەر حزبەو کۆمەڵێك مستەشار و جاشی گرتوەتە خۆیو ئەیپارێزێت،من ناڵێم هەموو جاشەکان بەڵکو زۆرینەیان دەستیان لە ئەنفالدا هەبوو،) پاشان لەسەر بە مێژوو کردنی ئەو کارەساتە وتی

(پێویستە کەسانی شارەزا لە بواری مێژوودا شایەتحاڵەکانی سەردەمی ئەنفال بدوێنن و کارەساتەکە بە نەوەکانی داهاتوو بناسێنن)...

## جاشایەتی،دەردێکی کوشندەی نەتەوەیی..

(بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمی جاشایەتی پێویستە ناوەندی نەتەوەیی —کوردانە بکرێتەوە)

بێگومان ئێمەی کورد نەخۆشی و ناخۆشی و دەردەسەریی زۆرمان دیوە یان چەشتوە،تا وای لێهاتوە ستەمو زۆرو قڕکردنەکان ئەوەندە چەند بارەبوونەتەوە، بۆ هەر کوشت و بڕو لە ناوچونێك بێژین (تریش،ترەك،دیکە) وەکو کوشتنێکی تریش،ڕووداوێکی تریش،داگیرکردنێکی تریش،لەسێدارەدانێکی تریش،مامۆستای ڕەحمەتی ح.س.سۆران دەڵێت (کورد ئەوەندە کۆچی کردوەو ماڵوێران بووە،بۆیە کاتێك کەسێکیان لێدەمرێت یەژن کۆچی دوایی کرد،واتە ئەمە دواکۆچە! )،نەگبەتیی پلەیەك و سەرەکی زوڵم و زۆری داگیرکەران نیە و بەس بەڵکو ئەوەیە گەلی کورد پەندو ئامۆژگاری لەم ڕووداوانە وەرناگرێت،لەمەش ترسناکتر هەر تاکی ئەم گەلە دەبنە جاش و بەسیج و جەردەوان و ماسکداری دوژمنەکانی کورد!کوردن و ماسکی کوردیی لە سەروچاو دەکەن و دژی کورد دەوەستن،بۆ پارەو بۆ نان و پلەو بۆ سێکس و هتد..ماسکی کوردایەتی لە دەموچاو دەکەن و خیانەت لە تاکە قوورڕبەسەرەکانی ئەم گەلە بندەستە دەکەن،چاودێریی خەباتکاران و تێکۆشەرانی کورد دەکەن و خۆشیان وەك کوردێکی پاك و باش ناوزەند دەکەن،لە هەموو کات و بە هەموو شێوەیەك بە نهێنی (تا سەر ئێسقان) و بگرە پتریش دڕکی سەر ڕێی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کورد بوون،کاریگەریی خراو(نێگەتیو)ی ئەو ماسکدارە خۆفرۆش و گەلفرۆشانە هیچی لە کاریگەیی و قڕکردنی داگیرکەرانی کوردستان کەمتر نەبووە،لە زۆر دۆخدا کاریگەرییەکەشیان پتر بووە!ئەم کارە(جاشایەتی) زیاتر لە کارێکەو بەس بگرە بووەتە سیستەم و مەخابن کوردان لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا یان پەروەردە دەکرێن یان پەروەردە دەبن بە جۆرێك دەبنە شاگردێکی دڵسۆزی قوتابخانەی کوردکوژیی و داگیرکاریی،دەبێت

ئەوەش لە یاد نەکەین مامۆستاکانی (قوتابخانەی کوردکوژیی) زۆر وریاو وشیارن و زۆریش بە بەرنامەو تاکتیك و ستراتیژێکی دەخەڵانە وانەی دژە کوردیی دەڵێنەوە،واتا ئەوانەی لە قوتابخانەی دژەکوردییدا وانەکانی (خۆفرۆشی،گەلفرۆشی،وڵاتفرۆشی،تاکفرۆشی،لەدەستدانی ناسنامەو کەسایەتی و ئەخلاق و هتد..) دەخوێنن جاشێکی وشیارو گەلفرۆشێکی نایابن،هەر لەم ڕووانگەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دیاردەو سیستەمی جاشایەتیی ببینەوە دەبێت کورد(تاك)ێکی وریاو بە ئیرادەو چالاك و بەرنامەکار بنیات بنێین،پێویستە تاکێك پەروەردە بکەین کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی لەتەك ئەو سیستەمەدا هەبێت،دەبێت کوردێك پەروەردە بکەین تەواوی واتاکانی چەمکی (تەسلیمیەت–بێئیرادەیی–خۆفرۆشی) شرۆڤە بکات و لەبەرامبەردا خۆی تۆکمەو بەهێز بکات،

ئەم دیاردەی جاشایەتی و کلکایەتییە لە ناو کورددا پێش سەرهەڵدانی شۆڕشە دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەوانە(شۆڕشی نوح،شۆڕشی ئیبراهیم،شۆڕشی کاوە–گۆدیا–شۆڕشی زەردەشت،شۆڕشی دیاکۆ و تاد....) سەری هەڵداوە،مایەی داخە تاکە چارەسەر بەرەنگاربوونەوەیەتی چونکە هەوڵدان بنەبڕکردنی واتایەکی نیە!بەمجۆرە دەگەینە ئەو ڕایەی کە گوڕدان بە تێکۆشانی (نەتەوەیی–ئازادیخواز) هۆکاری لاوازکردن و بێهێزکردنی جاشایەتی و ماسکدارییە لە کوردستاندا،هەر وەك چۆن هەمیشە لە هەمبەر باشدا خراو هەیە،لە بەرامبەر سپییدا ڕەش هەیە،ئاوهاش لە بەرامبەر نەتەوەییدا نانەتەوەیی هەیە،کە ڕەنگە نانەتەوەییش بە جۆرێك لە جۆرەکان جاشایەتییەکی کپو بێدەنگ بێت،کەواتە ئەگەر بخوازین بە شێوەیەکی خێرا جاشایەتی کزو بێکاریگەر بکەین پێویستمان بە پەروەردەی نەتەوەیی و کوردایەتی هەیە،پێویستمان بە گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی هەس،دەبێت لە

یادمان نەچێت کە جاشایەتی زۆرترین کاریگەریی خراپی لەسەر شۆڕشەکانی کورد لە باکور،ڕۆژهەلات،باشور،ڕۆژئاوای کوردستان هەبووەو زۆر جاریش بە هۆی یەك جاش یان چەند جاشێکەوە شۆڕشێکی نەتەوەیی کورد لە بن هاتوە یان کۆتایی پێهاتوە،

ماوەتەوە بێژم بۆ ئەوەی لای خوای تاك ڕووسپی و پاك بین،بۆ ئەوەی دایکی نیشتمان لێمان زویر نەبێت،بۆ ئەوەی مێژووی ڕاست بە خراپە مەحکوممان نەکات،بۆ ئەوەی ویژدانئارام و دڵخۆش لە گۆڕچین،بۆ ئەوەی یەك دەسە ئارەقی شەرمەزاریی دەرنەدەین، پێویستە بیری نەتەوەیی و هزری نیشتمانپەروەریی پێشبخەین و وڵاتەکەمان و گەلەکەمان بە هیچ شتێك نەفرۆشین و ئاڵشت نەکەین،پێویستە بیّ چەندوچوون (نیشتمان،وڵات،خاك،ئاخ...) وەك دایك تەماشا بکەین و فرۆشتنی نیشتمانیش وەك فرۆشتنی دایك کە تاوانێکی مەزنە سەیر بکەین،جاشایەتی و کلکایەتییش بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان لە باشترین دۆخیدا پیسترین گەلفرۆشیی و وڵاتفرۆشییەو نابوتترین ئەخلاقی مرۆڤێتیە،جگە لە کەمێتیی و بێنرخی هیچ واتایەکی دیکە هەڵناگرێت،

## کەس بێخاوەن نیە جگە لە ئێمە..سەردەشت خاوەندارەو بەسۆز بێخاوەن!!،

((ئێوە بە بۆنەی قەلەوە بۆ هەل دەگەڕێن؟!یان بە بۆنەی هەلەوە بۆ قەل دەگەڕێن؟!))

خوێنەری دەلال.. وەك لە ماوەی پێشوودا دیتمان یان بیستمان چەند ڕووداوێکی تیرۆری و سیاسی و نەتەوەیی سەیر ڕوویاندا....لەوانە.، سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووس و جوانەمەرگ و تیرۆر کرا...4 قارەمان و چالاکی سیاسی کوردو چالاکێکی بەلوچی لە ژێر دەسەڵاتی دژە ئیسلامیی ئێراندا لە دار دران...ئێران و تورکیە وەك هەمیشە زکیان کەوتە ئێش لە هەمبەر ئازادیی بەشێك لە کوردستان و بە مەبەستی قڕکردنی سیاسیانەی گەلی کورد کەوتنەوە گیانی باشورو باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان...و بە بیانوی دووبارەی فاشیانەیان کە چالاکیی چەکداریانەی (پ ك ك،پژاك)ە، ڕووی تۆپە دزێوەکانیان(هەر چەند تۆپی نادزێو نیەو تۆپ هەمووی دزێوە ،جگە لە تۆپی یاریی!) کردە هەرێمی باشووری ئازادی کوردستان و لە ئاکامدا خەڵکی ئەو دەڤەرەی وەڵات ئاوارە و ماڵوێران بوون و کیژێکی دلگەرمی 14 ساڵ بە ناوی (بەسۆز جەبار) شەهید کەوت......خوێنەری ئازیز.. جا ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم پێناسەو هەواڵاندنی ئەو ڕووداوانە نیە چونکە هەر یەکەو بۆ خۆی و لە دەمی خۆیدا کەم تا زۆر باسی کراوە،"ئیتر هەندێك لە چوارچێوەی خۆی برایە دەرو هەندێکژی تەنانەت نەبیستراو کەس نەیزانی چ بوو چ نەبوو؟!" ..وەلێ من گەرەکمە باسی ئەو سەیرو سەمەرە گەورەکردن و بچوککردن و وونکردنەی ڕووداوەکان بکەم کە مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لێی......جا زۆر بە کورتی دانە دانە دێمە سەر باس و ڕووداوەکان....سەردەشتی جوانە مەرگ تیرۆر کرا،ڕاگەیاندن (تی ڤی و ڕادیۆو ماڵپەڕو گۆڤارو ڕۆژنامەکان) کەوتنە باسی ئەو مەسەلەو زۆر بە گەرمی کەوتە ڕۆژەڤەوەو تەنانەت داوای دەست لە کارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆ کراو لە دژی حکومەتی وەخت هوتافات درا!!،خەڵك هاتنە سەر شەقام و هەموو شارەکانی باشور خۆپیشاندانیان کرد..هەر چەند بە ناو ئازادیخوازەکان بە کەمیان زانی بەڵام هەر لەم پێوەندیەدا جگە لەوەی هەر ڕێکخراو

حزب و پارتیەك ئەو ڕووداوەی ئیدانەو سەرکۆنە کرد، بەڕێز بارزانی سەرۆکی باشوری کوردستان و بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پاڕلەمان و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش هاتنە سەر خەت و وێڕای سەرکۆنەی کردە تیرۆریستیەکە بەڵێنی دۆزینەوەی کوژەرانیشیاندا...لێرەدا دەردەکەوێت کە سەردەشت بێ خاوەن نیەو هەزاران کەس لە خەڵك و نوسەران و ئازادیخوازان و تەنانەت نەتەوەییەکانیش کەسی سەردەشتن..وە ئەو ووتەی کە دەڵێت ڕۆژنامەنووس لە هەرێم بێ خاوەنە تەواو پێچاوانە بووەوە..ئەگەر کەسێك بپرسێت جا ئەوانە چین هەر قسەن و خەڵك خەڵەتاندنەو تا هەنوکەش هیچ نەکراوە لەسەر ئەو بابەتە؟.من دەڵێم ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی نەتەوەیی و چالاکڤانانی نەتەوەیی بە قسەو ووتەو ئیدانەش مەمنوون و شوکرین و ئەوەشمان پێ ڕەوا نابینن و لێمان یاساغە خۆش پیشان بدەین!.....ڕووداوی دووەم شەهید کردن و لە داردانی 4 چالاکی کوردی ئازادیخواز و بەلوچییەك ..بە داخەوە جگە لەوەی ئەم ڕووداوە لە ناو تەپ وتۆزی پێی خۆپیشاندەرانی ئازادیخوازی سەردەشت پەروەردا وون بوو(خۆم یەکێك بووم لە خۆپیشاندەران)،تەنانەت ئازادیخوازان ئازادیشیان نەخواست و دە گەڵمان نەهاتن بۆ خۆپیشاندانی دژە ئێرانی!....لە هەمبەر ئەم تاوانەی ڕژێمی دژە ئیسلامی ئێراندا ئازادیخوازان بۆ یەك پێنووس (خۆیان پیشاندا) و بۆ چوار یان پێنج پێنووس وەك کەروێشکی بەر دەم ڕاو خۆیان کپکردو شاردەوە..نەك تەنها ئەمە بەڵکو ئێمە کۆمەڵێك چالاکی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆژنامەنووسی ئازاد لە 13-5دا لە بەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی کۆ بووینەوە بۆ خۆپیشاندان لە دژی ئەو جینایەتەی کۆماری دژە ئیسلامی ...هەڤاڵانی ئاسایش بە شەق و شەلاق کەوتنە گیانی خۆپیشاندەران و سوکایەتی بە وێنەی شەهیدان کرا،ئەوەی لە تورکیاو ئێران نەکرا لەوێ کرا!..هەر ئەو ئازادیخوازانەی کە ڕۆژێك پێشتر(12-5) خۆپیشاندانی

گەورەی سلێمانیان بۆ سەردەشتی جوانەمەرگ ساز کرد..ئەو ڕۆژە لەوێ بوون و وەك کەڕەی شەربەت بێدەنگ و بێ سەنگ بوون،وەك بڵێی ئێمە کوژەرانی ئازادیخوازانی ئەوان بین.شەرم دەیگرتن بێن و بەشداری خۆپیشاندانی ڕەوای ئێمە بن!.خۆ ئێمە شەونامەنووس نەبووین و ئەوان ڕۆژنامەنووس ...خۆ ئێمە بەرد نەبووین و ئەوان لۆکە.خۆ ئێمە لە ژنە عەرەبەکە نەبووین؟!..ڕووداوی سێیەم شەهیدکردنی بەسۆز جەباری تەمەن 14 ساڵ لە دەڤەری قەندیلی سەر بڵند..بۆ ئەمەیان تەنها پرسیار دەکەم،و هیچی دیکە نایەژم....باشە بەسۆز کورد نەبوو؟! بەسۆز مرۆڤ نەبوو؟!منداڵ و ژیاندۆست نەبوو؟!باشە کێ دەزانێت بەسۆز کاتێك گەورە دەبوو نەدەبووە ڕۆژنامەنووسێکی ئازادیخواز وەك ئەوانەی کە بە ناو ئازادیخوازان دەیانەوێت؟! کێ دەزانێ بەسۆز نەدەبووە گەریلا و پێشمەرگە بۆ کوردستان؟!کێ دەزانێت بەسۆز نەدەبووە پزیشك و ئەندازیارو مامۆستا؟! باشە بۆ خەڵك بۆ تیرۆری سەردەشت ڕژانە سەرشەقام و ئێمەی نەتەوەییەکانیشی تێدا بووین بەڵام بۆ بۆ شەهیدکردنی بەسۆز کەس نوتق و دەنگی نەکرد؟!باشە بڵێی پاروی مەبەستداری سەردەشت لە پاروی بێمەبەستی بەسۆز چەورتر بێت؟!باشە خۆ هەردوکیان کوردن و نەوەی هەژاری ئەم گەلە ژێردەستەن،ئەی بۆ......؟! ئەوانەی کە سەردەشتیان کوشت کێ بوون؟ ئەی ئەوانەی کە بەسۆزی جوان جوانەمەرگیان شەهید خست کێ بوون؟!ئەو هەموو ئازادیخوازەی تەڤلی خۆپیشاندانی "هەفتەی بێ دەنگ نابین"بوون ئەگەر یەك چرکەش بۆ بەسۆز بە دەنگ بهاتنایە خۆ چ دەبوو؟!بۆ سەردەشت "مان"گیرا،وەلێ بۆ بەسۆز "عەرەبانەی دەستی"یش، نەگیرا ئەمە بۆ؟!سەردەشت و کاکە سۆران بێخاوەن نین لانی کەم هاوڵاتی و ئاوێنەو لڤین و مڤین و هەندێ تریش خاوەنی ئەون،ئەی بەسۆزی ماڵوێرنی کورد کێ خاوەنێتی؟!ئەی دایك و باوکی بەسۆز

نەگریان؟!جەرگیان نەسوتا؟کیژەکەیان لێزیاد بوو؟! کوا خۆپیشاندان ؟کوا ناڕەزایی؟کوا دەنگ و سەنگ و ڕەنگ و جەنگ و شەنگ و هەنگ؟! کوا منداڵانی ئازادیخوازان؟! کوان کۆمۆنیستە مرۆڤدۆستەکان و ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان و ژنە سەربەخۆکان و بەرپرسە سکزلەکانی وەڵات و........هتد؟! ئەی کوان ڕێکخراوەکانی ناڵپارێز ببورن منداڵپارێز؟!کەسێك لە هەرێمی باشوردا دەست بەرز بکاتەوە کوفرەو دەکرێتە ئەو ڕۆژەی عەلەو مارە کوژران و دەڵێن ئازادیی پێشێل کراو هەرێم لە ڕووی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە بەرتەسکە،ئەی ئێران و تورکیەو سوریەو ئێراق و ئەرمەنستان نەك پێشێلی ئازادی کورد بکوژن ئاساییە؟!منداڵی کورد لە باکور زیندانی دەکرێن ئەمە ئاساییە.. بەڵام ئاوو کارەباو سیستەمی پەروەردە هەموو کێشەن و پێویستیان بە خۆپیشاندانە؟!گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕەن کوردیەکان شارۆ بکە پتر لە هەزار وێنەو بابەت لەسەر کاکە سەردەشت بە دی دەکەیت ..دەستیان خۆش.بەڵام ئەی بەسۆز کورد نیەو مرۆڤ نیە وا ڕاگەیاندن پشتگوێی خست؟ّ!لە کۆتایدا دەبێژم ..بە ناو ئازادیخوازەکان..شەونامەنووسەکان..مرۆدۆستەکان..ئێوە مەبەستتان دژایەتی حکومەتی باشوری کوردستانە بە هەر جۆرێك بووە ؟! یان پێشخستنی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی؟!

توخودا دلگران مەبن لێم وپێم بلێن ((**ئێوە بە بۆنەی قەلەوە بۆ هەل دەگەڕێن؟!یان بە بۆنەی هەلەوە بۆ قەل دەگەڕێن؟!**))

# نیوەی دووەمی مانگی یەك (1-15) تا نیوەی یەکەمی مانگی دوو (2-15)،لە مێژووی کوردو کوردستاندادا،

وتەیەك،

زانیارییمان دەربارەی مێژوو پێویستە وەك هەر زانستێکی دیکە،بە تایبەت زانیاری دەربارەی مێژووی میللەتەکەی خۆمان! ،چونکە وڵاتی ئێمە داگیرکراوەو بەشکراوە بەسەر پێنج دەوڵەتدا کە(تورکیا،سوریا،ئەرمەنستان،ئێران،ئێراق)ە،و ڕێگەی هەر جۆرە جوڵانەوەیەکمان لێگیراوەو دەگرن،ئیتر جوڵانەوەی نەتەوەیی،سیاسی،ڕۆشنبیریی،زوانەوانی،هتد....بێت! ،میللەتی کوردیش وەك هەموو میللەتانی دیکەی جیهان دیرۆکی هەیە،هەروەها ئەم دیرۆکە پڕە لە سەرکەوتن،قڕکردن،خیانەت،جوامێری،قێزەونی و هتد...،پێویستە لێی بە ئاگا بین،بۆیە لێرەدا حەزم کرد کەمێك لە مێژووی کورد بە بەرواروە بخەمە خزمەتی خوێنەری خۆشەویستی کورد بەو هیوایەی کە سودی هەبێت بۆ ئێستاو ئایندەمان،وە پەندی لێوەرگرین و بیکەینە هۆی وشیاریی و ئاگایی ئێستامان،بەڵام بەروارەکانم بە شێوازی ڕیزبەندی نەنوسیوەو چونکە بابەتەکە ئەوەندە زۆر نیە تا خوێنەر چەواشە بکات و بەروارو ژمارەکانی لێ تێك بچێت،انشالله بە هیوای جوانتر و پاکتر نوسینەوەی(لەتەك ڕێزم بۆ مێژوونوسانی ئەوسا ئێستاو خزمەتی ئەوان ئاڵتونی پاك و پاڵفتەیە بۆ ئێمە) مێژووی کوردو کوردستان،

## دیرۆك و بەروارەکان،

1138-2-10 قارەمانی کوردو جیهانی ئیسلامی و ڕزگارکاری قودسی پیرۆز،سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی لە دایکبوە،ئەم کوردە قارەمانە لە ماوەی تێکۆشانیدا قودسی پیرۆزی لە دەست خاچییەکان ئازاد کرد،

1855-1-30 تورك لە دژی شۆڕشی یەزدان شێر[1] و بۆ ئەوەی شاری بەدلیسی باکوری کوردستان لە ڕزگارکردن بپارێزن،هەموو هێزە تورکەکانی دەڤەری بایەزیدیان بردە بەدلیس و دەستیان دایە کپکردنەوەی کورد لەو دەڤەرە،هەر چەند ڕۆژێك دوای ئەمە شۆڕشگێڕانی کورد گەشتنە شەست هەزارو پتریش،

1866-1-25 لە دایکبوونی خەباتکارو ناوداری کورد موستەفا پاشای یامولکی[2] لە سلێمانی،

1920-2-21 سەید عبدالقادری شەمدینی[3] لە ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانی چاوی کەوت بە مەندوبی سامیی ئینگلیزو لەسەر داخوازی میللەتی کورد قسەیان کرد،

1915-1-15 مێژوو نوس حوسەین حوزنی موکریانی چاپخانەی کوردستانی لە شاری ڕەواندز دامەزراند،

1970-1-16 دۆستی کورد سەرهەنگ موعەمەر قەزافی بووە سەرۆکی لیبیا هەر دوای ئەمەش هەڵوێستی جوامێرانەی لە هەمبەر کورد دەست پێکرد،

1999-1-17 دامەزراندنی دووروەشان(تەلەڤزیۆن)ی (کوردستان تی ڤی)ی (پ.د.ك)، وەك دووەم دووروەشانی کورد لە دوای دووروەشانی (مەدیا)ی (پ.ك.ك)،

1877-2-5 کوردناسی بە ناوبانگ ڤلادمێر مینۆرسکی لە گوندێکی سەر بە شاری مۆسکۆی ڕوسیا بە ناوی (کۆرچیڤا) لە دایك بوو،

1910-1-20 شاعیری گەورەی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی[4] لە تەمەنی (74)ساڵیدا لە بەغداد کۆچی دوایی کرد،

1891-1-1 مێژوو نوسی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی[5] لە باشوری کوردستان لە سلێمانی دایك بوو،

1946-1-22 کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد (سابڵاخ) لە گۆڕەپانی چوار چرا دەمەزرا[6]،

1999-2-15 سەرۆك عبدالله ئۆجەلان[7] (ئاپۆ) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان(باکور)و بیرمەندی کورد،لە کینیا دەستگیرکراو ڕادەستی حکومەتی تورکیە کرایەوەو تا هەنوکەش لە زینداندایە،

1992-2-9 زانای کوردو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و موسڵمانی ڕاستگۆ ئەحمەدی مەلا مەحمود ناسراو بە ئەحمەدی موفتیزادە[8] کۆچی دوایی کرد،

1970-2-10 یەکێتی نوسەرانی کورد لە باشوری کوردستان دامەزرا،لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی کاریگەرو باشی هەبوو لەسەر نوسین و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردو مێژوو،

1926-1-21 یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی ژین لە سلێمانی دەرچوو،ئەم هەفتەنامەیە ئەهلی و ئازاد بووەو سەرپەرشتیاری یەکەم پیرەمێردی شاعیر بووە،ئەم هەفتەنامەیە 553 ژمارەی لێدەرچووەو نزیکەی 13 ساڵ بەردەوام بووەو لە 10-3-1938 ڕاوەستاوە،

پەراوێزو پترگۆیی،

1-ئەم شۆڕشەی یەزدان شێر بۆتانی لە ساڵی (1853) لە باکوری کوردستان و لە دەورو بەری شاری بەدلیس هەڵگیرساو زۆر جێگەی کوردستانی گەورەی ڕزگار کردو دوای ماوەیەك توایەوە،..

2-موستەفا شەوقی کوڕی عەزیز یامولکی کوڕی مەلا موستەفای بڵباسە،لە ساڵی (1922) بووەتە وەزیری مەعاریفی حکومەتی مەلیك مەحمود لە باشوری وڵات،و سەرپەرشتی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی دەکرد،لە 25ی کانونی دووەمی 1926 لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە،..

3-سەید عبدالقادر کوڕی شێخ عبیداللەی شەمدینانی خاوەنی شۆڕشی (1880-1881)ی باکوری کوردستانە،و لە ساڵی (1851) لە دایك بووەو لە شۆڕشی ئامەدی شێخ سەعیدی پیراندا بە تەواوی بەشداری کردوەو لە ساڵی (1925)دا لە تەك شێخ و کۆمەڵێك خەباتکاردا لە سێدارە دران لە باکور،..

4-شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عبدالرحمانی شێخ ئەحمەدی مەلا مەحمودی زەنگەنەیەو لە شێخانی زەنگەنەیە،لە ساڵی (1835) لە گوندی قرخی دەڤەری کەرکوك(گەرمیان) لە دایك بووە،خوێندنی حوجرەی تەواو کردوە،لە ساڵی (1910) کۆچی دوایی کردوە لە بەغداد،..

5-ناوی تەواوی ئەم زاتە تۆفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعرف کوڕی موحەمەدە،لە ساڵی (1891) لە دایکبووە، ساڵی 1919 بووەتە قایمقامی قەزای ڕانیە،ساڵی 1931 دەبێتە موتەسەڕیف(پارێزگا)ی لیوای سلێمانی،خاوەنی کۆمەڵێك دانراوی گرنگە لەسەر مێژووی کورد،لە تەمەنی 93 ساڵیداو لە ساڵی 11984 لە لەندەن کۆچی دوایی کردوە،..

6- لە 21-1-1946 کۆمەڵێك کەسی دیارو ناوداری کورد بە سەر پەرشتی پێشەوا قازی موحەمەد لە مزگەوتێك لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە سەبارەت بە

بەرنامەی ڕۆژی دواتر،ئەوەبوو لە 22-1-1946 بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانی گەورە بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مەهاباد حکومەتی کوردی ڕاگەیاندراو ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە،لە ڕۆژی 5-2-1946 پێشەوا قازی موحەمەد کرا بە سەرۆك کۆماری کوردستان و شاری مەهابادیش کرایە پایتەخت،لە 11-2-1946 حکومەت ڕاگەیاندراو حسێن بابە شێخ کرایە سەرۆکی حکەمەت،بە داخەوە لە 17-12-1946 ئەم کۆمارە بە دەستی شای ئێران و دوژمنانی کورد ڕوخێنرا،..

7-عبدالله ئۆجەلان لە دەڤەری شاری ئورفا(ڕۆها،جێگای لە دایکبوونی پێغەمبەر ئیبراهیم)لە باکوری کوردستان و لە ساڵی (1946) لە دایکبووە،نازناوی ئاپۆی لە لایەن کوردەوە وەرگرتوە کە بە شێوەزاری زەنگەنە واتە مامە یان مام،لە ساڵی 1978 پارتی کرێکارانی کوردستان (Pkk)ی دامەزراند،لە شوباتی 1999دا دەستگیرکرا بە پلانی ئەمریکاو ئیسرائیل،لە هەمان ساڵداو لە 29ی حوزەیراندا فەرمانی لە سێدارەدانی لە لایەن دادگای تورکەوە دەرچوو،بەڵام بە هۆی داوای دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەم فەرمانە دواخراو پاشان لە ساڵی 2002دا تورکیا ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوەو فەرمانەکەی بووە زیندانیی هەمیشەیی(ئەبەدی)،

8-ئەم زانا و شاعیرە بلیمەتەی کورد ناوی تەواوی ئەحمەد مەلا مەحمود مەلا عبدالله یە،ساڵی 1934 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە،ساڵی 1950 هاتوەتە باشوری کوردستان بۆ شاری سلێمانی بۆ خوێند،ساڵی 1963 زیندانی دەکرێت،ساڵی 1976 نوسینگەی قورئان دادەمەزرێنێت،لە شۆڕشی ئێران لە دژی دەسەڵاتی شا بەشدارییەکی کارای کردوەو ڕابەرایەتی زۆرێك لە خەڵکی سنە کردوە،1982 بۆ جاری دووەم زیندانی دەکرێتەوە،لە ساڵی 1992 بە هۆی

نەخۆشییەك كە لە زینداندا توشی بووە لە تاران دەمرێت،پاشان تەرمەكەی دێننەوە بۆ كوردستان و لە شاری سنە بە خاك دەسپێردرێت،..

سەرچاوەكان،

1-فەرهەنگی مێژوو،ن لوقمان حەسەن حەمەڕەشید،ژ سپاردن (1345)ی 2008،چ یەكەم سلێمانی،
2-هاوڕێنامە بۆ مێژووی كوردو كوردستان،دانەر هاوڕێ باخەوان،چ یەكەم 1999،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم زنجیرە(16)سلێمانی،چاپگە ڕوون،چ دووەم بە (pdf) 2005 بۆ ئینتەرنێت(تۆڕڤەچوون)
3-مەلۆیەك لە شارای مێژووی میللەتی كورد،ا بەختیار مام حەمید،ژ سپاردن (1929)ی سالّی 2009،چ یەكەم 2709،باشوری كوردستان،
4-ناودارانی كورد،ن میر بەسری،وەرگێڕانی عبدالخاق عەلائەدین،ژ سپاردن (52)ی 2002،لە بلّاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم زنجیرە 164،سلێمانی 2002،

# ئەز ئێراقیی نیم، بۆیە هیچ وەرپرسێکی ئێراقیی بە سەرۆکی خۆم نازانم!،

**(هەموو شەهیدەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو،نەك بۆ دۆستایەتی داگیرکەران،هەر کاتێك جەنابی مام جەلال هاتەوە کوردستان و وتی ئەز کوردستانیم نەك ئێراقی،من ئامادەم خۆمی فیدا بکەم!)**

ئەز وەکو تاکێکی کوردی باشوری کوردستانی دابەشکراو و داگیرکراو،ئەگەر ئازادم کەن و سەربەست بم هەرگیز خۆم بە ئێراقیی ناناسێنم و شانازییش بە خاك و گەلی نەخۆشی ئێراقەوە ناکەم،ئەگەر ئازاد بم ڕەگەزنامەکەم لە بری (جنسیە العیراقی) دەکەمە (ڕەگەزنامەی کوردستانی) و (جواز سفر العیراقی)یەکەم دەکەمە (ڕێنامەی گەشتیی کوردستانی) و تەنانەت ئەگەر ئازاد بم حەزدەکەم پەیوەندیی بازرگانیشمان لەتەك ئەو ئێراقە خوابڕیوەدا نەبێت،وە ئەگەر ئازاد یان نەوزاد بم خوازیارم دراوسێی ئێراقیش نەبین!،بەڵام بێژم چی ئێستا من بە زۆری داگیرکەران و بە گەمژەیی گەلەکەم و بە لێنەهاتویی سەرکردایەتیمان کراوەم بە ئێراقیی،من و هاوبیرەکانم لە هەوڵی ئەوەداین باشوری کوردستان لەسەر نەخشەی ئێراقی عەرەبی بسڕینەوە،کەچی بەناو سەرکردە سیاسیە کوردەکان و ئەندام پەرلەمانەکان لە عەرەبە سپیپێستە ڕەسەنەکان باشتر خزمەتی ئێراق دەکەن و لە چوارچێوەی پرۆژە بەرنامەیەکی وەك ئێراقی یەکگرتودا کار دەکەن و زۆر

سەخڵەتن بۆ دۆخی ئێراقییان!،گەلەکەم خۆی وێڵی دکتۆرێکە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی خۆی و برینە بەسۆکەی،کەچی سەرکردایەتی کورد لە هەوڵی چارەسەری نەخۆشیی و برینداریی ئێراقدان،ئێراقێك کە ئەنفالی کردین،کیمیایی ڕژاندە سەرماندا،بە هەزارانی لێ شەهیدکردین و تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی کردین،ئێراقێگ کە بە ئێستاشەوە بە کەمترین مافی نەتەوەیی کورد ڕازی نیەو نابێت،ئێراقێك کە لەتەك هاوبیرە تورك و فارس و سورییەکانیدا هەمیشە خەریکی پلانە لە دژی تەڤگەریی سەرتاسەریی ئازادیخوازی کورد،ئێراقێك کە کەرکوکی کردەوەتە جەهەنم بۆ کەرکوکیەکان و مادەی فیشاڵی تڕو تەشقەڵەئاسای 140ی بۆ کەرکوك داناوە،.لە ساڵی 1923 بە دواوەو لە کاتی دابەشکردنی کوردستانی گەورە بە سەر پێنج دەوڵەتدا،کە تورکیا،سوریا،ئێران،ئێراق،ئەرمەنستان،گەلی ئێمەی کورد لە لایەن ئێراقیەکانەوە دەکوژرێت و قڕدەکرێت، ئەو پۆست و پلەو پایەیانەی چەندین ساڵ ئێمەی کوردی پێدەچەوسێندرایەوە ئێستا دەبێت لە کاتی وەرگرتنیدا ئاهەنگ بگێڕین و شادی دەربڕین ئەگەر وا نەکەین کەسێکی (قەومی و وەتەنی) نین!،پەڕلەمانی ئێراقی عەرەبی بۆ دووەم جار بەڕێز مام جەلالیان وەکو سەرۆکی کۆمار هەڵۆژاردو ناساند،ئەم هەڵبژاردنەی مام جەلال جگە لەوەی هیچ سودێکی نەتەوەیی نیە بۆ کورد،هەوڵێکیشە بۆ پتر بەستنەوەی هەرێمی باشوری کوردستان بە ئێراقی عەرەبیەوە،کارکردنێکی پلان بۆ داڕێژراوی عەرەبەکانە بۆ تواندنەوەی نەتەوەیی کوردو زەوتکردنی کەرکوك و منەتبارکردنی کورد بەو پۆستە مقبائاساینە!،من کە خۆم بە ئێراقیی نازانم،سەرۆکی ئێراق و سەرۆکی حکومەت و پەڕلەمان و وەزیرو وەزارەت و پەیوەندییە ئێراقیەکانیش بە هی خۆم نازانم،لە جەزائیرییەکیان پرسی بۆ بە فەرەنسی دەنوسی؟وتی ئەی بۆ ناپرسی بۆ فەرەنسا داگیری کردووین؟!،منیش دەبێژم بۆ ناپرسن ئێراق –سوریا–ئێران–تورکیا–

ئەرمەنستان، بۆ ئێمەیان داگیرکردوە؟لۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکی داگیرکاریی ناکەن؟،بۆ نایەنەوە ناو وەڵات و پێکڤە دەست لە ناو دەست کوردستان ئاوا بکەین و جارێ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بدەین؟بۆ نایەنەوە خزمەتی گەل و کۆمەڵگا بکەین و شوێنەواری ئەنفال و کیمیاییباران و فرمێسکی چاوی دایکی شەهید و جینۆساید نەهێڵین بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشوری کوردستان؟،بۆ نایەنەوە ناو وەڵات و لە تەك خوشك و براکانمان لە باکور–ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاڤا–باکوری ڕۆژهەڵات،یەکێتیی نەتەوەیی بە ڕوومەت و بە شەرەف بۆ گەل ئاوا بکەین؟،بۆ نایەنەوە ناو خاکی نیشتمان و چش لەو پۆستانە بکەن و کەرکومان–کەرکوتان–کەرکوکیان– لە تەك باشوری کوردستان ئاشت بکەینەوەو یەك دەنگ هاوار بکەین ئێمە نە ئێراقیین نە عەرەب؟،با ئیتر خۆشمان درێژەپێدەری سیاسەتی لە ناو بردنی گەل و دژایەتی گەل و سیاسەتی تەعریب و تەرحیل نەوین،با بێینۆ سەر ئەسڵی خۆمان و ببینۆ کوردە خاسەگەی جاران!،لە داویدا دەبێژم،

من ئێراقیی نیم ئەڤەژی خۆی وە ئێراقی بزانێت نە بەگەلی خۆمی دەناسم و نە بە نوێنەرو سەرکردەو نە بە سەرۆکیشی دەزانم!،ئیتر مام جەلالە یان نوری مالکییە یان یان هەر کەسێکی دیکەیەو لە هەر نەتەوەیەگە..

تێبینی:ئەڤ بابەتە بۆ کەمکردنەوەی خەبات و ماندووبوونی مام جەلال و هیچ کەسێکی دیکە نیە،وەلێ ئەمە هزری نەتەوەیی و بیریی کوردایەتیمەو کەمکردنەوەی داگیرکارانی کوردستانە..

# بە گشت ڕەنگەکانەوە دواجار ئێمە کوردین!،

(جەماوەری ناڕازی،حکومەتی هەرێم،ئۆپۆزسیۆن،ڕەخنەگرانی سەربەخۆ..هەموو کوردن و کوردستانین!ئیتر جەنگ و یەکسڕینەوە لە پای چی؟!)

جەماوەری چەوساوەو بەشخوراوی کوردستان..گەل و خەڵکی ناڕازیی و سەرهەڵدەری باشور،دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کورد،ئۆپۆزسیۆن و لایەنە دژە حکومەتییەکان،هەر چەندە گەندەڵیی و نادادی و دزی و جەردەیی سیستەمی فەرمانڕەوایی باشوری وەڵاتی تەنیوە،هەر چەندە نایەکسانیی بەرپا بووەو بە ڕوونی دوو چین لە کۆمەڵگای کوردیدا کە چینی باڵاو چینی خوارەوەیە بەدی دەکرێت!،هەرچەندە هەندێك هێشتا لە دایك نەبوون و نەهاتونەتە ژیانەوە بەڵام دوو مۆنیکاو خانویەکی بچوکی 4مەتریی دووقات و هەموو پێویستیەکانی ژیانی بۆ ئامادەکراوەو هەندێکیش تا دەمرێت بە ئاواتی سەیرانێکەوەیە بە ئۆتۆمبێلی خۆی و بۆی ناکرێت!،هەرچەندە تاسەرئێسقان نادایی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە،هەرچەندە سەروەت و سامانی ئەم وەڵاتە وەك گۆشتی خێر لە نێوان چەند لایەندا دەبەشدەکرێت، بەڵام ئەمانە ناکاتە ئەوەی کە ئەم حکومەتە هیچی

نەکردوەو دەبێت بیروخێنین کە چەندین ساڵەو دوای حکومەتەکانی (ماد،ئەمارەتەکان،شێخ مەحموود،پێشەوا قازی موحەمەد) کوردان بە ئاواتییەوەن و هێڤیی بۆ دەخوازن،ناکاتە ئەوەی دڵی دوژمنان خۆشکەین بە دژایەتی ئەو حکومەتەی کە زەریایەك خوێنی بۆ ڕژاوە لە هەموو کوردستان و ئێستا وا خەریکە لە باشوری کوردستاندا کەم کەم بەرهەمەکەی دەڕنینەوە!،پێویستە جەماوەری ناڕازیی کورد خۆپیشاندانەکانیان نەکەنە سەنگەری دژایەتی و لە بنهاوردنی حکومەتە کوردییەکەی خۆیان کە حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستانەو بە هەموو ناعەدالەتییەکانیەوە لە داگیرکەرانی کوردسیتان فرە باشترە!،دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە هەڵوەشاندنەوەو ڕوخاندنی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان لە بەرژەوەندیی هیچ کەسدا نیە جگە لە دوژمنانی کورد.،پاشان بۆ حکومەتیش ناڕەزایەتی و داواکانی خەڵك و خۆپیشاندان و گلەیی جەماوەر ناکاتە ئەوەی کە دوژمنی ئەم گەلەن و دەستیان لە پشتەو تێرو پڕن بۆیە وادەکەن و بە ئاژاوەگێڕو شەقاوەو قۆڵبڕ ناوبرێن،نەخێر خەڵکی کوردستان برسین و نایەکسانیی دەبینن و ناڕوونی و گەندەڵیی و دزی و مشەخۆریی بەدی دەکەن بۆیە دڵیان پڕ بووەو هاتونەتە سەرشەقام،بۆیە دەبێت حکومەت بێتە ناو جەماوەرو هەموو داوخوازییەکانی خەڵك بە ڕاست و دروست و بەجێ بزانن و خۆپیشاندەرانیش بە دڵسۆزانی ئەم کۆمەڵگا بناسن!،ئۆپۆزسیۆن کە بەشێکی زیندوی ئەم کۆمەڵگان دەبێت باشترین هەوڵیان بۆ پاراستنی ئەزموون و دەستکەوتی ئەم حکومەتەو خزمەتی چینی ناڕازیی خەڵك بێت،نووسەران و ڕۆشنبیرانیش ئەرکی سەرشانیانە ڕۆڵی ناوبژیوان و ئاشتیخوازیی بگێرن و هەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخی کوردستان بدەن،پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش و هەموو سەربازەکانژی پێویستە رووی چەکەکانیان بکەنە دوژمن و پشت بکەنە جەماوەرە کوردستان،لە کۆتاییدا پێوستە

هەمووومان ڕەخنە بگرین و هەوڵی باشکردنی وەڵاتەکەمان بدەین و دوژمن بە خۆمان خۆشنەکەین و جارێکی تر شەڕی خۆکوژیی حەرام و مەحکوم بکەین،وە هەوڵ بدەین باشوری کوردستان بکەینە ناوەندێکی ئارام بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە بری ئەوەی وەك میوان و ئاوارە سەبریان کەین،وەك خاوەن ماڵ و خوشك و برا تواشایان کەین،هەمووومان دەست لە ناو دەست هێز لە خودا بێ جیاوازیی پێکەوە وەڵاتمان پێشبخەین و چاکسازیی ڕیشەیی بەجێ بکەین و هەمووومان بە یەك دەنگ بێژین.. بژی یەکێتیی نەتەوەیی کورد لە گشت پارچەکان..،بژی چاکسازی،یەکسانی،ئاشتی،ئازادی..

**(خوایە.. وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە)**

## بهەڤڕاژیانی کوردانە..

**(لە گشت خاڵەکاندا جیاواز بین،خاڵێکی گرنگی هاوبەشمان هەیە، ئەویش کوردبوونە !)**

مەخابن میللەتی کوردی ئێمە لە کوردستانی مەزندا زۆرترین کات لە نێوان شەڕو گفتوگۆدا (شەڕ)ی هەڵبژاردوەو سەرەنجام بووەتە نەگبەتی و ماڵکاولیی و دوورخستنەوەی کورد لە مافی چارەی خۆنووسین و بووەتە هۆی ترسناکترین کەرت وپەرتیی نێوان چینەکانی کورد،بێگومان ئەگەر پێچەوانەکەی (گفتوگۆ) زۆرتر هەڵبژێردرابا ئەوە پێچەوانەی دەرەنجامی (شەڕ)ەکە دەردەچوو،کە پێکهاتنی یەکێتیی و یەکبوون و نزیکبوونەوە لە سەربەخۆیی کوردستانە،ئەوەی پتر جێگەی نیگەرانییە گەلی ئێمە بۆ دەستکەوتەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووە،هەمیشە لە ناو شۆڕشەکانی کورددا (خیانەت،خۆفرۆشی،پولپەروەری،کوردفرۆشی،فێڵ و درۆ) سەری هەڵداوەو بووتە هۆی ئیفلیجکردنی ئەو سەرهەڵدانە،

دوای ململانێیەکی زۆرو ڕژانی خوێنی سەدان هەزار کچ و کوڕی ئەم وەڵاتە،هەرێمێکی نیمچە ئازاد بۆ کوردان لە باشوری کوردستان دروست بوو،بە گشت کەموکورتییەکانیەوە دواجار ماڵێکی بێمنەتی کوردانەو پێویستە هەموومان وەك چاومان بیپارێزین،

گەندەڵیی هەیە،نادادیی هەیەو هتد...بەڵام ئایا ئەمانە بە ڕووخان و لەناوبردن چارەسەر دەبێت یان بە چاکسازیی؟!ئایا دەبێت ئێمە خۆمان هەستین بە ئەنجامدانی کارێك کە لە ڕاستیدا ئیشی داگیرکەران و دوژمنانی کوردە،یان پتەو و باشتری کەین و دوژمنان کوێر بکەین؟،ئایا ئێمە لە چاکەوە بڕۆین بەرەو خراپ یان لە چاکەوە بۆ چاك؟ئایا کامیان باشترە ئاشتکردنەوەی هەموو نەوەکانی کوردو پێکهێنانی پەیوەندیی لەتەك خوشکو براکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان،یان بە شەڕدانی نەوەکانی داهاتوو و دروستکردنی دیوارێکی ناحاڵیبوون لە نێوانیاندا؟!ئایا ئێمە بە هەموو ڕەنگ و ئایدۆلۆژیاکانەوە دەست لە ناو دەست ئاریشەکانمان چارە بکەین باشە،یان هەر لایەك و ببینە مەقاش و داردەستی لایەك و دەستی ناحەزانی کورد بێنینە ناو وڵاتەکەمان؟!،

قابیلە نەوەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو لە هەسارەی مەریخەوە هاتوون،و نەوەکانی یەکێتی و پارتی و حزبەکانی دیکە لە سەر مانگی بێ هەواوە هاتوون؟یان نەخێر هەمووی ڕۆڵەی ئەم خاکەیەو کێشەو سەرکەوتن بێجیاوازیی بۆ هەموانە،

باشە هەموومان دیتمان لە کاتی پرۆسەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کۆکوژیی دەرسیم و خوێناوی کردنی سنەو سوتانی ئاموداو هەموو پرۆسە کوردکوژییەکاندا بێ جیاوازیی دین،مەزهەب،بیرو ئایدیا،ڕەنگ و ڕەگەز،نەداری و سەرمایەداری، کوردان کوژراون و قڕکران تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون!،بێگومان دوژمنانی کورد ئەگەر کار بۆ سڕینەوەی کورد بکەن جیاوازیی لە نێوان (یەکێتی،پارتی،گۆڕان،کۆمەڵ،یەکگرتوو،پەکەکە،دێموکرات،کۆمەڵە،پەیەدە) و هیچ لایەنێکی دیکەدا ناکەن،ئەوان کورد دەکوژن نەك حزب!،

ئەگەر دەزانین کە گفتوگۆ کۆتایی بە کێشەکان دەهێنێت ئەوا فرە باشە،ئەگەر نازانین با ئیتر بزانین تاکە ڕێگای چارەسەری کێشەو کەموکوڕییەکان تەنیا گفتوگۆو دانوستانە،

پێویستە هیچ لایەن و پارتێك بەرژەوەندیی خۆی وەپێش بەرژەوەندیی گەل و خەڵك نەخات و هەردەم ڕەچاوی ڕاستینەی (گەل) بکات،بێگومان ئەگەر پێویست بێت و داوای زۆرینەی گەل بێت(بە وشیاریی) هەڵوەشاندنەوەی حکومەت زۆر ئاساییە،بەڵام با سەیرێك بکەین بزانین زەرەرمەندی یەکەم لەم دۆخەدا هەر میللەتە یان نا؟بزانین ئەوەی کێشەی دامەزراندن و خزمەتگوزاری و موچەو ئاسایشی بۆ دروست دەبێت هەر گەلە یان نا؟!بزانین زیانکەوتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کەمبوونەوەی پشتگیریی دەرەوەی کوردستان و پاشکەوتنی ئابوریی وەڵات زەرەرەکەی بۆ گەلە یان نا؟بێگومان هەموو نەگبەتی و نەهامەتی و دەردیسەرییەکان هەر بۆ گەل و خەڵکە،،دەی وەرن با هەموو پێکەوە بیر لە ڕاستییەکان بکەینەوەو لە بری ئەوەی حکومەتی کوردی کەڕەتی سفر بکەین و خوازیاری لەبنهێنانی بین،با خوازیاری چاکسازیی ڕیشەی بین لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم و هاوار بۆ نەمانی گەندەڵی و ناعەدالەتی بکەین،با لە بری ئەوەی نەوەکان بکەینە دوژمنی یەك و وڵاتیان پێ وێرانکەین،دۆستایەتی و پێکەوەژیانی کوردانە پێش بخەین و دوژمنان کوێر بکەین،

دژمنان کە دوژمنایەتی ئێمەی کورد دەکەن لە بەر ئەوە نیە کە فلان فیسارین بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کوردین،دەی با بە تەواوی ماناو بەڕاستی کورد بین و خاکەکەمان ئاوەدان بکەینەوەو وڵاتێك کە هەمووان تێیدا یەکسان بین بنیات بنێین..

(لەبەر ئەوە دەتکوژم کە کوردیت نەك لەبەر ئەوەی دزیت!)

## کوردو سەردەمی گلادیاتۆرەکان و چەند خاڵێك!،

ئیمپراتۆر:شەڕی گلادیاترەکەی من باشترو جوانتر شەڕ دەکات لەوەی تۆ..

خانەدانێك:قوربان گرنگ ئەوەیە چێژ لە جەنگەکەیان بکەین،ئیتر ئەوەی من بیباتەوە یان ئەوەی تۆ کێشە نیە..

*–گلادیاتۆر ئەو کەسەیە کە لە سەردەمی کۆن و بۆ ڕابواردنی ئیمپراتۆرو دەسەڵاتداران و خانەدانەکان دەخرانە زیندان و پاشان ڕایان دەهێنان بۆ شەڕو لە مەیدانێکدا لە کاتی شەڕی ئەواندا ئیمپراتۆرەکان و خانەدانەکان و خێزانەکانیان بە دیار جەستەی لەت لەتی ئەوانەوە قاقا دەچوونە پشتاو دوای جەنگەکە بە سەرخۆشییەوە دەچوونەوە ماڵەوە،ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەو مەیدانەدا دەبوایە کەسێکیان بمردایەو هیچ بوارێکی نەبوو،لە ئەمەش سەیرتر ئەوەیە جەنگ و ئێش و ئازاری گلادیاتۆرەکان دەبووە هۆی خۆشی و گاڵتەو گەپ و ڕابوواردنی خاوەن شکۆکان!،

*–لە ئێستاداو لە هەرێمی باشوری کوردستان بە هۆی نادادیی کۆمەڵایەتی و بوونی گەندەڵیی ئیداری، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان هەیە و ئۆپۆزسیۆن خۆی کردوە بە خودانی ئەوگلادیاتۆر( دەنگانە) و شەڕی ڕەواو ناڕەوای دەسەڵاتیان بە باش و خراپ پێدەکات،لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتیش جۆرەها گلادیاتۆر (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) ی هێناوەتە مەیدان و بەرگری لە مانەوەی خۆی و درێژەدان بەو ناعەدالەتییەی پێ دەکات،لێرەوە دەردەکەوێت لە باشوری کوردستان ئەم چیانانە هەن (دەسەڵات و هێزەکانی پاراستنی=ئیمپراتۆرو گلادیاتۆرەکان) و هەروەها (ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندەرانی ناڕازیی ڕاستەقینە=خانەدانەکانی کۆن و گلادیاتۆرەکان).

*–ئیمپراتۆرو خانەدانەکان (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن) لە بان کورسی و لە کەش و هەوایەکی زۆر خۆش و لە باردا دانیشتوون و چاودێریی و هانی گلادیاتۆرەکان دەدەن،نەك لە ناو مەیدانەکان و بەرامبەر پاڵەوانەکانیان بەڵکو لە شاشەی تی ڤی و لاپەڕەی ئینتەرنێت و بڵاوکراوەکانەوە ئەو کارە دەکەن و چەپڵە بۆ شەڕە بەردو شەڕە گوللە لێدەدەن،چونکە دەترسن ئەگەر بڕۆنە ناو جەنگی گلادیاتۆرەکان (خۆپیشاندەران و هێزەکان) بەردو گوللەیان بەرکەوێت و ئەمەش دەبێتە کوفرێکی ئینسانی، ئەگەر خاوەن شکۆ ئیمپراتۆر(دەسەڵات) و عالی مەقامە خانەدانەکان(ئۆپۆزسیۆن) بریندار بن و خوانەخواستە نەوەکانیان هەتیو بکەون ئەوە دنیا کاول دەبێت!.

*–ڕەنگە هەندێك کەس بپرسن و بێژن،باشە خۆ ئیمپراتۆرەکانی ئەوسا بە هێزی سەربازو جەلاد بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانیان دەپاراست،چۆن ئەم هێزانە دەگونجێت وەك گلادیاتۆر سەیر بکرێن؟،لە وەڵامدا دەڵێم ئاخر ئەو کەسانەی کە سەربازی ئیمپراتۆر شەڕی لەتەك دەکردن،دژی ئیمپراتۆر بوون و ئیمپراتۆریش دژی

ئەوان و ڕابەرەکانیان بوو،بەڵام ئێمە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بە یەك بیرو یەك ئامانج کە مانەوەیانە دەست لە ناو دەست کار دەکەن و لە سەرو ژێرەوەو کەم و زۆر ڕێك دەکەون،جەنگی خۆپیشاندەران و هێزەکانی پاراستن هیچ لەو بابەتە ناگۆڕێت،بۆیە هێزەکان لەم دۆخەدا دەبن گلادیاتۆر.

*–لە هەندێ کاتداو لە کاتی نەمانی بواری گەمەکەیاندا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن (ئیمپراتۆرو خانەدانەکان) دەبێتە شەڕیان،نەك لەسەر گلادیاتۆرەکان بەڵکو لەسەر بەرژەوەندییە گڵاوەکانیان و دروستبوونی کێشە لەو پەیوەندییەدا،لە دۆخی شەڕی ئەو دوو چینەدا چی ڕوودەدات،

ا–جەنگەکەیان هەر بۆخۆیان نیەوماڵکاولیی بۆ خەڵك دەهێنن و ئەو بەردو گوللانەی کە دەیگرنە یەکتر ناگاتە خۆیان و لە سەری کۆمەڵگادا ساخ دەبێتەوەو ئەوانیش سەلامەت دەردەچن،نمونەی (شەڕە ناوخۆییەکانی ساڵانی 1960–2003ی باشوری کوردستان) بینیمان چۆن کوڕو کچی هەردوو لای شەڕکەر سەلامەت بوون و گەلیش چی نەگبەتییەکی بەسەر هات.

ب–لە کاتی ئەم جەنگە ناچارییەی ئەو دوو هێز(چین)ەدا دیسان بۆ پاراستنی خۆیان و تەنانەت بەرژەوەندی و سامان و پارەکانیان گلادیاتۆرەکان(گەل و هێز) وەك کەرەستەی جەنگ بەکار دەبەن و تەنانەت وەك بەردو بلۆك دیواری ئەمانی خۆیان و قەڵای پاراستن بە گیانی گلادیاتۆرەکان دروست دەکەن.

ج–لە کاتی کۆتایی هاتنی گیانی گلادیاتۆرەکان و دروستبوونی ترس لەسەر دەسەڵات و سەروەتەکانیان و ژیانیان،ئیتر باسی دیالۆگ و ڕێککەوتن و کۆتایی شەڕ دەکەن و گلادیاتۆرەکانیش بە ئاژاوەچی و تێکدەر لە پێنووس دەدەن، خوێنی خەڵك وگلادیاتۆرەکانیش بە (.....) یانەوە !،

*-ئەوەی هەمیشە لەم گەمەیەدا زیانی کردوەو دەکات تەنیا چینی چەوساوەو هەژاری کۆمەڵگایە،چونکە بە درۆو فێڵ لە دژی یەك هان دەدرێن و شەڕی ناڕەوایان پێدەکەن،ئەمەش وا دەکات شۆڕشی ڕاستەقینەی چینی چەوساوە نەك لاواز ببێت بەڵکو هەر شوێنەواری نەمێنێت و ئەمەش دەبێتە سودو قازانج و دەڕژێتە باخەڵی پڕی چینەکانی (دەسەڵات،سەرمایەدار،خانەدانەکان).

"ئازادیی کۆمەڵگا بەندە بە ئازادیی تاکەوە.!"

تەنیا چارەسەر بۆ کۆتایهێنان بەم کێشەیە بەس (دانوستان و ئاشتکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و ئازادکردنی گلادیاتۆرەکانە)

## دەمرین بۆ حەمرین !! ...

ڕۆژی یەکی خاکەلێوە.

پشت بە خودا لە گەشتێکدا بە دەمڕێوە.

شارەکانی کوردستان.

لە بان حەمرین ئاوها دەدوان!.

کرماشان دەیبێژا:

دڵی گەرمیان.

خوێنی ئێمە.

سنووری پاکی کوردستان.

منیش لەتەك تاقەوساندا ئەورە جێمە.

قامیشلۆ دەیگوت:

نەخێر حەمرین کورت مەکەنەوە لۆ گەرمیان.

ئەو هێمای هەوڵی گەلێکە و قەڵایەکە بۆ تێکۆشان.

کەرکوك دەیوت:

حەمرین لافاو و گڕکانە!.

چقڵی چاوی نەیارانە.

ئارێکی خامۆش نەبووی چەندان ساڵەی زەردەشتییانە.

دوژمنانیچ سوختەی کوانوی ئەو حەمرینە فرە جەقینە پڕ لە ژینەن!.

لاچین دەیکوت:

حەمرین نووسینە ڕۆمانە.

شعرە، چیرۆکە، دیرۆکە پەخشانە.

پەڕەیەو پێنووسیشە.

نووسینی کردوە بە پیشە.

هەر چون پیشەی مامە ڕیشە.

دەمێ قەڵەم،دەمێکیش چەك لە شانە.

ئامەد دەیفەرموو:

حەمرین گشت ئەوانەیە کە بێژاتان.

ڕەنگی ژن و لاوی وەڵات.

ڕەنگی پێشبڕکێ و خەڵات.

ڕەنگی زەویی سەوز،ئاسمانی شین.

ڕەنگی سوورو سنووری مین.

ڕەنگی کڵاوی قەزاتان.

بۆیە دەبێت گشتمان بێژین.

لەبۆ حەمرین دەژین دەمرین.

مردن بە واتای چاندن!.

چاندنی تۆوی ئازادیی نیشتمان.

بوون و مان و ئازادییش بۆ خزمەتی شینی ژین.

... 2011-4-2 ...

## چەوساوەکان لەتەکتانام!

چەوساوەکان..چەوساوەکان.

داهێنەرە بێ ناوەکان.

پەی کۆمەڵگای کوێری جیهان.

بۆ خەبات و تێکۆشانی مرۆڤانە وەك چاوەکان.

کۆیلەکانی کۆشکی ستەم.

گلادیاتۆری مەیدانی تێکەڵەی گریان،بێ دەنگ، پێکەنین.

بە نرختر لە ئاڵتونە خاوەکان.

بێ بەشانی خۆشی و شادی،شەڤ و ڕۆژ هەر شین و شین.

شاگردی لای خاوەنکاری ڕەزیل و تووڕەو کەمتەرخەم.

کرێکاری،جوتیاری،وەرزێری کەم بەرهەم.

لە خولەکێکی تەمامدا شەست جاری ڕێك لە تەکتانام.

سەپانە پشت چەماوەکان.

شۆڕشگێڕە گومناوەکان.

فرۆشیاری گیان بۆ ژیان.

خێرنەدیوە بێ کازیوە داماوەکان!.

ئەی بێ خەوە دوور لەشەوە هەر شەوەکان.

دەست قڵیشاو جەستە ماندو گیرۆدەی کۆن و باوەکان!.

دوو سەد هێندەی هیلاکییتان لەتەکتانام..

جەستەکانی ونی کانە.

درەوەنیی نان و دۆ خۆر!.

کوڤانداری ناو تاشەبەرد.

کاروانچیی بێژی هۆرە هۆر.

بە قەد چەکوش و بێڵ و داس.

بە قەد دەنکی گوڵی گەنمە بەهارە،

ڕێك ولارو خراپ و خاس،

شەش ئەوەندەی هێڵی ئارەقەی بەرگتان.

لە گەڵتانام،لە تەکتانام.

هێندەی ئەشقی خوا بۆ ئێوە،

هێندەی خۆشەویستیی چیاو قەدپاڵەکان.

هێندەی خۆشیی لەتە نانێك لای ڕۆڵەی خاوەن پاڵەکان،

هێندەی تکە تکە ئەشکی مناڵەکان،

هێندەی جوڵەی داسێکی تیژ بەرەو خانە بەدەم ڕێوە،

بە قەد دەنکی تەزوێی پیرەژنێکی کارگوزار.

هێندەی ئەو هەموو تەلارەی دروستکرا بە دەستی سافی کرێکار.

بە قەد ئەو گشتە شۆڕشەی کە هەڵگیرسا بە کرێکار بۆ خاوەنکار.

کەم بن زۆر بن.

سپی،سوور،ڕەش بن بۆر بن.

بە سەدان هەزار شێوە.

لە ڕیزی ئێوەم لە تەکتانام.

ئەگەر ڕۆژێك زانیتان کە درۆ دەکەم.

لە دارم دەن،زارم ببڕن،لە خارم دەن.

جەستەم بکەنە خۆراکی قەلەڕەشان.

ئەمن کوردم وەکو ئێوە ستەمدیدەو مافخوراوم.

لە دژتان نیم بڕوا مەکەن،بڕوا بکەن لەتەکتانام..

.2011-3-26،

## دەنگی جەماوەر...

ئەمێستا گەل لە سەرایە.

لە سەرایە بۆ ژیان.

سەرەی گرتوە بۆ ئازادی.

بۆ یاساو دادگەریی و نان.

جەستە دنیایەك لە ئازار.

دڵ پڕ لە خەم و خەفەت.

پڕ لە ئێش و دەردو زەحمەت.

بێ پارەیە بەتاڵ و خاڵییە گیرفان.

پێویستی بە گوزەرانە.

هەژارە،کوردە،نەگبەتە،بێ دەرەتانە.

ڕاپەڕیوە بۆ ژیانێکی یەکسان.

دەسەڵاتی دزو جەردە.

بە یەك هەزار بگرەو بەردە.

گەرەکێتی دەنگی جەماوەر پشتگوێخات.

بە شاتە شات.

بە فڕو فێڵ، هات و نەهات.

تێدەکۆشێ هەر کار دەکات.

لە دژی توێژی بێبەشان.

ئۆپۆزسیۆنی درۆزن.

مردوی پارەو لوت هەڵمشن.

دەنگی خەڵکی کردووەتە پرد.

بۆ ئارمانج و مەبەستە ناڕەواکانی.

دەنگی خەڵکی بەشمەینەتی کردووەتە تەپڵ و مۆسیقاو شایی و هەلهەلەو گۆرانی.

خەڵکیان کردووە بە کۆیلەو خۆشیان ئاغای دیوەخان.

هەندێ نوسەریش لەو لاوە.

بوون بە کاوە !.

یەکی بە چەکوشێکەوە،هاتون بۆ کوشتنی زوحاك.

وەلێ ڕاستیی ئەوانیش خۆیان زوحاکن.

چەندین ساڵە ئەم میلەتە ژێردەستەیە مافی دەخورێ

ئەوانیش هەر زۆر بێباکن!.

بۆیە دەڵێم تف لە ئەمان ئینجا لەوان...

2011-3-29

# پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان"زمان"ی کوردی،،ڕاژەڤانێکی بێکەس،هاوارێکی نەبیستراو!،

ئەم پرۆژەیە کار دەکات و هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی زاراوە"زاراڤە"ی جوان و گونجاو،بۆ ئەو زاراوە بیانیانەی کە تا هەنوکە"ئێستا" زاراوە کوردییەکەیان نیەو لە ناو خەڵکدا زۆر باون،یان زاراوە کوردیەکەی هەیەو کاری پێناکرێت،هەروەها ئەم پرۆژەیە بە پێی توانا کار دەکات بۆ ئەوەی کە زاراوەگەلی تێکەڵ لە شێوەگۆکانی "بەهدینی،لوڕی،هۆرامی،زازای،سۆرانی و هتد....."بێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی ئەگەری چێکردن و دروستکردنی زووانی نەگۆڕ"ستاندەر"،پتر و لە بارتر بێت،و زووانی شیرینی کوردی گشت شێوەگۆ"دیالێکت"کان، لە باوەش بگرێت و سەرەنجام زمانێکی دەوڵەمەند و پتەو بێتە بوون!،بۆ وێنە"عەینەک=چەم پاس"

"چەم" هۆرامی یە و واتای چاوە،"پاس" سۆرانی یە و کورتکراوەی پارێزەر یان پاراستنە،"ئینتەرنێت=تۆڕڤەچوون" "تۆڕ" سۆرانی یەو واتە شەبەکە،"ڤەچوون" بەهدینی یە و واتای چوونە ناوەوە یان داخڵ بوون دەگەیەنێت،"سەلاجە=بەورگە""بەور" واتای بەفرەو زۆربەی دانیشتوانی دەڤەری گەرمیان لە باشوری کوردستان و زۆرێکیش لە ڕۆژهەڵات بە کاری دەبەن،"گە یان گا" بە واتای شوێن و خانەو جێگە دێت و لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانی گەورە بە کار دەبرێت،"تەوبە=پەتەت" لێرەدا گەڕاوینەتەوە بۆ گرنگترین و دەوڵەمەندترینی ژێدەری زووانەوانی کوردی ئەویش "ئاڤێستا avesta"ی پیرۆزی نێردراو بۆ سەر ئەشوو زەردەشتە،"پەتەت" زاراوەیەکی "ئاڤێستا"ییەو واتای گەڕانەوە بۆ لای خودای تاك دەگەیەنێت،وە زۆر گونجاو و جوانترە لە "پاشگەزبوونەوە،گەڕانەوە،پەشیمانی"،.ئێستاش بەر لەوەی بڕۆینە سەر زاراڤەکان و لێکدانەوەیان،پێویستە کەمێك و چمکێك زانیاری لەسەر خودی پرۆژەکە وە بەر چاڤ بخەین بۆ بەرچاوڕوونی پتری خوێنەری کورد،و خوازیاری زووانەوانی کورد،

**ناڤ(ناو)ی پرۆژەکە،**

ناڤی پرۆژەکە لە ناوی مامۆستای زووانی شیرینی کوردی،وە کیژە چاونەترسی بوێر،دادە"مەدیا"وە،وەرگیراوە،کە لە مانگی ئابی 2009دا، بە وتنەوەی وانەی زووانی کوردی لە ماڵەکەی خۆیدا، بە گژ تورکە فاشیەکاندا چوەوە،و بە ڕاشکاوی پێی وتن کە ئێوەی دوژمن "تورك و فارس و عەرەب و ئەرمەن"،ناتوانن ڕێگە لە بوونی ئێمەی کورد بگرن و زووانمان لێ یاساغ بکەن!!،ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کە ئەم کیژە چاونەترسە چالاکە تەمەنی تەنها (12) ساڵە...!!!!،هەر بۆیە،ئێمەش[1] لەبەر خۆشەویستی و ڕێزی ئەو دادە بەجەرگ و خەمخۆرەی زووانی

کوردی(مەدیا)،پرۆژەکەمان ناونا پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان"زمان"ی کوردی،

بەرواری دامەزران،

سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی ساڵێك پتر بوو سەرقاڵی ئەو پرۆژە بووین،بەڵام قەدەری خودا کەوتە مانگی ئەیلول، و، هەر بە چەند ڕۆژێك دوای ڕووداوەکەی (مەدیا)خان،لە باکوری کوردستان،و لە ڕۆژی (3-9-2009)،ئەم پرۆژەمان دامەزراند،و بە شێوەیەکی دامەزراوەییانە دەستمان بە کارو ڕاژە"خزمەت"کرد،

بانگەوازو ئاگاداری،

بەدەر لەوەی لە تەك هەموو بەشەکاندا داوامان لە هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی زووانی کوردی دەکرد کە ئالیکارو یارمەتیدەرمان بن،بەڵام بە فەرمی دوو ئاگاداری بانگەوازمان بڵاو کردەوە،بۆ ئەوەی پرۆژەکە فراوانترو جوانترو ڕێك وپێکتر بکرێت، و ببێتە ڕاژەڤان"خزمەتکار"ی بواری زووانی کوردی،یەکەم بانگەوازمان لە ڕۆژی 30-9-2009،و لە لاپەڕە 15ی ژمارە (1066)ی ڕۆژنامەی ئاسۆ،دا،بڵاو کردەوە،تیایدا داوامان لە هەموو ڕۆشنبیران و زووانەوانان و دڵسۆزانی کورد، کرد کە هاوکارو یارمەتیدەرمان بن،بۆ ئەوەی بتوانین زووانێکی پتەوو دەوڵەمەند بۆ میللەتی کورد بهێنینە ئاراوە،ئەگەر چی ڕەنگە پرۆژەکە هێندەش گەورە نەبێت،وەلێ "دیاری،دیاریە،بۆ خاوەن دیاری"،و ئێمەش بە پێی خۆمان هەر ئەوەندە دەتوانین،بانگەوازی دووەم،لە ڕۆژی 4-10-2009،بوو لە ماڵپەڕی(pcdk) بڵاڤکرایەوە بە ناونیشانی (لە کوردێکەوە بۆ هەموو کوردەکانی هەر پێنج پارچەی کوردستان)،جگە لەمانەش بە زۆر کەسمان ڕاگەیاند و داوای ئیش وکارو چالاکیمان کرد.....!

بە دەمەوە "نەهاتن" و بە دەمەوە "هاتن"!

سەرەڕای ئەو بانگەواز و داواکاری و"پاڕانەوانە"ی کە کردمان،بەڵام یەك کەس ..............بڕوا بکەن یەك کەسیش نەیووت "کەرتان بە چەند" و یە کەس بە دەممانەوە نەهات!!،بەڵام خوا هەڵناگرێت بەڕێزێك بۆ ئیمەیلەکەمی نووسیبوو"ئێوە بۆ پارە ئەم کارە دەکەن، و بە کرێگیراون..!"،ئیتر بۆ خوێی چێشتیش کەس لێمانی نەپرسی نە بە چاك نە بە خراپ،نە دەسخۆشی ونە ملشکان،نە پێشنیارو نە ڕەخنە،!با بێمە سەر ئەوەی کام ماڵپەڕ بە دەممانەوە هات"لەگەڵ هیچ گۆڤارێك باسمان نەکرد،بەڵام بەشی یەکەمم نارد بۆ گۆڤاری "مێرگ" ئەویش بێوەڵام بوو!"،ماڵپەڕەکانی (pcdk) و(islampost) و(kurdistannet) زۆر بە باشی و دڵسۆزانە هاوکارمان بوون،.پچدك،هەرکە بەشەکەی پێدەگەشت دەست بەجێ بڵاویدەکردەوە،.ئیسلام پۆست،بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بابەتی دامەزراندنی پرۆژەی (مەدیا)ی، کردە هەواڵی سەرەکی ماڵپەڕەکەی!،کوردستان نێتش هاوکارێکی خراپ نەبوو بۆمان،ئێمە پڕ بە دڵ سوپاسی هەڵوێستی دڵسۆزانەیان دەکەین،

## بەشی یەکەم،دووەم،سێ یەم،چوارەم،لە پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان"زمان"ی کوردی،

**زاراڤەکان و لێکدانەوەیان،**

1–ئینتەرنێت=تۆڕڤەچوون، واتە چوونە ناو تۆڕو شەبەکەوە،

2-www=تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانیی=تۆجاج،

3-Tv=تەلەڤزیۆن،دووروەشان،واتە دوورت بۆ ئەوەشێنێت و پەخشی ئەکات،

4–سەلاجە=بەورگە،بەفرانی، واتە بەفرو بەور دروست دەکات و لە خۆی دەگرێت،

5–کۆنتڕۆڵ یان صەیتەرە=زاڵە، واتە هەمیشە زاڵ و دەست بەسەراگرە،

6–جانتا یان ژانتا=تیاکۆ،واتە هەر شتێك بتەوێت تێیدا کۆی دەکەیتەوە بە مەرجێك جێی ببێتەوە،

7–ڕۆبۆت=پەتەڕی یان خۆڕۆ،واتە بە دەستی خۆی نیە چۆن بیجوڵێنن،

–8

ڕۆژنامەگەری،گۆڤارگەری،پەرتوکگەری،بڵاوکراوەگەری=پەڕنووسگەری،پەڕنووسگەری بۆ هەممویا دەبێت وگشتگیرە،

9–بیبلیۆگرافیا،پەراوێزەکان=پترگۆیی، واتە زیاتر ووتن لەسەر ئەو بابەتەی دیاری کراوە،

10–دیموکراسی،دیموکراتی=گەلمیریی، واتە دەسەڵات و میریەتی گەل،

11–موجەمیدە=شەختەکار، شەختە واتە زۆر ساردبوو،یان تەواو بەستوو،

12–ئۆتۆماتیك=خۆکار،واتە خۆی کارەکە ئەنجام دەدات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ،

12–ئەرشیف=جەوالگرد،ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێك دێت،یەك جەواڵ واتە باخەڵ و گیرفان و پارێزگە،دوو گرد واتە کۆکردنەوە و گردکرنەوە،بە گشتی واتە کۆکردنەوەی هەر شتێك لە گیرفانێکی پارێزراودا،

13–مۆبایل=بێهێڵ،واتە بەبێ بوونی هێل و خەت پەیوەندی تەواو دەکات،

14–کۆمپیوتەر=کۆکەر، واتە ئەم ئامێرە بابەتە هەمەجۆرەکان کۆ دەکاتەوە،فۆڵدەر+فایلەکان،نوسین و ژمارە+ئاوازو دەنگ و وێنەو هتد............،

15–شاشە=تیابین، واتە هەموو شتێکی تێدا بەدی دەکەیت،

16=کیبۆرد یان لەوحەت مەفاتیح=دانشێوە، واتە ئەم دوگمانەی سەر کیبۆردەکە لە دانی مرۆڤ ئەچن،بۆیە ئەم ناڤە گونجاوە،

17–سۆپەرمارکێت=هەمەفرۆش، واتە لە هەموو ڕەنگ و جۆرێك دەفرۆشێت،

18–لەحیمکردن=پێکڤەنان یان لکاندن،واتە نوساندن و لکاندنی شتێك بە شتێکی دیکەوە،

19–مینی مارکێت=بازاڕۆکە، واتە بازاڕێکی گچکەیەو زۆر شت تێیدا دەستەبەر دەبێت،

20–کافتریا=پشووگە،مەبەست لەوەیە کە کافتریا لای کورد بۆ پشوو بە کاردێت بە جۆرەکانییەوە،

21–عەینەك=چەمپاس، وشەکە دوو بەشە چەم واتە چاڤ و چاو،پاس واتە پارێزو پاسەوان،کۆی ووشەکە دەبێتە چاوپارێزو زۆر لە وشەی چاویلکە گونجاوترە !،

22–پاسۆرد یان ڕەمز حمایە=ڕازگر،واتە ڕازو مەبەستی تۆ دەگرێت و ئاشکاری ناکات،

23–کۆمەڵە،ڕێکخراوە=جڤات،ئەم زاراوە تازە نیە، وەلێ بۆیە باسی دەکەین بۆ ئەوەی لە جیاتی کۆمەڵ و کۆمەڵە بەکار ببرێت،

24–ستاندارد یان ستاندەر=نەگۆڕ، واتە جێگیرو نەگۆڕ و چەسپاو،

25–نەزاهە=پاکژکاریی یان پوختڕەوی،واتە پاککرنەوەو کاری پاکژ ئەنجامدان پوختکردنی شتێك،

26–بایکۆت=پێچانەوە یان پوچەڵکردن،واتە نەهێشتن و پێچانەوەی هەر شتێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە،

27–میمۆری=مێشکیلە،واتە مێشکێکی بچوك و پڕ لە زانیاری هەمەجۆر،

28–وەزیر=شالیار یان کاربەرێوەبەر،شالیار وشیەکی کۆنی کوریەو بۆ وەزیر بەکاردێت و سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەشوو زەردەشت،کاربەڕێوەبەریش واتە کارسوڕێن و کارڕایی کار،

29–ئاهەنگی شەوانە=شەڤاهەنگ،شەڤ واتە شەو،ئاهەنگ شایی و دیلان و خۆشی،لە بری ئەوەی بوترێت ئاهەنگی شەوانە گونجاوترە بوترێت شەڤاهەنگ،،.....

**هەندێك زاراوە كە بە هەڵە بە كار دەبرێن و پێویستە ڕاستەكانیان بوترێت،بۆ ئەوەی دابەشكردنی یەكجارەكی (كوردستان kurdistan) بكەینە خەون و خەیاڵ بۆ دوژمنان !**

كوردستانی عیراق=باشوری كوردستانی گەورە،

كوردستانی توركیا=باكوری كوردستانی گەورە،

كوردستانی سوریا=ڕۆژئاڤای كوردستان،

كوردستانی ئێران=ڕۆژهەڵاتی كوردستان،

كوردستانی ڕوسیا=كوردستانی سوور،

سنووری عێراق و ئێران و توركیاو سوریا=سنوری باشور و ڕۆژهەڵات و باكور و ڕۆژئاڤای كوردستان،

حكومەتی هەرێمی كوردستان–عیراق=حكومەتی هەرێمی باشوری كوردستان،

هەولێری پایتەختی كوردستان=هەولێری پایتەختی باشوری كوردستان،

كوردی ئێرانی و سوری و توركی و عیرافی=كوردی كوردستانی،

30–الله=ئاهورامەزدا،هەروەك چۆن ئاساییە (الله) بە "خودا،خودێ،خوداڤەند،خوا،خوداوەند" بانگبكرێت،ئاوهاش ئاساییە بە بە "ئاهورامەزدا" بانگبكرێت،چونكە لە كۆنداو لە دەمان(سەردەم)ی ئەشوو زەردەشتی پەیامبەر"س.خ"،خودای تاك و تەنها بە ئاهوورامەزدا ناسرابوو،وە هەر ئەو ناوە نیشانەی تاكی و بێهاوتایی (الله)ی مەزن ئافرێنەری جیهان بوو،بۆیە زۆر گونجاوە لە بری الله یان خودا،بووترێت(ئاهوورامەزدا)،

31–سپلیت=کەشگۆڕ،واتە دەتوانێت کەشو هەوای گەرم سارد بکات و بە پێچەوانەشەوە،چونکە سپلیت گەرمیش و ساردیشی هەیە،وە هەرکات بتەوێت کەش دەگۆڕێت،

32–قەمەر صناعی=هەیڤی چێکراو، ئەوەی کە دەیەژن مانگی دەستکرد زۆر تەواو نیە،چونکە "مانگ" بەرامبەر بە "شەهر"ی عەرەبیە و بۆ کات گونجاوترە بۆ نمونە (چەندی مانگە؟ مانگی چەند دێیت؟ مانگێکە تەڤن دکەم)،وەلێ "هەیڤ" رێك یەکسانە بە "قەمەر"و بۆ خودی هەسارەکە بەکار دەبرێت،بۆیە گونجاوترە بوترێت"هەیڤی چێکراو" لە بری "مانگی دەستکرد"،

33–حەفتە=هەفتە، یان دەتوانین "هەوتە،هەوتو" بەکار بێنین،بەلآم ووشەی حەوتو یان حەفتە پتر لە دەنگە عەرەوبییەکانەوە نێزیکە،ڕاستە ئێمە بە ژمارە"7 هەوت"دەلێین "حەوت"،بەلآم ڕاستەکەی هەوتە نەك حەوت،چونکە پیتی "ح" لە کوردیدا بوونی نیە،بەلآم بە هەبوونیشی زیان ناکەین بەلکو شێوەی دەربڕینەکانمان پتر دەبن،بۆ نمونە تورك کە دەنوسن "ئەلی" بانگی دەکە بە عەلی،دەنوسن"موهەمەد" بانگی دەکەن موحەمەد،وهتد....،بەلآم سوپاس بۆ خودێ ئێمە ئەڤ ئاریشەمان نیە،

34–قاتل=کوژەر،لەڕاستیدا هەم بکوژو هەمیش پیاوکوژ دوو زاراڤەی هەلەن،صونکە "بکوژ" واتە "ئوقتول" نەك "قاتل"،پاشان پیاوکوژیش تەنها پیاو دەگرێتەوەو هەلەیە،ئەگەر مرۆکوژ بێت تاڕادەیەك گونجاوە،بەلآم کوژەر تەواوەو گونجاوە بۆ کەسی مرۆڤکوژ،

35–خەتەر=بڤە،دیارە ووشەی "خەتەر" زۆر بەکار دەبرێت لە کاتێکدا ووشەی "بڤە"ی کوردیی شیرین بوونی هەیە،وە گونجاوە بۆ زاراوەی "خەتەرناك" زاراوەی "بڤەدار یان بڤەناك" بەکار ببرێت،

36–موبەریدە=فێنکار،ئەم زاراوە گونجاوە،چونکە کاری ئەم ئامێرە تەنها کاری فێنك کردنەوەیە،زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە ئەویش "فێنك،سارد،خۆشبا" و"کار"، دەکاتە "فێنککار" بەڵام بۆ جوانتر دەربڕینی زاراوەکە دەبێت پیتی چوارەم واتە"ك"ەکە،لا ببەین و زاراوەکە ببێتە"فێنکار"،

37–دیالێکت=شێوەگۆ،بۆ زاراوەی دیالێکت دەتوانین شێوەزاریش بەکار ببەین وەلێ"شێوەگۆ"گونجاوترە،چونکە هەندێ جار بە زمانیش دەی‌وترێت زار،بەڵام "گۆ"واتە قسەو گفت و بۆ دەربڕین بەکاردێت،

38–زمانی بادینی=شێوەگۆی بادینی،بە داخەوە ئێستا زۆر کەس بێئەوەی بی خۆیان بزانن زمان"زووان"ی شیرینی کوردییان کردوە بە چەند پارچەیەکەوە،بە هۆی دەربڕینی زاراڤەکانەوە،بۆ نمونە بە شێوەگۆکانی "بەهدینی،سۆرانی،گۆرانی،هۆرامی،زازایی،گەرمیانی وهتد.."،دەیەژن زمان وەك بڵێیت ئەمانەی هەموو زمانن و خاوەنەکانیشیان نەتەوەن،کە ئەمەش هەڵەیە،چونکە ئەوانە هەموو دێنەوە سەر زمانی ڕەسەنی کوردیی ،ولك"لق"ێکن لە زووانی فەرمیی کورد،

39–ئاپۆ=مامە،زاراڤەی "ئاپۆ" کە هەنوکە بۆ بیرمەندی زیندانیکراوی کورد عبدالله ئۆچ ئالان پتر بە کار دەبرێت،زاراوەیەکی شێوەگۆی "زەنگەنە"یە،و بۆ "مام ،مامە،سەروەر،ڕابەر" بەکاردێت،تا ئێستاش زەنگەنەکانی گەرمیان،بە مامەکان و هەندێ جار بە گەورەکان،دەیەژن"هاپۆ،ئاپۆ"،ئەمەش نیشانەی تۆکمەیی و مەزناتی زمانی کوردی دەردەخات،سەرۆکێکی "باکوری وڵات" زاراوەیەکی "گەرمیانیان"ە ،دەکرێتە بەرگی باڵای و ناسناوی هەمیشەیی،

40–فەلسەفە=زانخوازی،لە زۆربەمان ئاشکرایە کە زاراوەی فەلسەفە یۆنانیەو لە دوو وشە پێکهاتوە،ئەوانیش(فیلۆ+سۆفی)کە دەکاتە حەزکردن لە زانست،بەڵام

ئێمە بۆ زاراوەی"فەلسەفە" "زانخوازی" بە گونجاو دەزانین،ئەم زاراوەیە دوو وشەیە ئەوانیش"زان+خوازی"،زان بن و ڕەگی زانینە،هەروەك لە زاراوەکانی"زانکۆ،زانیار،زانست" بە دەردەکەوێت،هەروەها"خوازی" واتە ویستن و حەزکردن و خواستن،هەروەك زاراوەکانی"خۆشەویستی،دنیاویستی،شەڕخوازی،پاوەنخوازی"،کەواتە"فەلسەفە=زانخوازی واتە حەزو ئارەزو بۆ زانین و دانایی،وە بۆ "فەیلەسوف" زاراوەی "زانخواز" بە گونجاو دەزانین،،

41–هۆتێل=حەوانگە،ڕاستە ئێستا بە هۆتێل دەوترێت"میوانخانە" بەڵام زاراوەی میوانخانە زۆر گونجاو نیە،چونکە زۆر کەس میوانیش نیەو خەڵکی ئەو جێگەشەو دەچێتە هۆتێل و هتد..،بەڵام زاراوەی"حەوان+گە"زۆر گونجاوە،چونکە بە مانای جێگای حەوانەوە دێت بۆ هەر کەسێك کە دەچێتە ئەوێندەر،،

42–تەوبە=پەتەت،ووشەی "پەتەت" وشەیەکی ئاڤێستایی یەو ڕێك بەرامبەرە لەتەك وشەی "تەوبە"،و بۆ گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە بۆ لای خودای تاك،بەکار دێت،بەڵام وشەکانی "پەشیمانی،گەڕانەوە،پاشگەزبوونەوە"هەریەگەو بۆ شتی دیکە گونجاون،بۆ وێنە(لە مامەڵەکەم "پەشیمان" دەبمەوە) یان(لە شەودا "دەگەڕێنەوە"بۆ ئێرە) یان (لە بڕیارەکەم "پاشگەز" دەبمەوە)و هتد.......،هەر بۆیە وشەی "پەتەت" گەلێك جوان و پڕ ماناو گونجاوە بۆ وشەی "تەوبە"،،

email:islam_kurdistan@yahoo.com،،،،07507958507

تێبینی:ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەمجارە بڵاو ببێتەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامە،

پەراوێز(پترگۆیی)

1–لە سەرەتا تەنها بووم بەڵام دواتر(سەیوان حسێن،هێمن عەلی،وریا حەسەن،کەمال مەحموود،ئەمیر عەبدوڵڵا)زۆر هاوکارم بوون و هەموو خۆیان بە ئەندامی دەستەی پرۆژەکە زانیوەو بێوچان کاریان کردوە،،

## ئۆجەلان، ئازادەو لە ناو میللەتدایە نەك لە زیندان !..

((بۆ هەڵسەنگاندنی چەمکی ئازادیی لای رێبەر ئاپۆ،پێویستە پشت بە پەرتوکە ئیمرلیزادەکانی ئەو ببەستین و لەوێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاپۆی کوردان ئازادە نەك بەندکراو،ئەو زیندان و بەندکراوی بە جۆرێتر شیکردەوەو زیندانی وەرگێڕایە سەر ناوەندی چالاکی))

دەمێك لە 15-2-1999 باس و خواسی دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی دیاری کورد دەکراو دەوترا ئەو سەرکردە عەبدوللا ئۆجەلانەو دەستی تورکان کەوتوە،منیش چونکە بابەتەکەم لا ڕوون نەبوو وە نەمدەزانی دۆخەکە چییەو چی ڕوو دەدات، سەرم دەسوڕماو دەمکووت باشە ئەمە واتای چییە؟بۆ گیراوە؟عەبوللا ئۆجەلان کێیە؟پەکەکە چییە؟گەریلاو ئارگەکە(ARGK) چین؟تانسۆ چیلەرو بولەند ئەجەوید کێن؟کەمال ئەتا تورك کێیە؟..بە هەر حاڵ ئەو کات بۆ من دۆخی نا ڕوونی بابەتەکان و ئالۆزیی ڕووداوەکان بوو تا ئەو جێگەیەی کە بە تەواوی نەمدەزانی کە عەبدوللا ئۆجەلان بۆ گیراوەو لەسەر چی گیراوە؟،ئایا چما خەڵکی دەبێژن لە بێکەسیی کورد ئۆجەلانیش گیرا؟!،بەڕاستی بۆ من تێگەیشتن زۆر قورس بوو بە دەر لەوەی کە لە بابەتی نەتەوەییەوە هێشتا ساواو تازەلاو بووم،لە تەك ئەوەشدا تێگەیشتن لە وەها ڕووداوێك چاودێرە سیاسیە مەزنەکانی سەرسام کردبوو نەك بە تەنیا من و هاوشێوەکانم، کەمو کورت و ناوە ناوە دەمێك باسی ئەو ڕووداوە دەهێنرایە ناوەوە،یان لە تی ڤی و ڕاگەیاندنەکان بە دەست بەستراوی ئۆجەلانی نیشان دەدا،گوێم لە ڕستەکان دەبوو کە دەبێژرا (ئەی دەستم بشکێت بۆ بێکەسیی کورد،تورکەیل بێشەرەفن بێگومان ئۆجەلان لە دار دەدەن،باشە بۆ وای کرد ئەی بۆ نەهاتە قەندیل؟،ژنان ئاسایی گوێی شەیتان کەڕ بێت گوایە یەژن ئەمری سێدارەی بۆ دەرچووە،دەك دایکت کوێر بێت ڕۆڵە بۆ چوویتە باوەشی دوژمن،قابیلە لەو گشتە وڵاتە جێی نەکرایەوە،هتد..) ئەمانەو سەدان ڕستەی دیگەم لە ژن و پیاوەوە دەبیست و ئیتر ئێواران خەڵك بە گشتی چاوەدێر (چەمدێر)ی هەواڵ و ڕاپۆرت و بە دواداچوونەکانی تی ڤییەکانیان دەکرد بەو هیوایەی هەواڵێکی هومێدبەخش یان هەواڵێکی نوێ لە بارەی ئۆجەلانەوە بزانن،خولاسە ئەو دۆخە بە من و سەدانی وەکی من باس و شرۆڤە ناکرێت،چونکە هەڵوێستی خەڵکی کورد لە

کوردستانی گەورەدا لە گریانەوە بگرە تا خۆسووتان و شتی دیکە دەنوێنراو ئەمانەش هەر یەك بۆ خۆیان ڕاڤەو شرۆڤەی تایبەتیان هەس و گەرەکە، کەمێك ڕاستتر بێژم زۆرێك وردو وریا بیت،سەرەنجام دوای گەڕان و منەی فرە کاتبەر و پرسیارو وەرامی ئەملاو ئەولاو خوێندنەوەی ڕووداوەکان و شتی دیکە،بۆم دەرکەوت کە ئۆجەلان چۆن گیراوە؟،بۆ گیراوە؟،کێ و کێ گرتیان و مەبەستی سەرەکی لە هاوهەلوێستیی ئەو وڵاتێلە بۆ یەك چییە؟،ئەم پلانە گەورە بۆ دارژا؟کەوا ئۆجەلان کەسایەتییەکی خوازراوە بۆیە وای بۆ کرا،تا ئێرە دۆخی زیندانکردنی ئۆجەلان بوو،سەردەمی تێنەگەیشتنی مرۆڤی کورد بوو لە چەمکەکانی،ئۆجەلان،زیندان،بەرگری،ئازادی،کەلەپچە،نووسین،دیوار،شکەنجەی نەوسی (تەعزیب نەفسی)،دەمی جیانەکردنەوەی جەستەو ڕۆح و هەست بوو،سەردەمی وەك یەك دیتنی (ئەم) و (ئەو) و (ئەوان) بوو،بە کورتی ئەوەی زۆر ڕوون دەبیستراو دەوترا ئەوە بوو (ئۆجەلان زیندانی کراو ئیتر هەتا هەتایە بەر نادرێت و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردو تەڤگەریی ئازادیخوازی کورد نامێنێت،ئیتر ئەو ئجەلانە نەما کە وەك بیرمەندێك تەماشا بکرێت و نووسینەکانیشی ڕادەوەست و سەرەنجام لە خەم و خەفەتدا دەمرێت و خەباتی پەکەکەش دەتوێتەوە!)

شوکرو سوپاس بۆ خودا،ئۆجەلان زیندان و بەندیخانەی کردە ناوەندێکی باڵا بۆ شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی کوردان و لە جارانیش پتر کاریگەریی خۆی لەسەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد بە خۆڕاگریی و تێکۆشان، ئافراند..

**ئایا ڕێبەر ئاپۆ (ئۆجەلان) زیندانیکراوەو نائازادە؟!،**

((لە زیندانەوە ڕێبەرایەتی گەلێکی ئازاد دەکات بۆ ئازادتر بوون، کەواتە ڕیبەربە تەواوی مانا ئازادە))

کەسێك کە بە جەستە لە ناو زینداندایەو ڕاڤەو شرۆڤەی ژیان و مردن، ئازادی و بەرخودان و دیرۆك و شۆڕش و حکومەت و ئەنجومەنی گەل وهتد.. بکات،مرۆڤێك کە لە بری نووسینی بەرگرینامەی تایبەت بە خۆی و پەسن و سەناو پیاهەڵدانی خۆی،دیرۆکی گەلێك لە سەرەتاوە تا ئێستا بنووسێتەوەو زۆر بە وردی لێکدانەوەی بۆ بکات،کەسێك زیندان وەرگێڕێت بە نووسینگەی کوردایەتی،کەسێك کە دیوارەکانی زیندان فێری زووانی خۆی و فێری نووسین بکات،کەسێك کە دە ناو دڵی گەلەکەی و دە ناوماڵەیل زۆربەی گەلەکەیدا بێت،مرۆڤێك بۆ گرد(هەموو) ئاستەکان و بە یەکسانی بنووسێت،مرۆڤێك مەزنترین شۆڕشی نەتەوەیی،ژنانە،لاوان،کۆمەڵایەتی،سیاسی،ئابوریی،فەرهەنگی،لە دیرۆکی کوردو کوردستاندا بەرپا بکات و پێشی بخات،کەسێك کە لە دوورترین دەڤەری وەڵات یان دوورترین ناوچەی کوردنشینی دنیا،خۆراسان،ئامودا،شارەبان(شارەوان)،ئەسکەندەرونە،لاچین،کوردۆڤان،لوڕستان ،ئەریڤان،حەمرین، ئورومیە،هەندەران،بیرەکانی و پەرتوکەکانی و وتەکانی بخوێندرێن و گفتوگۆو دانیشتنی لەسەر بکرێت و فکرەکانی بەرنامەی فرە گەورای لەسەر بنیات بنرێت،پەرتوکەکانی وەك ژێدەری باوەڕپێکراو تواشا بکرێن،مرۆڤێك کە پتر لە ٪75 ی گەلەکەی بە سەرۆك و ڕێبەرو مامۆستاو ڕزگاریکاری بزانێت هەموو بێژن (بێ سەرۆك ژیان نابە!)،مرۆڤێك کە زۆر بە دڵسۆزیی و فرە بە وردبینییەوە لە ڕووداوەکانی کوردستان بڕوانێت،کەسێگ کە بە پێچەوانەی مرۆڤایەتیەوە زیندان بکاتە قوتابخانەو هەر لەوێوە وانەکانی بە گەلەکەی بێژێتەوە،مرۆڤێك کە واتاکانی خۆڕاگریی بە کار ببات و بە تەواوی مانا خۆڕاگر بێت و بۆ یەك چرکەش هەست بە نائازادی نەکات،کەسێك کە سەرەڕای ئەو هەموو شکەنجەو سزاو لێدانە باسی ئاشتی و پێکەوەژیان بکات،کەسێك بتوانێت کەسایەتی

ژن لە ناو گەلێکی نەگەییودا بکاتەوە کەسایەتییە ڕاستیەکەی ژن و ژنان بکاتە سیمۆڵی بەرخودان و ئازادی، ژن لە چوارچێوەی ماڵ دەربخات،مرۆڤێك گەلێکی نووستوی بێ ئاگا بە ئاگا بێنێتەوە لە ماف،دەوڵەت،ئازادی،بەرخودان،خۆپیشاندان،چالاکی،دەنگدان و هتد..سەردەمانێك هەموو باکوری کوردستان بگەڕابایت (یەك) خۆپیشاندان و دواواکاریی مافخوازانەت نەدەدی،گەل ئاگای لە قڕکردنی نەتەوەیی و فەرهەنگیی نەبوو،کەسێك ئەم گەلە وا لێبکات کە ئێستا تەنیا لە شاری ئامەد ڕێژەی خۆپیشاندەران و نەورۆزگێڕان دەگاتە یەك ملیۆن و چوار سەدو هەشتا هەزار کەس،ڕۆژانە بۆ ماف خۆپیشاندان دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتی تورك لە دەڤەرەیل کورد پاشەکشە دەکات و کورد دەبێتەوە خاوەنی وەڵات،بۆ هەر شتێك گەل داوای ماف دەکات و هۆشیارییەکی بێوێنە بەرهەم هاتوە،کەسێك بتوانێت زووانی کوردیی لە لێواری مەرگەوە بکاتەوە زووانی فەرمی گەلی کوردو وردە وردە بیکاتەوە زووانە بە هێزەکەی جاران،کەسێك پارتێك و دواجار چەندین پارت و ڕێکخراوی فرە ئەندام و دروست بکات،مرۆڤێك سیستەمی نوێی فەرمانڕەوایی و پێشنیاری گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی ژیانی مرۆڤ بکات،من دەپرسم ئایا بەڕاستی ئەم کەسە واتە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان –ئاپۆ) زیندانە یان ئازادە؟،ئایە ئەوەی بەم مرۆڤە تێکۆشەرە بە ناو زیندانە دەکرێت بە بە ناو ئازادەکان دەکرێت؟ئایا لە ڕاستیداو بە پێی بە ویژدانەوە سەیرکردنمان بۆ چەمکی زیندان و ئازادی،دەتوانین بێژین ئۆجەلان ئێستا زیندانەو بەندکراوە؟ئایا بە تێگەیشتنمان لە جیایی جەستەو ڕۆح، ناگەینە ئەو بڕیارەی کە بڵێین ئۆجەلان تەنیا جەستەی بەندکراوە نەك ڕۆح و هەستی؟،ئایا شتێکی نائەقڵانی نیە کە مرۆڤێکی بە ئیرادەیوەکی (ئاپۆ) وەك زیندانیە بێ ئیرادەکانی دی تەماشا بکرێت و وەك بەندکراوێکی ڕۆبۆتئاسا بناسرێت؟،بێگومان بە

پشتگوێخستنی ڕاستینەی زیندان و بە تێگەیشتن لە هەسوکەوتی ناو زیندانی ئۆجەلان بێ چەندو چوون دەگەینە(دەرەسینە) ئەو باوەڕەی کە ئۆجەلان نە زیندانەو نە بەندکراوە،بەڵکو ئەو مرۆڤە تەواو ئازادەو لە ناو هەناوی گەلەکەیدا دەژی و هەر کات لە تەك ئازاری میللەتدا ئازار دەچێژێت،ئۆجەلان خاوەنی مەزنترین شۆڕشی کوردە لە مێژووی کۆن و نوێدا و خاوەنی شەرەفی شۆڕشی ژن،مەدەنیەت،زیندان،خۆڕاگرییە..

## هەڵبژاردنی 2011ی تورکیەو کوردانی باکور،کورتە باسێك..

لە بەرەبەیانی 12ی6 هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی خولی 24 لە تورکیەو باکوری کوردستان دەستی پێکرد،50 ملیۆن و 189 هەزارو 930 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو،لە سەرتاسەری تورکیەو باکوری کوردستاندا 297199 ستدوقی دەنگدان

دانران،7492 پاڵێوراوی پارتی وە 203 پاڵێوراوی سەربەخۆ هەبوون،هەڵبژاردنەکە لەسەر 550 کورسیی پەرلەمانی تورکیەیە،کوردان 64 پاڵێوراویان بۆ 41 شارو شارۆچکە دیاری کردوە،.

بەشدار و پارت و بەرە سەرەکییەکان،

کوردانی باکور یەکێتییەکیان چێ کردو ناویان نا (بەرەی ڕەنج،ئازادی و دیموکراسی(بلۆك) کە هەریەك لە (پارتی ئاشتی و دیموکراتی–پارتی بەشداربوونی دیموکراتی–پارتی ماف و ئازادییەکان)و هەندێك کەسایەتی ڕووناکبیری ئیسلامی،نەتەوەیی،چەپی لە خۆ گرت،هەروەها (ئاك پارتی) و (مەهەپە)و (جەهەپە)،.هتد.. بەشداری هەڵبژاردنەکە دەبن،.

ڕێژەی کورسییەکان،

بەرەی ڕەنج،ئازادی و دیموکراسی 36 کاندیدای نادرە پارلەمان،ئاك پارتی 325 کەسیی ناردە پەرلەمان،جەهەپە 135 کورسیی بە دەستهێنا،مەهەپە 53 کورسیی مسۆگەر کرد،

جێی سەرنجە کوردان لە هەڵبژاردنی 2007دا 21 کورییی و کورسییەکی سەربەخۆی هەبوو،ئەم سەرکەوتنەی ئەم جارە پێوەندی بە یەکێتییەکەو وشیاریی کۆمەڵگای باکوری کوردستانەوە هەیە،دەنگی ئا پارتی دابەزی و کورسییەکانی پێشوو تری 334 کورسیی بوون،مەهەپەش دابەزی و پێشووتر 72 کورسیی هەبوون،جوهوپە بەرزبوەوە پێشووتر 101 کورسیی هەبوو،.

تەزویر کراو کاریگەریی ترسناکی هەبوو،

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەکرێگیراوانی ئاك پارتی و جەهەپەو مەهەپە ڕێگەیان گرت لە دەنگدانی نهێنیی کوردان،هەڕەشە لە دەنگدەرانی کورد کراوەو بە پێی هەندێك ژێدەر لە پتر لە 4500 سندوق ناڕوونی هەبووە،هەڕەشەی گرتن و

کوشتن و دانانی کامێرا لە دەنگدەرانی کورد کراوە،ئەمانەو سەدان زەخت و زۆری دیکە کە لە ناوچەکانی باکوری کوردستان لەسەر کوردان پەیڕەو کران،ئەمە جگە لەوەی پێش هەڵبژاردن هەرسێ پارتی ناوبراو سەدان درۆو بوختانیان بۆ کاندیدە کوردەکان و پەدەپەو کەجەدەو پارتەکانی ناو بلۆکە کوردییەکە کردو وەك ترسناك و خەتەر ناویان بردن،ئەمانە وای کرد کە کوردان لە زۆر شار دوای تورکان بکەون،جگە لە ئەو هەموو جاش و جەردەوان و خۆفرۆش و بەکرێگیراوەی کە نەتەوەو وەڵاتی خۆیان هەڕاج کردوە، بە دڵنیایەوە ئەگەر ئەو هەموو تەزویرە نەبایەو وشیاری تەواوی کوردان لە ئارادا بایە کوردان نزیك لە 90 کورسییان بەدەستدەهێناو کاریگەیی زۆری لەسەر پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیك و زمان و پەروەردەو کولتوری کوردان دەبوو،.

دێرسیم کۆکوژییەکەی لە بیرچوو؟،

مەخابن ئەم جارەش دێرسیمیان ڕێگەیان بە تورکاندا کە لە ناخیدا سەرکەوتوو بن،ئیتر ئەوە بێ ئیرادەیی گەلە یان ستەم و زوڵمی دەسەڵاتی تورکە یان تەزویرو هەر شتێکی ترە،گرنگ نیە،ئەوەی جێگەی باسە شاری دیرسیم لە ساڵی 1937و دوای کۆتایی هێنان بە شۆڕشی مەزنی سەید ڕەزای دێرسیم،لە لایەن تورکە کەمالییەکانەوە کۆکوژکران و هەزاران کەس شەهید کران،پێشینانی کورد زۆر لە مێژە گوتویانە (ماران گەز ناگەزرێتەوە!) واتە کەسێك جارێك مار پێوەی دابێت جارێکی دیکە مار پێوەی ناداتەوە،چونکە ئیتر خۆی دەپارێزێت و هەمیشە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکات،بەڵام مەخابن ئەوا جارێکی دیکە دێرسیم مارەکەی تورك گەستیەوەو لە هۆشی خست،هەرچەندە تەواو بێ هیوا نین وەلێ زۆریش بە هیوا نین!،.

ئامەدی قەڵای کوردان تەسلیم نەبوو،

ئامەد (دیاربەکر) شاری دیرۆکیی و مەزنی کوردان کە بە قەڵای کوردان و پێتەختی کوردستان ناوی هەیە،بووە جێگەی ململانێی پارتە کوردو تورکەکان و ئەکەپەییەکان دەیانووت دیاربەکر لەتەك ئێمەیە،هەرگیز پشت لە ئێمە ناکات،بەڵام وەك دیتمان ئامەد وەك قەڵای کوردان مایەوەو کوردان لەو شارە گرنگەدا یەکەم بوون و زۆرترینی دەنگەکانیان برد،ئامەد وەك لە پێشوودا خۆی ڕادەستی تورك و هیچ دوژمنێك نەکردوە ئەم جارەیش دیسان سەرکەوتنی باشی بۆ ڕۆڵەکانی تۆمار کرد،هەروەها بە ئەردۆگان و کلیچدارئۆغلۆو دەوڵەت باخچەلیی وت (من ئامەدم موڵکی کوردانم)

سەرکەوتنێکی باش!،

ئێمە بۆ پێوانەی سەرکەوتن و شکست دوو جۆر پێوانەمان هەس،

یەکەم (باش،باشتر،باشترین)،دووەم (خراو،خراوتر،خراوترین)،لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی تورکیادا هەرچەندە لە ئاست تەماح و خواستی گەلەکەمان نەبوو،هەرچەندە زۆرێك لە دەنگەکانی کورد بە فیڕۆ چوونە گیرفانی تورکەوە،بەڵام هێشتا دەتوانین بڵێین لە چاو جاراندا بۆ گەلی کورد (سەرکەوتنێکی باش) بوو،وە هەنگاوێکی فرە گرنگیی بەرەو پێشەوە نا،کوردان دیسان وەك لە هەڵبژاردنی 2007دا نەگەڕانە دواوەو بەڵکو پێشکەوتن، ئەم جاریش نەگەڕانەوە ساڵی 2007و بەرەو پێشەوە چوون،لێرەدا دەتوانین بڵێین سەرکەوتنێکی باش بوو،وەلێ ئێمەی کورد دەخوازین نەك باش و باشتر بەڵکو باشترین بین،دەخوازین سەرجەم دەنگی کورد بۆ ڕەنگی کورد بێت،هەر چەند زۆر کەس ئەم سەرکەوتنە بە کەم لە چاو زۆری کوردان تەماشا دەکەن،بەڵام بە ڕەچاوکردنی دۆخی باکوری کوردستان و ئەو هەموو کێشەو ئاریشەیە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە!

باشوریش بێ دەنگ نەبوو،

ئەوەی زۆر مایەی خۆشحاڵیی بوو لەم هەڵبژاردنەدا میدیاو ڕاگەیاندنی کوردان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەت زۆر بە بەباشیی ڕووماڵی پرۆسەکەو دۆخی باکوری کوردستانیان کرد،ڕاستەوخۆوز ناڕاستەوخۆ باسیان لە پرۆسەکەو گرنگیی پرۆسەکە بۆ کورد کرد،زۆر وردی باسی سەرکەوتنەکەی کوردو شێوازی هەڵبژارنەکەیان کرد،ئەمەش هەنگاوێکی فرە باشە بۆ هاتنە ئارای یەکێتی نەتەوەیی کوردو یەکهەڵوێستی ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردستان،وەك دیتمان بەرهەمی یەکێتی نەتەوەیی لە باکور سەرکەوتنی باش بوو،بەڵام دەبێت بیرمان نەچێت بەرهەمی یەکێتی نەتەوەیی گشتیی کوردان باشترین سەرکەوتنە!،.

## (دۆنگیی)یەکانی کوردستان کەی ڕادەپەڕن؟!..

زنجیرە درامای کۆریی (دۆنگیی) کە لە سەر شاشەی کوردسات تی ڤی،پێشکەش دەکرێت و نزیکەی 88 ئەڵقەیە،لای زۆربەمان ئاشنایەو واتایەکی فرە جوانی هەیە،بە کورتی ئەم درامایە باسی نزیکەی 160 ساڵ پێش ئێستای کۆریای باشور دەکات،زۆر بە ڕوونیی باسی ئەو سەردەمە دەکات،جیاوازیی چینایەتی بەشێکی هەرە گرنگی ئەم دراما یان ئەم چیرۆکەیە،دۆنگیی ئەو کچەیە کە لە پلەنزمەکانەو

زۆر وریاو لێهاتوە،زۆربەی هەرە زۆری پلەبەرزەکان یان خانەدانەکان دژایەتیی دەکەن و نایەڵن تواناکانی پێش بخات بۆ ئەوەی دەسەڵات و پلەکان تەنیا موڵکی خۆیان بێت،بەڵام خاتوو دۆنگیی گوێ بەوان نادات و هەمیشە ڕووەو سەرکەوتن دەڕوات و لەم پێناوەدا لە لایەن خاوەن پلەکانەوە توشی چەندین جۆر گیروگرفت دەبێت،هەر چەندە پلەدارەکان زۆر تەمەڵ و تەوەزەلن و کارەکانیان بە باشیی ڕایی ناکەن،بەڵام هێشتا لە پێش دۆنگییوەن،ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا دۆنگی دەگاتە ئاواتەکانی و کۆتایی بەو دۆخە ناخۆشە دەهێنێت، بە هەرحاڵ ئەم باسە زۆر دەبات بەڵام ئێمە پەیوەندی دەکەین بە دۆخی ئێستای باشوری کوردستانەوە،لەم وەڵاتەدا هەزاران دۆنگیی (کچ و کوڕ) ی بەهرەمەندو دڵسۆز و دەستپاك و بە تواناو کارکەر بوونی هەیە،بەڵام لەبەر ئەوەی هەژاران و بە جۆرێتر لە پلەنزمەکانن،لە بەر ئەوەی کچ و کوڕی بەرپرس و خاوەن کۆمپانیاو سەرمایەدار نین،پەراوێز خراون و لە کار دورکراون،گوێیان پێنادرێت،تا دەمرن بە ئاواتی گەشتن بە ئاواتەکانیانەوە سەر دەنێنەوە،تەنانەت هەندێ جار تاوانبار دەکرێن لە جیاتی پاداشت لە بەرامبەر کاری باش و دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی و نیشتمانپەروەرییاندا، بەڵام سەدان کەسی دیکەی هیچ لەبارانەبووی تەمەڵ و گەندەڵ و خەواڵوی خاوەن پارەو خاوەن پشت و خاوەن واستەو خاوەن بەرپرس،لە پلەی باڵادان و کاری زۆر شیاویان دراوەتێ و لەتەك ئەوەشدا زۆر خۆش ڕادەبوێرن و هەرچی پێیانخۆش بێت و بیانەوێت بۆیان فەراهەم دەبێت،تا سەر ئێسقان کارەکانیان بە گەندەڵیی ڕایی دەکەن،وڵات و نیشتمان دەفرۆشن و بازرگانیی بە ڕۆڵەکانی وەڵاتەوە دەکەن،گاڵتەیان بە کوردایەتی و نەتەوەیی و گەلپەروەریی دێت و تەنانەت کاریش لە دژی دەکەن،هەموو بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان و فەرهەنگی میللی لە بەرمبەر پارەدا لایان سفرەو زۆریش بێ نرخە،

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە پاشایەکی دادپەروەرو زیرەك و وریا بێتە مەیدان و دۆنگییەکیش لە کێشەکان ڕاپەڕێت و لە بن و تەمەڵیان بێنێت و ئیتر کەسانی بەهرەمەندو بە تواناو دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەگەرچی هەژارو لادێی و ڕەش ڕووتیش بن جێی کەسانی وڵاتفرۆش و دەستپیس و گەندەڵ و کەمتەرخەم بگرنەوە ئەگەرچی نەوەی دەوڵەمەندو بەپرس و سەرمایەداریش بن،بەم جۆرە کوردستان دەبێتە وڵاتی ئاسودەیی و پێکەوەژیان و زانستخوازو ڕۆشنبیران،وڵات دەبێتە وڵاتێکی کامڵی پێشکەوتووی مەدەنی کە تەواوی تاکەکان هەست بە یەکسانی و ئازادی دەکەن،هەرچەندە لە باشوری کوردستان حکومەت کار دەکات بۆ پێشڤەچوون بەڵام وەکو پێویست نیەو شۆڕشێکی شارستانیانەی بێتوندوتیژیی دۆنگییانەی دەوێت.

بژی چەمکی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو،نا بۆ خزمخزمێنەو واستەکاریی و جیاوازیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا..بژی شۆڕشی یەکسانیی و پێشخستنی وەڵات..

ماوەتەوە بێژم پێویستەو زۆریش پێویستە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە وردیی چاو لەو دراما بکەن کە هەزاران حیکمەتی ئیداری و حوکمڕانیی و یەکسانی و پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی تێدایە،سەدان حیکمەتی نەمانی جیاوازیی نێوان ژن و پیاو خانەدان و هەژارو هتد..تێدایە،دە سەیرکەن و کەمێك سودی لێوەرگرن با وڵاتەکەمان بکەینە چقڵی چاوی دوژمنان و گوڵی بەردەمی نەوەکانمان..چاکسازیی بکەن و یەکسانیی پێشبخەن.،

## ئیفتخارە کو کوردم!،

(بۆ شەهیدانی ولاتی کوردان!)

من کوردم دەمکوژن دەمدەن لە سێدارە،

تاوانم چیە بۆ ئاوهام لێدەکەن؟!،

پێم بێژن بۆچی لۆ دەریای ڕقم دەبەن؟،

(ئیتر بەسە!) تو خودا گەلێکم بێ چارە!،

ئاخر نەوەکانم کام خاکیان گرتوە؟،

دەستی پیس و خەدریان بۆ کام ئۆل درێژ کردوە؟،
سەرەڕای ئەمانە میللەتێکم ئاوارە،
حەرامە لە ئاخی خۆما وەك مرۆ بژیم،
یەك گەلم پێبلێن کو من بێهۆ دژیم؟،
ئیتر بۆ دەمسڕنەوە تاکەی ئەڤ بڕیارە؟،
کام گەلەی بێکەسە بگەڕێ لە جیهان!،
کام خاکەی بێ کاکە بیتێرە پالْمان!،
لە چاڤی ئێمەی کورددا تا بلێی بەختیارە،
خودایە خۆ تۆ خۆت سەردادپەروەرانی،
کوشتن بۆ ؟بڕین بۆ؟هەتاکەی زیندانی؟!،
چەوساندنەوەو داگیرکاری تاکەی خودا هاوارە؟!،
شەهیدان سەربەرزن خوێنی گیانی منن،
دڕکی دەست و چاوی سەربازی دوژمنن!،
هەر ئەوان بەیداخی داهاتوی کوردن چش لەو ئازارە،
نوسەری ئەم شیعرە بۆیە پەرێشانە،
بیستویە هەوالّی ئەو دە قارەمانە،
لە ڕاستیدا خەمبارە وەلێ ناوی بەختیارە،
ئەی ئینسانەکان تاوان نەکردم،
بشمسوتێنن هەر یەشم کوردم!،
گەلێکم موزاحم و کوشتەی سەد بارە،
بێ هێڤی نیەم لەم ڕێ کۆشاوم،
بێ ئارمانج نیەن بڕەی هەنگاوم،

خواستیان بمکوژن ئێستاش نەمردم!،
چەك و قەڵەمم خەباتی زارە،
ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان ئێوە لە ناخماندا ماون،
هەستی مێشك و خوێنی دڵ و تێشكی چاون!،
تا قام قیام تەرك نێكەم ئەم ڕۆژەڤ و مژارە،

## ژنێك سەد پیاوە.......!،

دیرۆك ئەوەی سەلماندوە ژنێك لە هەمبەر سەد پیاوە،
ئەم ڕاستیە بەڵگەدارە، هەرچەندە ڕاستی ڕوون تاڵە..،
ژن خاوەنی شەرەفی شایەتی دادو تەواوە،
ئەی ئافرەتی وەك ڕەحمەتی بارانی زەوی بێ ئاو،
ئەی ڕێكخەری سەراسەری چەوتیەكانی چینی پیاو...،
ئەی ژنانی ڕۆی ژیان و خوێنی مێژووی كۆنەساڵ..،

نرخدارن تێکۆشەرن وریاو بە ئاکان.،

خودا لە بەر چالاکییتان بۆی داناون پۆستی شیاو،

ئەی کچەکەی جوانپرچەکەی سەرگۆنا ئاڵ..،

ئەی شازەکەی بە نازەکەی ڕووناکیی ماڵ،،

ئەی پێشەنگی زۆر بەڕەنگی بە بێ دەنگی ناخی مێژوو.،

ئەی دۆزەکەی پڕ سۆزەکەی لەش ناسکی تێر خەت و خاڵ..،

سالارەکەی دڵدارەکەی فەرمانداریی کۆن و پێشوو.،

ئەی کیژەکەی بیرتیژەکەی خاسترین شای بێ زوڵم و زاڵ..،

ئەی خودانی میهرەبانی زۆر نیانی بەخێوکەری کۆرپەی ساوا،

ئەی نێچیری دڵ زویری لە ژێرتیری خواست و داوا،

ئەی چەوساوی دەشتی ڕاوی بە بێ ناوی نادیار،

ئەی جوانترین ناسکترین دروستکراوی کردگار.،

ئەی لاوێنەری خاك و داهێنەری ناڵە ناڵ..،

ئەی کوژراوی ئەم و ئەوو ئەوان و یارو ئەغیار،

ئەی سینەکەی بێ کینەکەی دڑقینەکەی سروشتی جوان،

ئەی دایکۆڵەی وەك مەمکۆڵەی شیردەری هەست و ویژدان،

ئەی پرپۆڵەی دەم بەرخۆڵەی هەژاری برسیی ڕەجاڵ..،

ئەی خۆشەویستی پەیامبەر،ئازادیخواز،دادپەروەر.،

ئەی هاڤدەمی دڵ پڕ خەمی چاکی و پاکی و پێشەنگی ئاشتیی حەڵاڵ،

ئەی کیژەکەی بێقیژەکەی زیندانی ناڕەوای ژین!،

ئەی گوڵەکەی بێ سڵەکەی نێو جەنگەڵی پڕ دڕك و داڵ..،

ئەی کناچەی دەستەپاچەی ناڤ خەیاڵی پەڕپوتی نێر.،

ئەی شێرەکەی دڵ تێرەکەی لە هیوای شیرین وتاڵ..،

ئەی نیشانەی وەکو شانەی خودانی سۆز.،

دڵ خاوێنی پاکداوێنی گەل لاوێنی دوور لە پیاو !..،

## دەسەڵاتی بنەماڵە،

دەسەڵاتی بنەماڵە ژاڵ و تاڵە،

سات لە دوای سات هارەبێ،

بۆم سەردەمە پێنەگەیوە هێمان کاڵە،

قەت ناگۆڕێ ئەم جاریش وەك ئەو جارە بێ،

کەس نەیدیوە بەخشا بێت دەسەڵاتی پشتاو پشت،

سوخۆریی و مامەڵەی نەشیاو قەت نابێتە مشت و خشت،

دەسەڵاتی بنەماڵە ژاڵ و تاڵە،

هەمەخۆرە میللەت کوژە،

ئەوەی بۆ گەل حەرامە بۆ ئەو حەڵاڵە،

تا بتوانێت گەندەڵ دەبێت بۆ سەری میللەت مارەبێ،

دەسەڵاتی بنەماڵە پاوانخوازە هەمەویستە ستەمگەرو زۆرو زاڵە،

دەمێ دژی مامۆستاو خوێندکارو گەنج و ڕەجاڵە،

دەمێك دژی دکتۆرو مەلاو کرێکارە بێ،

وەك هەمیشە دژی گشتە حوکمێکی فرە بەدفەساڵە،

هەرگیز بڕوای بە خەڵك نیە بێ قەواڵە،

ئەو تا دەڕوات بەرەو سەرەو چینی خواریش تا بێ بەرەو خوارەبێ،

هەموو سەروەت و سامانی وڵات بە هی خۆی دەزانێ،

لەوەش پیستر دوای خۆی حاکم کوڕو نەوەی مێشك بەتاڵە،

هەرچەندە گەل بگریو بمرێ ئەو دە هێندە بەختیارەبێ،

بە باسی دین و یاساو مافی مرۆڤ،

هەر مەپرسن کە چۆن هارو تارەبێ،

بڕوا بکەن سوڵتەیەکی تا بڵێی بێ ئەقڵ و جەواڵە،

## ئامان کوردگەل!.

دەخیل کوردگەل یەکێتیی خۆ بنیات بنێن، بپارێزن.

ڕەنگی بکەن،پێشی بخەن،خۆ مەکەنە کۆیلەی دوژمن.

بۆ جەنگی ناهەقی ناوخۆ کورت و کەم بن.

بۆ بەرگری لە نیشتمان لە گەلتان فرەو جەم بن!.

ئامان کوردگەل... کوردگە دەخیل.

بە کەرت کەرتی،بە نابوتی.

دوژمن لێتان سودمەند دەبن!.

یەك بن،چەك بن،مەبن وە دیل.

کوردگەل ئامان.

ڕێ بە دوژمنان مەدەن و خۆشتان پێشی مەخەن زیل!.

دەخیل کوردگەل.

بە خێرایی،بە وریایی.

بە پەلە پەل.

ئاڵای خاس و کۆدەنگیی یەکێتییتان وە ئازایی.

ببەن لۆ سەر چیاو پەی کەل.

دەخیل کوردان،دەنگ و ڕەنگ و جەنگتان یەك بێ.

بیری ئازادی و ئیرادە لاتان خاسترین چەك و بەهێزترین کوتەك بێ.

کوردان ئامان.

لەهەر کوێ بن لە هەر جێ بن.

بوون و دوونتان بەندە بە هێزی یەکێتی.

باکور،باشور،ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

یەك پرس یەك کێشە یەك داوا.

دەی کەوایە بۆ ئەم هەموو یەکە هاوڕاو یەك بن.

دەست لە هێوەو هێز لە خودا.

دەخیل کوردگەل ئەم هەلەمان لە دەست نەڕوا.

بۆ یەك و یەك دەبا یەك بین!.

## گشتمان کوردین!..

**(خاوەن هەر هویرو زووان و ڕەنگ و پلەیەك بین،لە داوییدا کوردین)**

ساحێو هەر شێوەزارێکین.

لق وپۆی هەر دارێکین.

خەڵك لادێ یا هەر شارێکین.

دەوڵەمەن،هەژار،سیاو سپی.

یان خاوەن هەر بارێکین.

دواجار ئێمە گشتمان کوردین..

خەڵك قامیشلۆی یا کرماشان.

خەڵك کەرکوکی یان ورمێ و وان.

خەڵك لاچینی یان حەمرین،یاخود ئەریڤان.

لوڕزووانی یا فەیلیی یانە گۆران.

زازای،کرمانجی،هۆرامییت.

لەکی،زەنگەنەی،یا زەند یا سۆران.

جافی،خۆشناوی،یانە شەمزینان.

زیلانی،شێخی،یاخۆ موکریان.

ژەنی،پیاگی،کەنیشك یا کوڕان.

خەڵك هەرکام جای لەی کوردستانە.

ئەهل گەرمیانی یاخود کوێستان.

ئیتر هەر شتی و هەر زووانێکت هەس.

گەل و میللەتی خۆت مەدە وە کەس.

پەی گەلەکەی خۆت بووە وە قوربان.

قوربان ڕێگای خاك (ماد)ەکان.

دواجار ئێمە گردمان کوردین..

عەیبە نەنگیە بەسە جیایی.

لە هەر کوێیەك وین لە شار،ئاوایی.

با پێکەو بژین وە کوردەواری.

ئاڵشت نەکەین ژین بەخیاری.

با دەولەتەیل سەردەست زالم.

قەت پێمان نەکەن و هەلپەڕکێ و شایی.

بەسە دوولایی،بەسە دوولایی.

بەسە دولایی هیچ و خۆڕایی.

دواجار ئێمە هەموو کوردین..

بەسە قەشمەریی بە زمان یەکتر.

بەسە تێکدان مێژووی وەرتر.

بەسە من من و تۆ تۆیی خۆخۆر.

بەسە گاڵتەو گەپ،دواکەوتن لە ژین.

با گشت بۆ وەڵات بوینە تیشکی خۆر.

کوردستانمان،نیشتمانمان،خاس ئاوەدان کەین.

بە بێ جودایی دەس وە خەبات کەین لە کەم و جە زۆر.

ئاشتی و ئازادی و یەکسانیی تەواو.

با لە وڵاتا بکەین وە پەرژین.

با دەس لە نام دەس هێزیچ لە خودا.

گشت حازروین بۆ شۆڕش ڤەژین!.

دواجار مە هەمیی کوردین..